خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا        لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب

د. لوقمان ڕەئوف        ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر        بابان ئەنوەر

# داعشیزم

# خەلافەت و تیرۆر

ئەسعەد جەباری

2017

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (211)

ناوی کتێب: داعشیزم  خەلافەت و تیرۆر

بابەت: سیاسی

نووسەر: ئەسعەد جەباری

تایپ و هەڵەچن: زریان رەحیم- کەیوان عمر- نیاز کمال

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئاکام شەمسەدینی

چاپخانە: حەمدی

ساڵی چاپ: 2017

چاپ: یەکەم

تیراژ: 500 دانە

نرخ:  3000 دینار

لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار - نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1619)ی ساڵی 2017ی پێدراوە

# داعشیزم

# خەلافەت و تیرۆر

ئەسعەد جەباری

2017

## پێڕست


پێشەکی ........................................................................ 7
داعش بناسە، ژمارە و داتا ................................................ 11
کوردستان و نەخشەی سیاسی داعش ! ............................... 27
سایکس بیکۆ سنوورەکەی بەلم دروستکرا ......................... 31
سەرکردە تیرۆریستییەکانی داعش ..................................... 37
بۆکەرکوک دەکرێتە ئامانج .. !؟............................................ 51
داعش 50 ئایەتی قورئان بۆپاساوەکانی دەهێنێتەوە ........ 57
شەڕە گەورەکەی نەوت؟.................................................... 63
نهێنیی سەرهەڵدانی داعش و 10 ئەنجامی ........................ 69
کێ کەرکوک بباتەوە ئەوە حوکمی عیراق و ...................... 81
منداڵ وەک جەللاد! ............................................................. 89
کەرکوک، بەرمیلێ باروتبوو!! .............................................. 93
سونەکان داوای 46% خاکی عێراق دەکەن .................... 99
بۆچی تورکیا بایدایەوە؟..................................................... 105
عێراق، قەیرانی بێ متمانەیی ............................................ 111
بزووتنەوەکانی «تیرۆر» لەحەفتاکانەوە بۆ ئەمڕۆ ........ 115
ڕەنگدانەوەی نووسەرێکی تورک لەمەڕ کوردستان ...... 125
حەوت مەرجی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا .................. 151

# پێشەکی

لە ڕۆژگارێکی وەکو ئێستادا گەر بمانەوێ هەڵوێستێکی مێژوویی یان سیاسی یاخود نیشتمانی تۆماربکەین لەڕێگای نووسین و بابەتێکی دیاریکراوەوە بێگومان ئەبێت پەنابەرین بۆ دەزگایەکی میدیایی یان بڵاوکراوەیەکی چاپەمەنی دیجیتاڵی تاکو بۆمان بڵاوبکەنەوە، ئەو نووسین و بابەتەش لەچوارچێوەی ئەرشیفی ئەو ناوەندو دەزگا میدیایەوە دەمێنێ تا ئەو دەمەی کە ناوی دەزگاکە بەزیندوویی بمێنێتەوە!، خۆئەگەر دەستی رەشی هاککەران و تێکدەرانی میدیای دیجیتاڵی بگاتە ئەو ناوەندە میدیاییە ئەوا هەموو نووسین و ئەرشیفی ئەو ناوەندەش دەکەونە بەردەم سڕینەوەو لەپاڵ نووسین و بابەتە بڵاوکراوەکانیتریش ئەو نووسینەی تۆ دەمرێت!.

لەو ڕوانگەیەوە بەندە لەدوای نزیکەی دوو ساڵ لە پاش سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەعیراقدا، چەندین بابەت و تێڕوانینم بڵاوکردەوەتەوە چ وەکو نووسینی خۆم یان وەرگێڕان یاخوود خوێندنەوە بۆ ئەو بابەتانەی کە نووسرابوون لەبارەی ئەو ڕێکخراوە شەڕەنگێزو تیرۆریستە کە دووژمنی مرۆڤایەتی و بەربەستی سەرخستنی پێشکەوتنە بەهەموو شێوەیەک، ئەوە جگە لەوەی کە پەلاماردانی کوردستان یەکێک بوو لەهەنگاوە ستراتیژیەکانی ئەم ڕێکخراوە شەڕەنگێزەو دەرگایەکیش بوو لەبەردەم کورد کرایەوە کە دووژمنی خۆی بناسێت، ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەسەروبەندی دوو ساڵی رابردووی ڕووبەڕووبوونەوەدا بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە بەرامبەر بەدەسکەوتەکانی کوردستان وەستاوەتەوە، بەجۆرێک چەقی شەڕی ئەم ڕێکخراوە لەباشوورو ڕۆژئاواو تا باکووری کوردستان بەئاشکرا دەبینرێت، داعش و هاوپەیمانەکانیان لەپاشماوەکانی بەعس و ڕێکخراوی قاعیدە بەسن بۆ ئەوەی

که بناسرێن که چەند دڵڕەقانە وەستاونەتەوە لەپێناوی لەباربردنی ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان و ئەستێرەی بەختی کوردان بکوژێننەوە.

ئەم چەند بابەت و نووسینە گوزارشتێکن لەلایەن نووسەرەوە خراونەتەڕوو لەئاست پێشهات و گۆڕانکاری و رووداوەکان کە قورسایی دەخاتە سەر بەرەنگاربوونەوەی تێکۆشەرانەی کورد کە چۆن لەم هەلومەرجە ناسک و دژووارەی ناوچەکە کورد بووەتە ژمارەو ئەمڕۆ شانبەشانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دەجەنگێ دژ بە تیرۆریزمی جیهانی و سەلەفیەتی توندڕەوی و بەخوێنی خۆی سەرلەنوێ مێژوو دەنووسێتەوە، لەهەمانکاتدا نەخشە دروستکراوەکەی رێککەوتنی (سایکس-بیکۆ) کە بەلم دروستکرابوو دەسڕێتەوە، هەڵوێستی رۆشنی کوردستان هەڵوێستگەلێکە لەئاست جیهانیش رێزلێگیراوە ئەگەرچی بێکەمووکوڕی نییە!.

ئەم نامیلکەیە پێشکەشە بە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان لە قارەمانانی

هێزی پێشمەرگە و گەریلا خەباتگێڕەکان، سەروەرییەکانی ئەوانە ئێمە بۆ مێژوو تۆماری دەکەین، تاکو سبەینێیەکی دوور و نزیک نەوەکانی کورد بەرێزەوە باس لە هەلومەرجی خەباتی نەپساوەی نەتەوەکەمان بکەن لەم قۆناغە پڕ هەستیار و ناسکەدا، لێرەوە ناونیشانی بابەت و ناوەڕۆکی نووسینەکان خۆیان خوێنەر دەهێننە جووڵە لە ئاست نەخشەی شەڕەنگێزی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و قوربانییەکانی کورد کە لەم ساتەوەختە مێژووییەدا و ناتوانێت فەرامۆشی هیچ هەنگاوێکی بکات، بە تایبەتی فیداکاری ڕوحی پێشمەرگە و گیانی شەهیدانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی داعش و هاوشێوەکانی.

**ئەسعەد جەباری حەمە ساڵح**

1/4/2016

# داعش بناسە، ژمارەو داتا

دوابەدوای کاروکردەوە تیرۆریستیەکانی گرووپی تیرۆریستی داعش لە سوریاو دەستبەسەرداگرتنی چەند شارێکی گەورە لەو وڵاتە، مانگی حوزەیرانی ساڵی 2014ی ڕابردوو لە پەلامارێکی ناکاو ڕوویانکردە شاری موسڵ لەناو خاکی عیراق و بێ ڕووبەڕووبونەوەیەکی ئەوتۆ، لەماوەی یەک هەفتەدا توانیان پارێزگاکانی موسڵ و سەلاحەدین و بەشێک لەئەنبارو دیالا کۆنترۆڵ بکەن، ناوەندو دەزگا هەواڵگریەکانی جیهان دواتر کەوتنە کۆکردنەوەی زانیاری ورد لەبارەی داتاو ژمارەو ناسینی کەسەکانی ناو ئەو گروپە تیرۆریستیە توندڕەوە سەلەفییە.

لەماوی رابـردوودا گرووپی توندڕەوی تیرۆریستی داعش فۆکسی جموجۆڵ و چالاکییەکانی لەنێو خـاکی کوردستـان چڕکردەوە تا ئەندازەی ئەوەی کە پەلاماری هـەمـوو هێڵەکانی شـوێـنـە ناکۆکەکانی تایبەت بە مادەی 140یاندا، لەو ماوەیەشدا هێزەکانی بەرگری پێشمەرگە و دژە تیرۆر بە هەموو توانایەکیانەوە لەچوارچێوەی هـاوکـاری ئاسمانی وڵاتانی هاوپەیمانان بەرپەرچی هەموو هێرش و پەلامارێکی دووژمنکارانەی داعشیان داوەتەوە.

نـاوەنـدەکـانـی کـۆکـردنـەوەی زانـیـاری و هـەوالـگـری جیهانی لـەکـۆکـردنـەوەی زانیاری وردن لەبارەی ناسینی کەسایەتی و شوێن و پێگەی داعش تا بتوانن زیاتر ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە لەبازنەیەکدا کـۆبـکـەنـەوە بـەئـامـانـجـی هەڵتەکاندنیان بەیەکجارەکی لەنزیکترین کـاتـدا بـەپێی دواهـەمـیـن لـێدوانـی سـەرۆکـی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا «باراک ئۆباما».

## لیستی ناوی سەرکردەکانی داعش

ئەم لیستەی خوارەوە ناوی سەرەکیترین لەبەرپرسانی ڕێکخراوی داعشە، «چارلز لیستر» وەکو چاودێرێکی ناوەندی «برۆکینگر» لەشاری «دەوحە» ئامادەی کردووە.

1 - خەلیفە ئیبراهیم- ئەبوبەکر ئەلبەغدادی.

خەڵکی عیراقەو لە خێڵی ئەلبدری، دکتۆرای هێنا لە توێژینەوەکانی ئیسلامی لە زانکۆی بەغدا.

2 - ئەبو مسلم ئەلترکمانی- یاریدەدەری ئەلبەغدادی لەعیراق.

ناوی تەواوی فەزل ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەلهیالی، پێشتر پلەی سەربازی عەقید بووە لە سوپای عیراق و ئەفسەری هێزی تایبەت بووە لەسوپای تایبەتی سەدام حسێن، خەڵکی تەلەعفەرە سەربە پارێزگای نەینەوا.

3 - ئەبو عەلی ئەلئەنباری- جێگری ئەلبەغدادی لەسوریا.

ناوی تەواوی نەزانراوە، پلەی سەربازی عەمید بووە لە سوپای عیراق، خەڵکی پارێزگای ئەنبارە.

4 – وەزیری شەڕ – ئەبو سلێمان.

ناوی تەواوی، ناسردین الله ئەبو سلێمان.

5 – سەرکردەی سەربازی لە سوریا– عومەر شیشانی.

ناوی تەواوی، تارخان باتیر ئەشفیلی، خەڵکی جۆرجیایە بەڕەچەڵەک شیشانییە.

6 – ئەبو وەهیب – سەرکردەیەکی سەربازی گەورە.

ناوی تەوای شاکر وەهیب ئەلفەهداوی، ساڵی 2006 لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە گیرا و بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرچوو، لە ئەیلولی 2012 لەبەندیخانەی تکریت هەڵهات.

7 – ئەبو محەمەد ئەلعەدنانی–گەورە قسەکەری داعش.

ناوی تەواوی، تەها سوبحی فەلاحە، هاووڵاتی سوریایە لەپارێزگای ئیدلەب.

8 – وەزیری ئیدارەی گشتی – ئەبو عەبدولقادر.

ناوی تەواوی شەوکەت حازم ئەلفەرحات.

9 – وەزیری بەندیخانە – ئەبو محەمەد.

ناوی تەواوی بەشار ئیسماعیل ئەلحەمدانی.
10 - وەزیری ئاسایشی گشتی- ئەبو لوئەی/ئەبو عەلی.
ناوی تەواوی عەبدولواحید قادر ئەحمەد.
11 - وەزیری ئابووری- ئەبو سەلاح.
ناوی تەواوی، موفەق مستەفا محەمەد کەرموش.
12 - وەزیری پەیوەندی گشتی- ئەبو هاجەر ئەلعسافی.
ناوی تەواوی محەمەد حەمید ئەلدلێمی، بەرپرسی پەیوەندی و دابەشکردنی کۆمەک لەرێکخراوی داعش.
13 - وەزیری شەڕکەرەکانی بیانی و خۆکوژەکان- ئەبو قاسم.
ناوی تەواوی عەبدوڵڵا ئەحمەد ئەلمەشهەدانی.
14 - وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی-ئەبو سجی.
ناوی تەواوی عەوف عەبدولڕەحمان ئەلعرفی.
15 - وەزیری تەقینەوە- ئەبو کیفاح.
ناوی راستی خەیری عەبدولحەکمود ئەلتائی.

16 – وەزیری چەک پەیداکردن– ئەبو سەما.
ناوی تەواوی، فارس ریاز ئەلنعێمی.
17 – والی بەغدا– ئەبو مەیسەر.
ناوی تەواوی ئەحنەد عەبدولقادر ئەلجاز.
18 – والی ئەنبار– ئەبو عەبدولسەلام/ ئەبو محەمەد ئەلسویداوی.
ناوی تەواوی، عەدنان لەتیف حەمید ئەلسویداوی.
19 – والی سەلاحەدین– ئەبو نەبیل.
ناوی تەواوی وسام عەبدو زید ئەلزبیدی.
20 – والی کەرکوک– ئەبو فاتمە.
ناوی تەواوی، نەعیم عەبدولنایف ئەلجبوری.
21 – والی فورات باشوورو ناوەڕاست– ئەبو فاتمە.
ناوی تەواوی ئەحمەد محسن خەڵەف ئەلجیوشی.
22 – والی پارێزگا سنوریەکان– ئەبو جەرناس.
ناوی تەواوی رەزوان گالب حسێن ئیسماعیل ئەلحەمدانی.
23 – والی نەینەوا– نەناسراوە.

24 – والی ئەرەقە - ئەبو لوقمانز.

ناوی تەواوی عەلی موسا ئەلحەویک، بەڕچەڵەک سوریە.

25 – والـــی حــەلــەب– ئــەبــو ئــەسـیـر ئەلعەبەسی.

ناوی تەواوی نەزانراوە، بەڵام برا بچوکی فیراس ئەلعەبەسی ناسراو بەشێخ ئەبو محەمد ئەلعەبەسیز.

26 – والـــی دیــر ئـــەلــزور– حـاجـی عەبدولناسر.

27 – والی دیمەشق– نەناسراو.

28 – والـــی حـومـس–ئـەبـو شـوعـێـب ئەلمسری.

29 – والی حەسەکە–ئەبو سەما ئەلعیراقی.

30 – بەرپرسی ئاسانکاری و کۆمەک– ئەبو عومەر.

ناوی تەواوی تارق بن ئەتاهیر بن ئەلفالح ئەلعەونی ئەلحەرزی،سەرکردەیەکی تونسیە بەرپرسە لەدرەستکردنی چەکداری بیانی.

31 – بەرپرسی کاروباری میدیا.

نـــاوی تـــەواوی ئـەحـــمــەد ئـەبـو سەمرا،بەڕەچەڵەک سوری–ئەمریکیە،بارەگای لەحەلەبە.

32 – سەرکردەی سەربازی–ئەبو ئەحنەد ئەلعەلەوانی,
ناوی تەواوی،وەلید جاسم ئەلعەلەوانی و ئەفەسەری کۆنی سوپای عیراق.
33 – بەرپرسی شەریعە–ئەبو هومام ئەلئەسەری.
ناوی تەواوی،تورکی ئەلبنعلی،بەڕچەڵەک خەڵکی وڵاتی بەحرینە.
34 – کاروباری ژنە بەندکراوەکان–ئەبو سوجا.
ناوی تەواوی عەبدولڕەحمان ئەلعەفەوی.
35 – سەرکردەی سەربازی–ئەبو عەبدوڵڵا ئەلکەسوفی.
ناوی تەواوی، لافادارییم موهاجری،سەرکردەیەکی ئەلبانی کۆسۆڤۆیە،چالاکیەکانی لەعیراق و سوریایە.
36 – سەرکردەی سەربازی–ئەبو خەتاب ئەلکوردی.
ناوی تەواوی نەزانراوە،بەڕچەڵەک عیراقیەو ئەویش سەرپەرشتی شەڕەکانی داعش دەکات لەکۆبانی.
37 – سەرکردەی سەربازی–ئەبو جندل

ئەلمسری.

38 – سەرکردەی سەربازی- ئەبو حەزیفە ئەلیمەنی.

39 – شارەزای تەقینەوەکان–ئەبو عومەر قەرداش.

بەڕەچەڵک خەڵکی تورکمانستانە و لەسوپای عیراقدا خزمەتی کردووە.

40 – سەرکردە ئەبو عومە «ئەلمولاکم».

41 – سەرکردە ئەبو ناسر ئەلئەمنی.

ناوی تەواوی،مەحمود قادر،سەرکردەیە لەشاری رەقە،دەموچاوی بەبەردەوامی دادەپیۆشی بەدەمامکدراوی.

42 – سەرکردەی ناودریان ئەبو موسعەب ئەلحلوس.

ناوی تەواوی خەڵەف ئەلزیاب ئەلحەلوس، بەڕچەڵەک خەڵکی سوریایە

43 – سەرکردەیەک–ناوی تەواوی سالم بنغولام، خەڵکی فەڕەنسایە،پێشتر خۆی بەندکراوبووە لەفەڕەنسا، بەپرسە لەتاوانەکانی لەسێدارەدان.

لەلایەکیترەوە سەرکردەیەکی گەورەی سەربازی روسیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تاوانبار دەکات بەپشتیوانیکردنی

ڕێکخراوی داعش، سەرۆکی ئەرکانی روسیا لەمیانەی دیدارێکیدا پاشکۆکانی سەربازی بیانی لەوڵاتەکەی خۆی وریاکردەوە لەگەشەپێدانی هاوکاریکردنی بیانی بۆ گروپە چەکدارەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا.

بەپێی بۆچوونەکانی دەستەی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانی روسیا، گروپەکانی ڕێکخراوی داعش ئێستا ژمارەیان خۆی دەدات لە 70هەزار شەڕکەری تیرۆریست و لەهەموو رەگەزێکی تیایە.

جەنەڕاڵ «ڤالیری گیراسمۆڤ» سەرۆکی ئەرکانی گشتی هێزە چەکدارەکانی روسی لەمیانەی دیدارێکیدا ماوەیەک بەرلەئێستا لەگەڵ ژمارەیەک لەپاشکۆکانی سەربازی باڵوێزانی چەند وڵاتێکدا، بەڕشکاوی وتی» ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر هاوکاری تەکنیکی و دارایی ئەو گروپ و ڕێکخراوانەی دەکرد لەچوارچێوەی شەڕکردن دژبە حکومەتی سوریا».

ئەوەشی وت: «ئێستاش ئەمریکا هەڵدەسێ بەپێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەرپەرچدانەوەی هەمان ڕێکخراو».

«ڤالیری گیراسمۆڤ» ئاماژەی بۆ هەندێ وڵاتی بیانی کرد کە تاکو ئێستا پشتیوانی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە سەربازیانە دەکەن کە ئۆپزسیۆنی سورین و شەڕی حومەتی سوریا دەکەن.

ئەو جەنەراڵەی روسی ئەوەش ئاشکراکرد کە ئاستی هاوکاریکردنی وڵاتانی بیانی بۆ ئەو ڕێکخراوانە رۆژبەرۆژ گەشە دەکات، ئەوەش پاڵەپەستۆی سیاسی و میدیایی لەسەر سەرکردایەتی سوریا فراوانتر کردووە.

## داعش، رەگەزو داتا

راپۆرتی هەواڵگری زۆربەی دەزگا هەواڵگریەکان ئاماژە بۆ تونسیەکان دەکەن لەسەروو لیستی هەناردەکردنی تیرۆریستانن بۆ نێو ریزەکانی داعش، کە مەزەندە دەکرێن بە4هەزار تیرۆریست و سعودیاش بەپلەی دووەم بە3700 تیرۆریست، ئەم لیستەی خوارەوەش ئاماری تاکو مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 2014 یە:

4 هەزار تیرۆریستی تونسی

3700 تیرۆریستی سعودی

1500 تیرۆریستی ئوردنی
170 تیرۆریست لەدەوڵەتانی خەلیج کە
80 کەسیان کوەیتین
2000 تیرۆریستی مەغریبی
600 تیرۆریستی مسری
350 تیرۆریستی جەزائیری
900 تیرۆریستی لوبنانی
150 تیرۆریستی ئیسرائیلی و فەلەستینی
750 تیرۆریستی لیبی
500 تیرۆریستی سۆماڵی و سودانی و مالی
350 تیرۆریستی یەمەنی
1100 تیرۆریستی فەڕەنسی
700 تیرۆریستی بەیتانی
550 تیرۆریستی ئەڵمانی
300 تیرۆریستی بەلژیکی
1700 تیرۆریستی روسی و چیچانی و ئۆکرانی
850 تیرۆریستی تورکی
250 تیرۆریستی ئوسترالی
250 تیرۆریستی دانیمارکی و نەرویژو سوید

120 تیرۆریستی هۆڵەندی
250 تیرۆریستی ئەمریکی و کەنەدی
950 تیرۆریستی پاکستانی و هندو بەنگلادش
300 تیرۆریستی ئەفغانی
350 تیرۆریستی تروکمانستان و تاجیکستان
200 تیرۆریستی فەنلەندی و سویسری
100 تیرۆریستی چین
350 تیرۆریستی بۆسنەو کۆسۆڤ و ئەلبانیا
100 تیرۆریستی ئەندۆنیسیا
50 تیرۆریستی مالیزی

هەروەها چەند ژمارەیەکی بچوکیش لەوڵاتانی جیاجیا، راپۆرتەکان ئاماژە بۆ 15% تاکو 18% چەکدارانی تیرۆریستی داعش لەوڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکی بن، هەروەها 11% رووسی و چیچانی و ناوەڕاستی ئاسیا، ئەوەی دەمێنێتەوە لەرێژەکە هی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقایە، ئەوەش روونە کە نزیکەی 6هەزار کەس دوای گرتنی موسڵ

پەیوەندیان بەداعشەوە کردووە بەتایەبتی ئەوانەی کە لەگرتوخانەکانی پارێزگاکانی نەینەواو سەلاحەدین دەربازبوون، هەربۆیە ژمارەکەیان مەزەندە دەکرێ گەیشتبێتە 20هەزار چەکداری تیرۆریست.

دوور نییە داعش بگاتە لوبنانو ئوردنو سعودیاو تورکیا

جەنەڕاڵێکی خانەنشین بەناوی «جۆن ئالن» رایگەیاند دوور نییە رێکخراوی تیرۆریستی داعش بگاتە لوبنان و ئوردن و سعودیاو تورکیا.

ئالن لەبەردەم ناوەندی «وودرۆ ویلسۆن» ئاشکرای کرد کە بەرپرسانی ئەمریکی زۆر بەهەستیارانە چاودێری وردی فراوانبونەوەی گروپی تیرۆریستی داعش دەکەن لەدەرەوەی سوریاو عیراق، لەکاتێکدا هاوپەیمانان هەوڵی تێکشکاندنی داعش دەدەن لەو دوو وڵاتە.

هەروەها ئەوەشی وت: «چاودێرییەکی ورد دەکرێ لەبارەی گروپێک کەسۆزێکی گەورەیان هەیە بۆ سەرکردەکەی گروپی

داعش ئەبوبەکری بەغدادی، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی داعش بگاتە چەند ناوچەیەک کە دوورنییە رۆژئاوای ئاسیابێت».

هەروەها وتی: «لەسەرمانە زۆر وریابین، لەڕێگای هۆکارەکانی میدیاو هەموو رێگاکانیترەوە تا دەسەڵاتی داعش فراوان نەبێت لەدەرەوەی سوریاو عیراق، ئێمە زۆر وشیارین بەرامبەر بە دۆخی سعودیا و ئوردن ، بێگومان بارودۆخی تورکیاو لوبنانیش».

ئەو جەنەراڵە ئەمریکیە ئەوەش دەڵێ روبەڕووبونەوەی گەورەمان لەگەڵ تیرۆریستانی داعش ئەوەیە کە نەهێڵین تیرۆریستانی بیانی لەوڵاتانی خۆیانەوە هێرش بەرن و گەشت بۆ سوریاو عیراق بکەن، ئەوەشی باسکرد کە تیرۆریستانی بیانی دەبنە مەترسی بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەتا ماوەیەکی دروورودرێژ، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هاوپەیمانان لەجیهاندا هەنگاوی سەرەکیان لەئێستادا چڕکردووەتەوە دژ بەتیرۆریستانی داعشە.

ئالن ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە هێزەکانی عیراق دوای ئەوەی راهێنانیان پێدەکرێ لەنزیکترین کاتدا ئەنجامەکان هەڵدەگێڕنەوە و زەویەکانی خۆیانیش وەردەگرنەوە لەدەستی داعش.

سەرچاوەکان:

-سایتی فورات نیوز.

-رۆژنامەی القبس.

-کەناڵی ئاسمانی دیجلە.

-میدیاکانی جیهانی.

# کوردستان و
# نەخشەی سیاسی داعش!

سایتی ئەلسکینەی نیمچە ڕەسمی سعودی، لەشرۆڤەیەکی سیاسی خۆیدا بەناوی داعش بەشدارە لە دیمەنی یەمەن، باس لە هاتنی هێزە توندڕەوەکانی گروپی تیرۆریستی داعش ئەکات کە چۆن ڕۆڵیان هەیە لەداگیرکردنی ناوچەکە، بەتایبەتی عیراق و سوریا، هەروەها باس لەرۆڵی ئێران ئەکات لەناوچەکە کە چۆن قەڵەمڕەوی دەستڕۆیشتووی ئێران گەیشتوەتە بەشێکی گەورەی سوریا و لوبنان و عیراق تادەگاتە وڵاتی یەمەن کە بەم دواییە لەلایەن حوسییەکانەوە توانیویەتی کۆنترۆڵی ناوچەیەکی بەرین بکات لەڕێگای هێزەکانی دارایی و سیاسی خۆیەوە.

ئەو سایتە ڕەخنە لەسیاسەتەکانی بەشار ئەسەد و نوری مالکی دەگرێ وەکو دوو دەسەڵاتداری عیراق و سوریا کە بوونە مایەی دروستبوونی سەرهەڵدانی داعش و پەروەردەکردنی ئەبوبەکر ئەلبەغدادی لەبەندیخانەکانی بەغدا و پێدانی ڕۆڵێکی ئاکتیڤ بەمەبەستی دروستکردنی وەک ڕوویەک بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی داعش، ئەو سایتە ئاماژە بۆئەوە دەکات کە چۆن داعش لەو دوو وڵاتە وە درووستبوو پاشان ڕوویانکردە باکووری ئەفریقا، ئێستاش بەهەمان ناوەڕۆک دەیانەوێ لەیەمەن سەرهەڵبدات.

ئەو سایتە لەدرێژەی بابەتەکەدا دەنووسێ تەقاندنەوەی هەردوو مزگەوتی بەدر و ئەلحشوشی شیعەکان لەسەنعای پایتەختی یەمەن و کوشتنی مەرجەعی ئایین شیعە مەزهەب مورتەزا بن ئەلمحتوری ئامانج تیایدا تەقینەوەی ململانێی مەزهەبی بوو تا سوونەو شیعەکانی یەمەن چەک هەڵگرن هاوشێوەی عیراق و سوریا بەمەستی قوڵکردنەوەی کێبڕکێی هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعە.

ئەوەی ئێستا لەدیمەنەکانی یەمەن

دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە حوسیەکانی یەمەن دەیانەوێ هێزە کۆنەکانی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆکی پێشوو لەخۆیان کۆبکەنەوە و بەهەردووڵا بەربەرەکانێی هەر کەسێک بکەن کە دژایەتیان دەکات تا کوشتنی، ئەگەرچی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی سەنعا چەکی تیادا بەکارهێنرا دژبە خۆپیشاندەران.

ئەم سایتە کە نەخشیەکی سیاسی خەلافەتی ئیسلامی بەناوی داعش-ەوە بڵاوکردوەتەوە لەگەڵ بابەتەکەدا دەڵێ: هەموو ئەمانە بەئامانجی کورتکردنەوە و بچوککردنەوەی دەوڵەتی یەمەنە بۆ ئەوەی هەلێک بۆ حوسیەکان بڕەخسێنن تا دەوڵەتێک بۆخۆیان دابمەزرێنن، ئیتر بوار نادات بە قەدغەکردنی داعش کە بمێننەوە لە یەمەن، تەقاندنەوەی هەردوو مزگەوتەکەی ڕۆژی هەینی رابردوو ئەو دەخاتە ڕوو کە دیاردەیەک بن دروستکراو.

ئەوەی لەنەخشەکەی ئەم سایتە دەبینرێ بیری داعش و ئەنزیمە سیاسیەکانی ئیسلامی سیاسیە لەناوچەکە کە چۆن ئەیانەوێ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا دەگاتە ڕۆژئاوای عەرەبی وێنا بکەن لەم نەخشەیە، پرسیارەکە

ئەوەیە کوردستان لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا ڕۆڵ دەبینێت بۆ ئەوەی نەبێتە سووتەمەنی ئەم بەرداشی مەزهەبی سونە و شیعەیە کە سەدان ساڵە یەکتر دەهاڕن و تا ئێستاش ناتوانن داخوازیەکانی تر جێبەجێ بکەن.

## سایکس بیکۆ سنوورەکەی بەلـم دروستکرا، بەخوێن دەسڕدرێتەو.!

مایکل ولیامز دیپلۆماتی پێشووی بەریتانیا لەنوێترین وتاریدا کە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوەو لەرۆژنامەی»العرب»دا بڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی»سایکس بیکۆ سنوورەکەی بەلم دروستکرا، ئێستا بەخوێن دەسڕدرێتەوە»، تیایدا هاتووە (هەفتەی ڕابردوو فلیپ هاموند وەزیری دەرەوەی بەریتانی لەوتەیەکیدا گوتی: شەڕی ڕێکخراوی داعش دوا هەلی عێراقە کەوەکو دەوڵەتێکی نەتەوەیی بمێنێتەوە، ئەم بۆچوونە دڵتەنگی هاموند ڕاستەوخۆ دوای ئەو گەشتەی بۆ عێراق دێت کە چەند ڕۆژ پێش ئێستا لەوێ بوو دۆخی پڕ مەترسی عێراقیشی بە»دوا هەل» نابرد).

نووسەرلەدەستپێکی بابەتەکەیدانووسیویەتی

«عێراق هەروەکو سوریا لەدەرئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی کە لەچاوی عەرەبەوە ئەو ڕێککەوتنە شووم و بێ ناوبانگەیە لەنێوان ئەلسێر مارک سایکس و فرانسوا جۆرج بیکۆ بووە مایەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی تورکیای عوسمانی لەنێوان بەریتانیا و فەڕەنسا گەورەترین دوو هێزی ئەورووپا، ئەم ڕێککەوتنە نزیکەی 100 ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێ، قورسایی خستووەتە سەر هەردوو دەوڵەت «عێراق و سوریا» شەڕو دابەشکاری تایەفی چەندین ساڵە هەڵیوەشاندوون و ماندوویانی کردوون و هیچ چارەسەرێکی ئاسانیشیان پێ نییە». نووسەر لەدرێژەی بابەتەکەیدا دەنووسێ «چیکسلۆڤاکیا و یوگسلاڤیا وەکو دوو دەوڵەت دەرکەوتن هەروەکو سوریا و عێراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە کۆنگرەی ئاشتی لە ڤێرسای ساڵی 1919 دەشێ هەروەکو چۆن یۆگسلاڤیا تێکەڵەیەکە لەسلۆڤی و کراواتی و کاسۆلیک لەگەڵ ئەرسەدۆکس و موسڵمان، زۆر لەمۆزایکی ڕەگەزی و ئایینی لەسوریاو عێراق بچێت»، هەردوو دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن لەپاڵ لوبنانێکی بچووک/ لە هەموو وڵاتانی ناوچەکە هەمەچەشنترە، ئەم

دوو دەوڵەتە سوریا و عێراق، سونە، شیعە، مەسیحی «لەهەموو تیرەکان» و ژمارەیەک لە درووز و ئێزیدی و عەلەوی تیایە، نزیکەی 30 ملیۆن کورد لەو دوو دەوڵەتە دەژین کە گەورەترین پێکهاتەن لە جیهاندا تا ئێستا بێ دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیانن. نووسەر لەبارەی دەسەڵاتداریێتی سوریا و عێراقەوە دەنووسێت «هەردوو دەوڵەت هەر لەپاش بەدەستهێنانی سەربەخۆییان لەبەریتانیا و فەڕەنسا بەمشتێکی ئاسنین وڵات بەڕێوەدەبەن و باوەڕیان بەهیچ سەرگوزشتەیەکی سیاسی نییە، ئەو دوو دەوڵەتە عەرەبیە سەرەکیە وەلەهەمان کاتدا باوەڕیان بەهیچ ناوەڕۆکێکی دیموکراسی نەبووە بەدرێژایی

مایکڵ رەخنەی توند دەگرێت لەپاوانکردنی دەسەڵاتی عێراقی نوێ لەلایەن شیعەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی شیعە بووە مایەی سەرهەڵدانی داعش، ئەو دەنووسێ «لەعێراقدا خوێنێکی تایەفی زۆر ڕژا لەدوای ساڵی 2003 و هاتنی ئەمریکا و ئینگلیز لەنێوان هەرسێ پێکهاتە سەرەکیەکە سوننەو شیعەو کورد لەبەر ئەوەی هەر لایەنەو دەیویست بەڕێگای خۆیدا بڕوات، هەر

بۆیە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی بەغداد کە شیعە باڵادەستە تیایدا بە هاوکاری ئێران رێککەوتن لەسەر بارودۆخەکە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی رێکخراوی داعش پشتگیری گەورەی دارایی بەدەستبهێنێ بەچەندین جۆرو پشتیوانیەکەش لەکەسان و کەسایەتیەکانی سعودی و هەندێ لەوڵاتانی عەرەبی و خەلیجی بوو». هەروەها نووسەر درێژە دەدات بە وتارەکەی و دەڵێ: ئەمانە هیچیان ئەوە ناگەیەنن شتێکی راستی هەیە کە رێکخراوی داعش چەند ئامانجێکی لەتێکشکاندنی سایکس بیکۆ-دا هەیە، دامەزراندنی خیلافەتی ئیسلامی و درێژکردنەوەی لە کەنداوەوە بۆ دەریای سپی وەک دەربازبوون دەبینن، ئەوەش جۆرە دەوڵەتەش هیچ پێگەیەک بۆ شیعەو کورد و مەسیحیەکان دانانێ تەنانەت کەمایەتیەکانی تریش لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. نووسەر لەکۆتایی بابەتەکەیدا ئاماژە بۆ ئەو مەترسیانە دەکات لەسوریاو عێراق کە ناهێڵن هیچ دەوڵەتێکی تر لەناوچەکە لەدایک بێت هەر بۆیە دەنووسێ «زۆر نییە تەیموری رۆژهەڵات و باشووری سودان لەئەنجامی ململانێی هەرێمەکان کە پێشتر داگیرکەران بۆیانیان پێکهێنابوو دەوڵەتی

نوێی خۆیانیان دامەزراند، مەترسیە ڕاستەکەش لێرەدا ئەوەیە سوریا و عێراق هەرگیز بوار نادەن بۆ کردنەوەی ڕێگای دروستکردنی دەوڵەتی نوێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی سوریا یان عێراقێکی بەهێز وەکو لەڕێککەوتنی ئەم وتارە پێماندەڵێت کە گەلەکۆمەیەکی وردو نەخشە بۆدارێژراو لە ئارادایە، بە پلەی یەکەم بەرامبەر بە ئەزموونی کوردستان و دەسەڵاتی شەرعی و دەسکەوتەکانی پاش ساڵی 1991 ئیدی ئەو پلانە ژەهراوییە چ ناوچەیی بێت یاخود نێودەوڵەتی، بۆیە نووسەری ئەو بابەتە دەمانخاتە بەردەم مێژووی پێش 100 ساڵ پێش ئێستا لە ڕێکەوتنی سایکس بیکۆوە کە ئەوە سوریا و عێراقی کۆن و نوێ ناهێڵن نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگۆڕدرێت! ئەم بیرکردنەوەیەش لە ڕابردو تاکو ئێستا درێژکردنەوەی هەمان سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی عەرەبی شۆڤێنییە کە بەردەوام ترس دەخاتە ناودڵی ناوچەکەو تەنانەت جیهانی ئیسلامیش کە نەتەوەی کورد مەترسیین بۆ ئایندە و نابێت ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکە درووست بێت، ئەم بەیت و باڵۆرەی نەیارەکانی ئەزموونی کوردستان بۆ یەک سەدەیە دەوترێتەوە و خەڵکی پێ فریودەدەن.

ئـــەوەی مـــاوە بـوتـرێ کـە ئێمە خـۆمـان چی بکەین وەکو کورد، گرنگترین هەنگاو ئەوەیە بتوانین روحیەتی حزبایەتی زاڵ نەکەین بەسەر روحیەتی کوردایەتیەکی بێ غەل و غەشەوە، ئەمڕۆ وەکـو چـۆن بــەرەی پێشی پێشەوەی شەڕ پێشمەرگە یەک دەست و یەک سەنگەرن بەهەمانشێوە پێویستیمان بە یەکگرتن و یەکێتی گیانی کوردایەتی هەیە لـەناو کایە سیاسی و رێکخراوەییەکانمان، نابێت رێگاش بدرێت لێرەو لـەوێ کەسانێک هەبن بۆ بـەرژەوەنـدی تایبەتی خۆیان یان فیتی دەرەکـی قسەیەک بکەن جـەمـاوەری کوردستان ساردبکەنەوە، ئێمە لەبەردەم ئاڵوگۆڕێکی گەورەی ناوچەیی و تاقیکردنەوەیەکی گەورەین چ لەلایەن خەڵکی کوردستان یاخود کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی زلهێزی دونیاوە، بردنەوەی کورد لەم کێبڕکێیە دەسکەوتەکانمان زیاتر دەباتە پێشەوە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان بەدەلیلی ئەوەی کە دەرگا لە بەردەم کورد کراوەتەوە تا تێپەڕێ بەرەو پردی پەڕینەوەی رزگاری یەکجارەکی، بێگومان ئاسانیش نییە پـەڕیـنـەوەی کورد لەوپردە، دەبێت پێش هەموو هەنگاوێک

## سەرکردە تیرۆریستییەکانی
## داعش، دوژمنەکەت بناسە

پێش ساڵێک لەمەوبەر، لەمانگی رەمەزاندا رێکخراوی تیرۆریستی داعش، هەنگاوێکی نا بەرەو ئیعلانکردنی دەوڵەتی خەلافەت و ئەبوبەکر ئەلەبەغدادی-یش وەکو سەرکردەی یەکەمی ئەو دەوڵەتە ناسێنرا کە ناوی راستەقینەی ئیبراهیم عەواد ئیبراهیم ئەلبەدری ئەلسامەڕائیە.

ئەم هەنگاوەش دوای ئەوەهات کاتێ ئەم رێکخراوە تیرۆرسیستیە تەکفیرییە دەستی بەسەر رووبەرێکی بەرفراواندا گرت کە ئەوەش خۆی لەنیوەی زەویەکانی سوریا و سێ بەشی رووبەری عیراق دەبینێتەوە، ئەمەش سەرەڕای داگیرکردنی بەشێک لەزەویەکانی جرودی

ئەلقاع و رەئس بەعەلبەک کە مەزەندە ئەکرێ بە 250 کیلۆمەتر چوار گۆشە واتا نزیکەی 2,4 لەکۆی گشتی زەوییەکانی لوبنان.

بەدرێژایی یەک ساڵی رابردوو، لەتەمەنی دەوڵەتی خەلافەتی تیرۆریستی داعش توانیویەتی ئەو سنوورەی نێوان سوریا و عیراق بشکێنێ و دەستبگرێت بەسەر زۆربەی هەرە زۆری دەرگا و دەروازە سنوورییەکانی ئەو دوو دەوڵەتە کۆنترۆڵ بکات، سەرکردە تیرۆریستیەکەی داعش ئەبوبەکر بەغدادی دوور نییە لە پاش مانگی ڕەمەزانی ئەمساڵ ستراتیجی خۆی گۆڕی بێت بە قازانجی زیاتر شکاندنی سنوورەکان وەک رووبەڕووبوونەوەیەک بەرامبەر بە هەموو هێڵە ستراتیژیەکانی هەرێمایەتی و دەوڵەتە دژەکانی.

شاراوە نییە کە ئەم رێکخراوە تیرۆریستییە لەچوارچێوەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەحشیگەرێتی لە کوشتن و لە سێدارەدان، ژمارەی قوربانیان بەدرێژایی دوای درووستبوونی توانیویەتی دیمەنێک بخوڵقێنێ کە لەمێژووی هاوچەرخدا وێنەی

نەبووە.. بێگومان جێگەی سەرسوورمانیش نییە کە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە هەنگاو بۆ شێوازی نوێ بنێت کە زیاتر خوێناوییە، دووریش نییە ژمارەی قوربانییەکان لەمەی ئێستا گەروەتر بن، بە تایبەتی لە سایەی ئەو ئاسانکارییە نێودەوڵەتی و ناوچەگەرێتیە کە ئێستا گەشە دەکات، دووریش نییە کارەکانیان فراوانتر بکەنەوە بە پێی فەرمان و وەزیفەکانیان.

ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە سەرکەوتنی بەدەستهێنا کاتێک هەوڵی پڕچەککردن و خۆمەڵاسدانیدا کە بتوانێت بۆچەند ساڵێکیتر درێژە بەکاری تیرۆریستی خۆی بدات، بەپێی شیکردنەوەکانی شرۆڤەکاران و بەڵگەی شارەزایان لەکاتێکدا مەترسیەکانی ئەم ڕێکخراوە لەناوچەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەرەوفراوانی هەنگاو ئەنێ، بەڵگەش بۆ ئەوە کردەوە تیرۆریستیەکانی ئەم دواییەی هەریەک لەکوێت و تونس و فەڕەنسا، ئەو کردەوە تیرۆریستیانەش هەرشتێکی نزیک بوون لەوەی کە لەیانزەی سیپتەمبەر روویدا لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

بەدرێژایی ساڵێک لەتەمەنی درووستبوونی خیلافەتی داعش کە سنووری سایکس بیکۆی هەڵوەشانەوە، ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە توانی هەندێ هێرش بکاتە سەر باکوورو ڕۆژئاوای عیراق و باکووری سوریا و ڕۆهەڵاتی، لەهەندێ شوێندا ئەو هێزە تیرۆریستیە پاشەکشەی کرد کاتێ هێزە نێودەوڵەتییەکان بەسەرکردایەتی ئەمریکا ناچاریان کردن بەجێهێشتنی شاری تکریت-ی عیراق و هەردوو شاری کۆبانی و تەل ئەبیەزی سووری.

لەلایەکی ترەوە ئەم هێزە تیرۆریستیە دوو شوێنی ستراتیجی دەستبەسەردا گرت هەریەک لەشاری ڕوومادی لەعیراق و شاری تەدمر لەناوەڕاستی سوریا کە بووە هۆی کردنەوەی ڕێگای ئاوەدانی لەنێوان سنووری عیراق و بەستنەوەی بەشارەکانی حومس و دیمەشق.

داعش ستراتیجیەتێکی بۆ دەوڵەتەکەی داناوە کە ئەویش لەچوارچێوەی درووشمێکی بەناوبانگیان خۆی دەبینێتەوە «مانەوەو هەڵکشان» ئەم هەنگاوەی ڕێکخراوە تەکفیرییەکە لە تەواوی قۆڵەکانی شەڕەوە دەبینرێ بەروونی، کە بەتەنها لەچوارچێوەی

گۆڕەپانەکانی عیراق و سوریا خۆی نابینێتەوە.

بە تێپەڕبوونی یەک ساڵ بەسەر خەلافەتی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش ئێستا 10 لقی هەیە، دوای ئەوەی لەم چەند مانگەی رابردوو جموجۆڵی تیرۆریستیانەی گەیشتە گۆڕەپانەکانی هەریەک لەسوریا و عیراق و یەمەن و میسرو سعودیەو لیبیاو جەزائیرو ئەفغانستان و نەیجیریاو دواهەمینیان ویلایەتەکانی قەوقاز.

ئیبراهیم عەواد ئەلبەدری «ئەبوبەکر ئەلبەغدادی» خاوەنی بڕیاری سەرەتاو کۆتایی رێکخراوە تیرۆریستیەکەیە، دوای ئەو وەکو یاریدەدەر «ئەبو عەبدوڵڵا ئەلبەغدادی» دێ ئەمەش دوای کوشتنی ئەمیری پێشووی داعش ئەبو عومەر ئەلبەغدادی و وەزیری پەروەردەکەیان ئەبو حەمزە ئەلمهاجری پلەی یاریدەدریان دانا بۆ خەلافەتەکەیان، دانانی پلەی یاریدەدەر لەدوای ئەوەهات لەکاتێکدا ئەگەر بۆشایی درووست بوو لە پێکهاتەی هەڕەمی بەرپرسیارێتیان بەو شێوەیە پڕبکرێتەوە.

سەرکردەی تیرۆریست «فەزڵ ئەحمەد عەبدوڵڵا ئەلحیالی-ئەبو موسلم ئەلعفری ئەلترکمانی» یاریدەدەری

سەرۆکی ڕێکخراوی تیرۆریستی داش-ە لەعیراق و بەسێیەم کەسی هەرەمی ئەو ڕێکخر اوە دەژمێردرێ.

زۆربەی بەرپرسیاریێتیەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش دابەش ئەبن بەسەر چەند ئەنجومەنێک کە بەشی هەرەزۆریان لەلایەن ئەفسەرە کۆنەکانی سوپای عیراقەوە بەڕێوەدەبرێن پاش ئەوەی ئەو سوپایە لەدوای ڕووخاندنی رژێمی سەدام حسێن هەڵوەشایەوە، ئەو ئەنجومەنانەش ئەمانەن:

* ئەنجومەنی سەربازی: عیراقییەک بەناوی وەلید ئەلعەلەوانی «ئەبو ئەحمەد ئەلعەلەوانی» سەرپەرشتی دەکات، ئەم ئەنجومەنە جگە لەسەرۆکەکەی سێ کەسی تر ئەندامن تیایداو لەلایەن خەلیفەوە دادەنرێن، کاری ئەوان سەرپەرشتیکردنی پرۆسە سەربازیەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشە.

* ئەنجومەنی بەرگری و ئاسایش و هەواڵگری یان «لیژنەی ئاسایش و شەرعی»: لەلایەن عیراقییەک بەناوی ئەبو عەلی ئەلئەنباری «یاریدەدەری ئەلبەغدادی لەسوریا»وە سەرکردایەتی ئەکرێ، بەگرنگترین ئەڵقەی پێکهاتەی ئەم ڕێکخراوە

تیرۆریستیە ئەژمێردرێ، بەو پێیەی کە بەشێکن لەکارەکانی پاراستنی خودی ئەلبەغدادی و دانانی نەخشەو پلان، کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری و هەڵسەنگاندن و دەرکردنی بڕیار لەبارەیانەوە.

* ئەنجومەنی دادگایی: لەلایەن عیراقییەکەوە سەرپەرشتی ئەکرێ بەناوی ئەبو محەمەد ئەلعانی، کاری ئەوان سەرپەرشتیکردنی سەرجەم کاروبارەکانی پرسە شەرعی و مەسەلەکانی تایبەت بە دادگای خەلافەتی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامیەوەیە.

* ئەنجومەنی شورا: عیراقییەک سەرپەرشتی ئەکات بەناوی ئەبو ئەرکان ئەلئەمیری، 11 کەسیش ئەندامێتی ئەکات و لەلایەن خەلیفەوە دادەنرێن، کاری ئەوان سەرپەرشتیکردنی سەرجەم کاروبارەکانی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامیە.

* ئەنجومەنی دارایی: عیراقییەک سەرپەرشتی ئەکات بەناوی موفەق مستەفا محەمەد ئەلکرموش.

* ئەنجومەنی راگەیاندن: عیراقییەک سەرپەرشتی ئەکات بەناوی ئەبو ئەسیر عومەر ئەلعەبسی، چەند

شارەزایەکیش هاوکاری دەکەن لە بوارەکانی راگەیاندن و پێگەکانی تۆڕەکانی پێگەیاندن و پروپاگەندە.

## وەزارەتەکانی داعش

ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش لەو شەش ئەنجومەنانەوە چەند وەزارەتێکی پێکهێناوە بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان کە هەر یەکێکیان وەزیرێک بەڕێوەی دەبات، ئەوەی مایەی تێڕامانە ئەم وەزارەتانە لە فەرهەنگی ڕێکخراوەکەدا نەمان دوای ئەوەی کە ئەلبەغدادی سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەی گرتە دەست.

ئەو ئاڵوگۆڕەی بەغدادی خستیە ئەو وەزارەتانەوە ئەوە بوو کە پۆستی نوێی بۆ ئەو وەزارەتانە داتاشی، ڕێک وەکو ئەو ئەنجومەنانەی پێشتر ناومان بردن، بەو بەڵگەیەی لەسەردەمی ئەودا هیچ وەزارەتێکی نوێ رانەگەیەندرا، هەر بۆ زانیاریش پێش ئەو ئەبو عەبدوڵڵا ئەلبەغدادی کاتێ حکومەتەکەی خۆی راگەیاند لە2009 کە ئەوەش بەدووەم حکومەت دێت لەدوای ئەوەی یەکەم حکومەتی «دەوڵەتی ئیسلامی عیراق»ی تیرۆریست لەساڵی 2006 ڕاگەیەنرا.

## دامەزراندنی والییەکان

خـەلـیـفـەی تـیـرۆریـسـتـان ئـەلـبـەغـدادی نزیکەی 15 والـی دامـەزرانـدوە بۆ دەوڵەتە تیرۆریستیەکەی، هەندێکیان ناسراون لەوانە:

* والـی ئەلرقە: خەڵکی سوریایە بەناوی تەها سوبحی فەلاح ناسراو بە «ئەبو محەمەد ئـەلـعـەدنـانـی» هـەر ئـەو قـسـەکـەری رەسمی راگەیاندنە بـەنـاوی رێـکـخـراوی تیرۆریستی داعشەوە.

* والـی بـەغـداد: خەڵکی بـەغدایـەو نـاوی ئەحمەد عەبدولقادر ئەلجەزاعە ناسراوەبە «ئەبو مەیسەر».

* والی سەڵاحەدین: خەڵکی عیراقەو ناوی وسام عەبد زەید ئەلزوبەیدییە ناسراوە بە «ئەبو نەبیل»، لەم دواییە پڕوپاگەندەیەک بڵاوبویەوە کە کوژراوە یاخود گواستراوەتەوە بۆ لیبیا.

* والـی کـەرکوک: خەڵکی عیراقەو ناوی نەعمە نایف ئەلجبوریە نـاسـراوە بـە «ئەبو فاتمە».

* والی سنوور: ناوی رەزوان تاڵب حسێن ئیسماعیلە ناسراوە بە «ئەبو جەرناس».

* والـی بـاشـووری عیراق و ناوەڕاستی

فورات: خەڵکی عیراقە و ناوی ئەحمەد موحسن خەڵەف ئەلجەحیشیە ناسراوە بە «ئەبو فاتمە».

* والی حەلەب: خەڵکی سوریایە ناوی عومەر ئەلعەبسی ناسراوە بە »ئەبو ئەسیر ئەلعەبسی»، ئەو هەواڵەش هەبوو کە لەپۆستەکەی لابراوە دوای ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش پاشەکشەیان کرد لەباکووری حەلەب.

* والی دیمەشق: خەڵکی عیراقەو ناوی «ئەبو ئەیوب»ە.

* والی دیر ئەلزوور: خەڵکی عیراقەو ناوی حاجی عەبدولناسرە.

* والی حومس: ناوی ئەبو یەحیا ئەلعراقییە.

* والی: ئەلحەسەکە: ناوی ئەبو ئوسامە ئەلعراقییە.

* والی نەینەوا: نەزانراوە.

* والی ئەلئەنبار: دوای کوشتنی عەدنان لەتیف حامد ئەلسویداوی کە عیراقی بوو ناسراو بە «ئەبو موهەنەد» تا ئێستا نەزانراوە کێ شوێنی والی ئەنباری گرتوەتەوە.

## هەندێ سەرکردەی تر

لەدەوروپشتی ئەلبەغدادی هەندێ سەرکردەی جیاجیای ڕەگەزەکانی تر هەن،

ناسراوترینیان ئەمانەن:

- تارخان باتیراشفیلی (عومەر چیچانی).

- وەهیب شاکر ئەلفەهداوی (ئەبو وەهیب ئەلعراقی).

- لافادریم موهسکری (ئەبو عەبدوڵلا ئەلکۆسۆفی).

- ئەبو خەتاب ئەلکوردی (سەرکرایەتی شەڕی کوبانێی کرد).

- ئەبو حوزەیفەی یەمەنی.

- ئەبو عومەر (مولاکمی عیراقی).

- ئەحمەد ئەبو سەمرا، هەڵگری رەگەزنامەی ئەمریکی و بەئەسڵ سوری.

- تورکی ئەلبەنعلی (ئەبو هومام ئەلئەسەری بەحرێنی)، یەکێک لەبەرزیترین سەرکردەکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش و بەبیرمەندی رێکخراوەکە دادەنرێ بەتایبەتی دوای کوشتنی (عوسمان ئال نازح).

- عەبدوڵلا ئەحمەد ئەلمەشهەدانی (ئەبو قاسم ئەلعراقی)، بەرپرسە لەدابینکردنی کەرەسە بۆ ئەو کەسە عەرەبانەی کە خۆیان ئەتەقێننەوە.

- بەشار ئیسماعیل ئەلحەمدانی (ئەبو محەمەد ئەلعیراقی)، بەرپرسی دۆسیەی دیلەکان.

- عەبدولواحید خزەیر ئەحمەد (ئەبو لوئەی ئەلعیراقی)، بەرپرسی ئاسایشی گشتی.
- محەمەد حەمید ئەلدلێمی (ئەبو هاجەر ئەلعسافی ئەلعیراقی)، بەرپرسی پۆستگەیاندن لەنێوان ولایەتەکاندا.
- عەوف عەبدولڕەحمان ئەلعەفوی (ئەبو سەجا ئەلعیراقی).
- ئەبو عومەر ئەلقەرداش تورکمانستانی.
- تارق بن ئەلتاهیر بن ئەلفالح ئەلعونی ئەلحەزەری (ئەبو عومەر ئەلتونسی)، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا رایگەیاند کە کوژراوە لە15ی حوزەیرانی رابردوو لەیەکێک لەبۆردومانەکانی فرۆکەکانی ئەمریکا کە تۆمەتباربوو بەکوشتنی باڵوێزی ئەمریکا لەبن غازی لە(لیبیا).

## سوپای خەلیفە

دوای دەستپێکردنی بۆردوومانی هاوپەیمانان بۆسەر مۆڵگەو بارەگاکانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش لەسوریاو عیراق، داعش سەرکردایەتیکانی خۆی دابەشکرد بۆسەر شەش ولایات لەسوریا،

سوپای هەر ولایەتێکیش تەواوی سەربەخۆی خۆی پێبەخشراوە بۆ هەر بڕیارێک، کە ئەمانەن:

* سوپای ولایەتی ئەلرەقە: گەورەترین سوپای رێکخراو تیرۆریستی داعش-ە لەسوریا، مەزەندە ئەکرێ ئەو سوپایە 11 هەزار تیرۆریستبن لەلایەن عەلی ئەلحەموودی ناسراو بەعەلی موسا ئەلشەواخ «ئەبو لوقمان»ەوە سەرکردایەتی دەکرێ، پێشتر لەلایەن رژێمی سوریاوە بەندکرابوو، بەیەکێک لەسەرکردە یەکەمەکانی سوریا دەژمێردرێ، هەروەها چەند سەرکردەیەکی تیرۆریستیتر هەن لەشاری ئەلرەقە لەوانەش عەبدوڵلا ئەلشوخ کە بەرەگەز سووریە، هەروەها توباد ئەلبریج ئەلعەبدلهادی بەڕەگەز عیراقیەو بەرپرسە لەدۆسیەی عەشایەر، ئەبو عەبدولرەحمان ئەلسهو بەرپرسی ئاسایشی شاری ئەلرەقە، ئەبو حەمزە ئەلریازیات بەرپرسی ئاسایش و ئەبو حەسەن ئەلفوراتی بەرپرسی ئاسایش، هەروەها ئەبو ئەحلام (ئەمیر) و ئەبو عەقەبە ئەلجەزراوی.

* سوپای ولایەتی حەلەب: مەزەندە دەکرێ بە11 هەزار تیرۆریست لەلایەن ئەبو ئوسامە ئەلتونسیەوە سەرکردایەتی دەکرێت بارەگاکەی

لەشاری باب لەریفی حەلەب-ە، حەسان عبود ئەلسرمینی (سەرکردەی پێشووی لیوای داود) بەیەکێک لەگەورەترین سەرکردە مەیدانیەکانی ئەم سوپایە دەژمێردرێ لەسوپای ولایەتی حەلەب.

* سوپای ولایەتی ئەلحەسەکە: مەزەندە دەکرێ بە6 هەزار تیرۆریست، لەلایەن ئەحمەد ئەلمحەمەد ئەلعوبید (ئەبو دجانە ئەلرز)ەوە سەرکردایەتی دەکرێ.

* سوپای ولایەتی حومس: مەزەندە دەکرێ بە 4 هەزار تیرۆریست، لەلایەن ئەبو تەڵحەی ئەڵمانیەوە سەرپەرشتی دەکرێ کە پێشتر گۆرانیبێژی راپ بووە، ئەم سوپایە پێشتر لەلایەن محەمەد حسین حەمید سوری-یەوە سەرکردایەتی دەکرا لەیەکێک لەشەڕەکان کوژرا.

* سوپای ولایەتی دیمەشق: مەزەندە دەکرێ بە1500 تیرۆریست.

سەرچاوە:

رۆژنامەی «السفیر»ی لوبنانی.

## بۆ کەرکوك دەکرێتە ئامانج..!؟

کـەرکـوک، شـارێـک لـەئـەزەلـەوە بۆ پێکەوەژیان درووستبووە، ئەو شـارەی کە تێکەڵەیەکە لەهەمو ئایینو مەزهەبو نەتەوە بـەدرێـژایـی مـێـژوش فۆکسی هەمو لایەکی لەسەر بووە.

مێژووی هاوچەرخی ئەو شارە لێوانلێوە لە گێڕانی پیلانی ژەهراوی نەیاران و نەخشەی لەباربردنی هەمو بەها کۆمەڵایەتیەکان و نغرۆبوونی کەرکوک لە کێشە و ململانێ، دوژمنان ماوە نە ماوەیەک بابەتێکی لەبەردەم قوت ئەکەنەوە بۆ ئەوەی هەمیشە کێشەکانی کەرکوک یەک لەدوای یەک کەڵەکە بکرێن تا چارەسەرکردنی ئەستەم بێت!.

له 96 ساڵی رابردوی پێکهێنانی حکومەتی عیراق لەسەر دەستی ئینگلیزو دواتریش هەمو حکومەتە سەربازی و مەدەنیەکانی! کەرکوک بابەتی گەرموگوڕی دەسەڵاتی بەغدا بووە، لێرەو لەوێ پێشنیارێک یاخود وتوێژێک کرابێت لەگەڵ هێزە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکانی کورد بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە پێشتر ئاماژەم بۆ کرد سیاسەتی بەدواخستن و هەڵگرتنی بابەتەکانی کەرکوک بەردەوام وێردی سەر زوبانی دەسەڵاتدارانی بەغداد بوە، ئەویش بەبیانوی ئەوەی هەرجارەی عیراق لەگەڵ لایەنێکی دەرەکی لەنێو کێشەیەکدا ماوەیەکی کاتی بەخۆیەوە خەریک دەکردو ئیتر بەو شێوەیە دۆزی کوردو مەسەلەی کەرکوک رۆژ بەرۆژ زەقترو گەورەتر ئەبویەوە بەجۆرێک کە یاسایان داناوە بۆ ئەوەی رێگری لەیاسایەکیتر بکەن تا بابەتی کەرکوک هەر بەهەڵپەساردو بمێنێتەوە!.

ئەوەی ئێستاش دەگوزەرێت لەڕووبەڕووبوونەوەمان بە گرووپی تیرۆریستی ئیسلامی »داعش« بەشێکە

لەو پیلانە ژەهراویەی ساڵانی ڕابردوی کێبڕکێکانمان لەگەڵ دووژمنانی کوردستان و کەرکوک، ئەو هێزە سەلەفییە توندڕەوی بەناوی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامییەوە دێتو شەڕ دەباتە قاپی کەرکوک لەئەسڵدا مەبەستی هەموو نەخشەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو هێزە ئیسلامییە شەڕەنگێزە سەقافەتی توندوتیژی چاوی سورکردون و بەردەوام لەگەڵ خوێنو کوشتنو سەربڕیندان ئەو هێزە هیچ پەیامێکی ئاسمانی و مرۆییان پێنیە جگە لە ماڵوێرانی و تەفرەدانی خەڵک، کاتێک ئەو هێزە دەیەوێت دزە بکاتە نێو شارێکی وەکو کەرکوکەوە و هەنگاو بۆ دەستبەسەرداگرتنی سامان و سەروەتی کەرکوک بنێت، ئەوە ئەو هێزەیە کە لەبنەڕەتدا کار بۆ تێکدانی بەهای مرۆیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری ناوچەکە و کوردستان و کەرکوک دەکات، تا سەدان ساڵیتر ئەم دۆخەی ئێستامان بەرێتە دواوە.

لەبەرامبەر ئەمەدا کەرکوک دەبێت بەسەرکردایەتی حزبە کوردستانییەکان

نەخشەو پلانی تایبەتی خۆیان هەبێت تاکو بتوانن میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوە بەهێز بکەن و ئەو گروپە تیرۆریستییە ئیسلامییە نەتوانن پەی بە دەسکەوتەکانی پاش پرۆسەی ئازادی بەرن کە ئەوەش بە قوربانییەکانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان دەستەبەربووە، کەرکوک بۆ حزبە سیاسیەکانی کوردستان وەکو هەناسە وایە و مەحاڵە بتوانێت بێ کەرکوک بژیت، بۆیە ئەو ڕێگایانەی دەگیرێنەبەر بۆ لەڕەگەوە هەڵتەکاندنی داعش لە کەرکوک ئەوەیە سەرەتای هەر هەنگاوێک دەبێت یەک ڕیزی خۆمان بەهێز بکەین تا نەتوانن کەلێن لەبەردەم هەنگاوەکانمان دروست بکەن، پێویستە لە کەرکوکدا جگە لە تۆکمەکردنی هێزی سەربازیمان، کار بۆ لەناوبردنی بیری سەلەفیانەی ئەو گروپە شەڕەنگێزە بکەین، بەوەش دەتوانین ڕێگاکان خۆش بکەین لە سڕینەوەی ئەو هێزە تیرۆریستییە، کاتێک خەباتی ئێمە لە دوولاوە سەربازی و فیکری زاڵدەبێت بەسەر هەموو گۆڕەپانەکەدا ئیدی دەتوانین بە شێوەیەکی

سەرنجڕاکێش ئەو هێزە لەناوبەرین.

داعش کەرکوک دەکاتە ئامانج لەبنەڕەتدا دەیەوێت پەلاماری هەموو کوردستان بدات، داعــش قـورسـایـی خـۆی خـسـتـوەتـە سـەر کەرکوک دەیەوێت ئاسەواری شکستی خۆی لەسەر هەوادارانی بسڕێتەوە کاتێک لە کۆبانێ دووچاری داڕوخان و کەوتن دەبێت، دەیەوێت بە پەلاماردانی کەرکوک ورەی هێزە شکاوەکەی بەرزبکاتەوە و بڵێت هێشتا ماوم، بێئاگا لەوەی هەمو جیهان لـەدەوری دژە تیرۆر لەبەردەم مەسئولیەتێکی مێژوییدا وەسـتـاونـەتـەوەو لەبەرەیەکدان دژ بە داعش، ئەوەی دەمێنێتەوە داعش دوا گورزی خۆی وەشاندوە بەشکست پێهێنانیان لە کەرکوک هەموو هێز و تواناکانیان ئاودیوی سوریا دەکرێتەوە و سەرەتایەکیش دەبێت بۆ ئازادکردنی موسڵ و تکریت.

کەرکوک خاڵی وەرچەرخانی گرتنەوەی باڵانسی هێزە، پێشمەرگە بەردەوام دەبێت لە تێکشکاندنی هێزی سەلەفی داعش، کەرکوکیش بـە ئـارامـی دەمـێـنـێـتـەوە ســـەرەڕای هەمو پیلانەکان.

ئــەوەی پێویستە بــووتــرێـت ئـایا دوای لەناوبردنی داعش و تەواوبوونی ئەم دۆخە، کـەرکـوک ڕووبــەڕوی چ سیاسیەتێکی تری دڕندانی دووژمنان دەبێتەوە، بۆیە ئەم شەڕەی کەرکوک بەردەوام دەبێت تا هێنانەدی خەونی کوردایەتیمان بە گەڕانەوەی بۆ سەر ئیدارە و نەخشەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە کاروانی قوربانیداندا ناسرەوین تاسەرکەوتنی یەکجارەکیمان.

# داعش 50 ئایەتی قورئان بۆ پاساوەکانی دەهێنێتەوە

«شەوقی عەلام» موفتی میسر پێش کۆتایی ساڵی ڕابردو ڕایگەیاندبوو ئەوەی ڕێکخراوی داعـش پێیهەڵدەستێت لادانــە لـە ئیسلام و یاساکانی مرۆیی، هەروەها دەڵێت ئەو ڕێکخراوە 50 ئایەتی قورئانی بۆ پاساوەکانی دەهێنێتەوە.

ڕۆژنامەی "الیوم السابع"ی میسری لەسەر زاری شـەوقـی عـەلامـەوە دەڵـێـت: داعـش 50 ئایەتی دەرهـێـنـاوە لە قـورئـان بۆ رەوایـیـدان بـە کـردەوەکــانــی، هــەر بــەوەش گەنجانی فـریـوداوە، ئـامـاژە بۆ ئـەوەش دەکـات داعش فەرموودەکانی خوا ئیستیغلال دەکات و خراپ بەکاریاندەهێنێت، سەرەڕای شیکردنەوەی هەڵە بۆ هەڵسوکەوتەکانی پێغەمبەری خودا.

موفتی میسر ئەوەشی وتووە کە ئەوەی داعش لافی لێئەدات بە دامەزراندنی دەوڵەت شتێکی ڕەوایە ئەگەر هاتوو لە بیابانێکدا ڕایانگەیاندبا، بەڵام ئەوە ڕەوانییە کە لەناو خاکێکی ئیسلامیدا ئەم دەوڵەتە ڕادەگەیەنن و ئەمەش قابیلی قبووڵ نییە.

پاشان دەڵێت: ڕێزگرتن لە ڕاستییەکانی ئیسلام هێزێکی نەرم دەدات بەوەی کە خەڵک نزیکبێتەوە لە ئیسلام، تەنانەت ئەگەر ئەو ڕاستیانەش دژی موسڵمانان بن. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات ڕێکخراوی داعش کە ناوی خۆی ناوە «دەوڵەتی ئیسلامی» لێرەو لەوێ هەڵدەستێت بە هێنانەوەی پاساو بۆ کردەوەکانی کوشتن و تەقینەوە لە عێراق و سووریا لەژێر درووشمەکانی ئیسلام. شەوقی عەلام لە مەترسییەکانی داعش تێگەیشتووە بۆیە باس لەوە دەکات کە ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییە لە سەرانسەری دەقەکانی قورئاندا پشت بە 50 ئایەتی قورئانی دەبەستێت، بەڵام عەلام ناوی ئایەتەکان ناهێنێت کە کامانەن، دواتر ئەوەی بەلاوە ڕەوایە داعش دەوڵەت دابمەزرێنن، بەڵام لەسەر خاکی موسڵمانان

نا!. کاتێک وردبینەوە لەم لێدوان و قسانەی شەوقی عەلام بە تایبەتی کە دەڵێت 50 ئایەت هەیە بۆ هەڵسوڕاندنی کارەکانی دعش و راییکردنی کاری تیرۆریستیان، مرۆڤ سەرسام دەبێت بۆ دەبێت موفتییەکی میسر کە وڵاتەکەی ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش و هاوشێوەکانی وەستاوەتەوە ئەم قسانە بکات و رێگە خۆش بکات بۆ رەوایی دان بە هەنگاوەکانی داعش، باشە دەبێت کردەی باشی داعش لەچیدابێت، ئەوی شارەزا دەبووا سەرزەنشتی هەموو کارێکی قێزەونی رێکخراوی تیرۆریستی داعشی بکردباو بێ پێچوپەنا رایەکانی خۆی ئاشکرابکات کە یان ئەوەتا پشتیوانی داعش دەکات یان بێدەنگ بێت باشترە، هیچ نەبێت لەبەر وڵاتەکەی کە ئێستا لە جەنگ دایە دژ بە گرووپە تیرۆریستییە سەلەفییەکانی دەورووپشت.

باشە حیکمەت لە چیدایە ئەم شەوقییە ئاماژە بۆ ئەوەبکات کە ئاساییە داعش دەوڵەت درووست بکات، بەڵام ئەو دروستکردنە لە خاکی موسڵمانان نا! ئەمەش دیسانەوە بە ناڕاستەوخۆ پشتیوانییە لە هێزی تیرۆریستی

داعش کە دەتوانن سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان لە خاکی موسڵمانان دووربخەنەوەو ئاڕاستەی کردەوە تیرۆریستیەکانیان بەرنە رۆژئاوا و ئەو وڵاتانەی موسڵمان نیین! ئەم قسەیەش دیسانەوە بەڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ داکۆکییە لە پشتیوانیکردنی توندوتیژییەکانی داعش و ڕێگایان بۆ خۆش دەکات کە درێژە بە تاوانی گەورەتر بدەن بە تایبەتی لە دەرەوەی خاکی موسڵمانان، قسەی شەوقی عەلام وەکو پیاوێکی ئایینی بە تەنیشت ئەزهەرەوە مایەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، بە تایبەتی کە شێخ ئەحمەد تەیب شێخی ئەزهەر لە ڕۆژی چوارشەممە 4/2/2015 لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی کوشتنی مەعاز کەساسبە، فڕۆکەوانە ئوردنیەکە دەکات کە بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە دەیسووتێنن تا مردن! ئیدانەکردنەکەی شێخ تیایدا هاتووە «دەست و قاچی تیرۆیستانی رێکخراوە توندڕەوەکە ببڕنەوە و لە خاچیان بدەن و بیانکوژن» ئەم دەستەواژانە پێمان دەڵێت کە گرووپەکانی ئیسلام لەگەڵ کوشتن و بڕیندا راهاتوون و فتواکانی ئەوان هێند توندە ئەوەندە بەخشندەیی تیانییە، باشە

داعشێکی بەربەری و تیرۆریست کە خوا ناناسێت و مەلایەکی دامەزراوەش هەمان بەرنامەی توندوتیژیان هەیە، سەیر لەوەدایە هەموو هەنگاوەکانی ئەوان بۆ سڕینەوەی مرۆڤە لەڕەگەوە، پیاوانی ئایینی میانڕەو لەگەڵ پیاوانی ئایینی توندڕەو یەک گوتاریان هەیە، ئەمە پێماندەڵێت کە ناوچەکە زیاتر بۆنی خوێنی لێدێت، پێمان دەڵێت بەسوود وەرگرتن لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز هەموو کەسێ دەتوانێت فەتوا بدات و ئەوەی دەیەوێت بە ئارەزووی خۆی بەیانی بکات! ماوەتەوە بڵێین کورد لەگەڵ دەوروپشتێکی بێ ڕەحم و بێ بەزەییدا ڕووبەڕوو بۆتەوە، چۆن بتوانێت مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکات، شەڕی ئەوان شەڕی مەزهەب و دەقی ئایەت و فەرموودەکانە، شەڕی ئێمەش بۆ بەرگری کردن لە مانەوەی نەتەوەیەکی زوڵملێکراوی مێژووە، پێویستە بەر لەهەموو هەنگاوێکمان تواناکانی خۆمان یەکبخەین و ستراتیژێکی هاوبەشی نوێ بۆ راستەڕێی ئایندەمان دیاری بکەین، داعش ئێستا بەهێزی سەربازی تیرۆریستییەوە لەمەیدانی شەڕە دژ بە

ئەزموونەکەمان، ئـەوەی مەترسییە ئەوەیە
کـە دوای نەمانی هـێزی سـەربـازی داعش
بەکام ڕێگا دێنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەمان،
ئەمە ئـەو پرسیارەیە بــەردەوام ئەبێت
لەزیهنماندا گەڵاڵەی بکەین؟!.

## شەڕە گەورەکەی نەوت؟

ڕۆژنامەنووسی میسری عەبدولمونعیم سەعید سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی»المصری الیوم»و ئەنجومەنی بەڕێوەبردن و بەڕێوەبەری بنکەی هەریمایەتی بۆ توویژینەوەی ستراتیژی لە قاهیرە، لەدوایین وتاری خۆیدا بەناونیشانی» شەڕە گەورەکەی نەوت؟» کە لە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت ژمارە(13168)ی رۆژی چوارشەممە 17/12/2014 بڵاوکراوەتەوە، تیشکدەخاتە سەر کانزایەکی گرنگ وەک بەها و وەکو بەکاربەر.

سەرەتای باسەکەی دەڵێ:»جەنگی جیهانی دووەم نیشانەیەکی جیاوازتری دەرخست لە مێژووی هاوچەرخدا ئەویش

چەند هۆکارێکی خۆی هەبوو، یەکێک لەو دەرکەوتە پڕوپاگەندەییەی ئەوە بوو جیهان لە فرەجەمسەرییەوە گواسترایەوە بۆ دوو جەمسەری لەنێوان ولایەتە یەکگرتووەکان و یەکێتی سۆڤێتدا کە سەرئەنجام شەڕی ساردی لێکەوتەوە و چەند دەیەیەکی خایاند، بە تەنیا سیستمی نوێی جیهانی نەگۆڕا بەڵکو زۆر بابەت ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات، گرنگترینیان بەکارهێنانی ئۆتۆمبێل بەڕێژەیەکی فراوان بە هەموو شێوە و چەشنێک، هەروەها دواتر بۆ تانک و فڕۆکەو تا کەشتی سەربازییش، ئەمانە هەموویان بە نەوت کاریان دەکرد تەنانەت کەوتن و دۆڕانی ئەڵمانیاش هۆکارەکەی بۆ گرتنەوەی نەوت بوو لەو وڵاتەدا، بەم شێوەیە نەوت وەک کاڵایەکی ئاسایی نەمایەوە بەڵکو ستراتیژیەتێکی فراوانی پێدرا لەڕووی فۆرم و ماناوە، بە تایبەتی ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا هات لەپیشەسازی و کشتوکاڵ و شەڕ و ئاشتیدا پشت بە جوڵە و پێشکەوتنی نەوت دەبەسترا».

ئەم سەرەتایەی بابەتەکەی عەبدولمونعیم پێمان دەڵێت کە چارەکی دووەمی سەدەی

بیستەم بە هۆی سەرهەڵدانی کێبڕکێکان و دۆزینەوەی نەوت و سوودوەرگرتن لە بەرهەمە نەوتییەکان، مرۆڤایەتی هەندێک هەنگاوی گەورەی نا بە جۆرێک کە تەنانەت شەڕی جیهانی دووەمیش ململانێکە بەشێکی بۆ کۆنترۆڵکردنی بەرهەمە نەوتیەکان بوو، چونکە سۆڤێتی جاران خاوەنی ژێرخانێکی گەورەی سووتەمەنی نەوت بوو، تەماحی ئەڵمانیاش جگە لەخاکەکەی بەشە ئابوورییەکەی سۆڤێت بوو، وەلێ سۆڤێت بەخۆڕاگری خۆیو ململانێ سەرسەختەکەی شەڕی خاکو نەوتی بەرپاکرد تا ئەڵمانیای خست.

نووسەر لە بەشێکی تری بابەتەکەیدا دەڵێت»شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 نیشانەیەکی تربوو بۆ کاریگەری نەوت لەسیستم و ژیانی مرۆڤایەتی»، هەروەها دەڵێت»حیکایەتی نەوت لەم ساڵدا زۆرترین قسەی لەسەر بووە، دوای ئەوەی هەموو نیگاکان لەسەر ئەمریکابوو، ئەوە ئێستا ئەمریکاش نەوت بۆ هاوپەیمانەکانی هەناردە دەکات دوای ئەوەی نەوت لە هەندێک شوێنی ڕەقەڵەی بەردین دۆزرایەوە لە ئەمریکا، ئەمە و لە گەڵ باسی

یەکەمیش بەسەربەخۆیی کردنی روسیابوو بۆ هەناردەکردنی غاز بۆ ئەوروپا، بەڵام هەواڵی دووەم ئەوەیە کە لەناوەڕاستی ئەمساڵەوە نرخی نەوت زۆر بەخێرایی دابەزی هەروەک خێرایەکەی تسونامی لـە110 دۆلارەوە بۆ یەک بەرمیل گەیشتە 65 بۆ 70 دۆلار بۆ یەک بەرمیل، ئەمەش وەک خۆشحاڵیەک وایە بۆ ڕۆژئاوا، بەڵام دابەزینی نرخ بۆ ئەم ئاستە دەبێتە هۆکارێکی گەورەی ئابووری ناخۆش بۆ ڕوسیاو ئێران و فەنزویلا، ئەمانەش هەموویان یەک تیمن بەرامبەر بەڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکاش بە تایبەتی، هەواڵی سێیەمیش ئەوەیە کە ئەو نەوتەی ئەمریکا کە بە نەوتی بەردین ناودەبرێت، بڕی تێچوونی دەگاتە 70 دۆلار بۆ یەک بەرمیل ئەمەش هەواڵێکی زۆر خۆش نییە بۆ ئەمریکا، بۆیە ئەم بڕە نرخەی ئێستای نەوت زیانێکی زۆر لە کۆمپانیا ئەمریکیەکان دەدات کە پارەیەکی زۆری بۆ نەوتی بەردین تەرخانکردووە».

لێرەدا نووسەر حیکایەتەکانی هێنان و بردنی نەوتمان بۆ دەخاتەڕوو کە چۆن کۆمپانیا زەبەلاحەکان ململانێیانە بۆ دەستبەسەراگرتنی

نەوتی جیهان و بازاڕی جیهانی نەوت، هەورەوەها سەرچاوە سروشتییەکانی نەوت شەڕی گەردوون دەکەن، هەموو ئەمانەش شەڕی ئابووریە زلهێزەکانی جیهان بەناوی ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانییەوە بەرامبەر بەیەکتر دەوەستنەوە لەپێناوی خستن و شکاندنی ئەویدی.

نووسەر لە بەشێکی تری بابەتەکەیدا دەیەوێت پێمان بڵێت وڵاتانی عەرەبی خاوەن ژێرخانی نەوتن و دەتوانن بەشێوەیەک لە شێوەکان بچنە نێو گەمە سیاسییەکانی دنیاوە و دەتوانن هەمەچەشنەی کاری بازرگانی نەوت و غاز بکەن.

دواتر نووسەر ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت ئەم قۆناغە بەرەو کوێ دەڕوا بە تایبەتی بەرەو ساڵی 2015 زۆر بەخێرایی هەنگاو دەنێن، دەڵێت ڕوون نییە ئاڕاستەکان بەرەو کوێ دەڕۆن، نووسەر مەترسی ئەوەش دەخاتەڕوو کە ئەو نەوتە بەردینەی ئەمریکا نرخی زۆر تێدەچێت و تەکنەلۆژیای نوێی دەوێت ئەوە جگەلەوەی کاتێکی زۆریش، هەروەها دەڵێت گەردوون ڕۆژ بەڕۆژ لە فراوان بوون و زیادبووندایە

بە تایبەتی هندستان و چین بازاڕەکانی ئەوان تینووی نەوتی هەرزانن، کاریگەرییەکانی ڕوسیا و ئێرانیش بۆ دابەزینی نرخ بە تایبەتی ئەوان هەردووکیان کەوتوونەتە نێو چەند شەڕێکەوە لەگەڵ ڕۆژئـاوا تەنانەت ناکۆکیەکانیان لەسەر سوریاو عیراقو لوبنان و فەلەستین، نووسەر ئـەوەش باسدەکات یەکێک لەو خاڵانەی بووە مایەی دابەزینی نەوت لە هەشتاکانی سەدەی رابردوودا هۆکارەکەی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤێتی جـاران بـوو هــەورەک ئێستاش وایە چۆن روسیا هەموو تواناکانی لەسەر نەوت چڕ کردۆتەوە نووسەر دەڵێت ئایا هیچ لەمەسەلەکە گۆڕاوە؟، پێش ئەوەی ئابووریان بەرەو دواوە بگەڕێتەوەو دووچــاری روخـانـی سیاسی بن تارانو مۆسکۆ دەتوانن ریشەی جیاکارییەکانیانو بۆچونەکانیان لابەرن لەپێناوی مرۆڤایەتیدا.

نووسەر لە کۆتاییدا پێیوایە شەڕی گەورەی نەوت لە بنەڕەتدا بۆ خواستی بازاڕەکانی جیهانی نـەوتـە، بـۆیـە دەبـێـت بـەرهـەمـو تەکنەلۆژیای دەکـردنـی نـەوت ببێتە مایەی دانـانـی نرخێکی گونجاو بۆ هەمووان، پێیوایە ئەوەش ئاسان نییە.

## نهێنیی سەرهەڵدانی داعش و 10 ئەنجامی چاوەڕواننەکراو

پێش شەش مانگ، هەموو شت چاوەڕوانکراو بوو، دەزانرا کەچی دەگوزەرێت لە عیراقی هەنجن هەنجنکراودا، لە چەند دیدارێکدا پێش ئەوەی داعش موسڵ بگرێت و دواتریش ئەم ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییە بووە جێگەی تێڕامانی من و سەرنجی وردم دەدایە کە کۆکردنەوەی ئەو هەموو نهێنی و پێشهاتە لەلایەن ڕۆژنامەنووسێکی پەیامنێری bbc دەبێت چۆن ئەو یەقینەی لەلا دروست بووبێت بۆ ئایندەی ڕووداوەکان، جاروباریش خۆم بیرم دەکردەوە کە ئەوە سەرئەنجامی خوێندنەوەی قووڵی میدیاکارێکی بەئەزموونە کە چۆن دەتوانێت شەنوکەوی ڕووداوەکان بکات و دواتریش وەکو خۆی دەربچێت!.

ئەو پێشبینییەی «کیڤن کونولی» پەیامنێری bbcباشترین بەڵگەیە کە پەیامنێرانی دەزگاو ناوەندە گەورەکانی جیهان بۆ هەر راپۆرتێک خۆیان ماندوو دەکەن تاکو ڕاستی قسەکانیان دەسەلمێنن. ئەوان بەدوای وردترین زانیاریدا دەگـەڕێـن و بـۆ هـەر وشـەیـەکـیـش سـەد حیسابی بۆ دەکەن. ئەم وتارەی لەبەردەستی ئێوەدایە، یەک ساڵ پێش ئێستا دروست لە 14/12/2013 لەسایتی bbcبڵاوکراوەتەوە لـەلایـەن ڕۆرژنـامـەنـووس «کیڤن کونولی» بەناونیشانی «بەهاری عەرەبی: 10 ئەنجامی چاوەڕواننەکراو». لەبەر گرنگی بابەتەکە، هاوکات بۆ تێپەڕبوونی بڵاوکردنەوەی هەمان بابەت، بەندە بەپێویستم زانی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی تا خوێنەرو سیاسییەکانی کورد و میدیاکارانمان سودی لێوەربگرن.

## کیڤن کونولی*

لـەم وتــارەدا پەیامنێری بی بی سی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کیڤن کونولی، باس لە 10 ئەنجام دەکات کە شۆڕشەکانی عەرەبی نەیانتوانیوە بەدی بهێنن.

1 – رژێمەکانی پاشایەتی خۆڕاگر دەبن

لەبەردەم زریانەکە.

هەتا ئێستا خانەوادەکانی پاشایەتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆشحاڵن بە بەهاری عەرەبی، یاخود باشترە لەوەی بووترێت هەندێکیان دەترسان لێی، وەکو ئەوەی لە ئوردن و مەغریب و کەنداویش روویدا، بەڵام ئەو حکومەتانەی کە لەرزین و کەوتن، زۆربەیان هاوشێوەی سۆڤێت بوون، یەک حزب تیایدا باڵادەست بوو، هەروەها دامەزراوەی ئەمنی بەهێز پشتیوانیانی دەکرد. بینرا کە رژێمی بەحرەینی پاشایەتی هەموو شێوازێکی توندوتیژی بەکارهێنا، بەڵام ئەوەی پاشاکانی تری راگرتبوو، ئەو رێکارە ئەمنییە نەرمونیانانە بوو کە پەیڕەویان دەکرد.

دەسەڵاتدارانی قەتەر هەر لەیەکەم مانگی شەپۆلی توندوتیژییەکانی عەرەبییەوە هەڵسان بەلابردنی کرێی وەزیفەکانی کەرتی گشتی، دەوڵەتانی کەنداو توانای هەناردەکردنی تووڕەبوونیان هەیە بۆ دەرەوەی خۆیان، زۆربەی وەزیفەکانی کرێیەکی کەم وەردەگرن، دراوە بەکرێکارانی بیانی، ئەگەر سکاڵایەکیش بکەن لەدۆخی کارکردنیان، ئەوکاتە زۆر بەئاسانی دەیاننێرنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان.

## 2 - ویلایەتە یەکگرتووەکان چیتر هەڵسوڕاوی گەمەکە نابێت

بەهاری عەربی قازانجی تێدا نەبوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەر لەسەرتاوە پێی وابوو ئەوە دەبێتە ئیستێک بەرامبەر بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چێژ لە هاوپەیمانێتییەکان دەبینێت، دەشێت بەشێک وەکو وڵاتانی میسرو ئیسرائیل و سعودیە پشت بەو هاوپەیمانێتییە ببەستن، بەڵام نەیتوانی لەگەڵ ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانی میسر بڕوات کە سەرۆکێکی ئیسلامییان هەڵبژارد. «محەمەد مورسی»، دوای ساڵێکیش سوپا خستی، ئەویش لەچوارچێوەی داواکارییەکی میللی بۆ دوورخستنەوەی.

ئیدارەکەی ئۆباما حەز بەهەڵبژاردن دەکات، بەڵام حەز لە ئەنجامەکانی ناکات کە دەبینێت ئیخوان موسلمین هەڵبژاردنەکە لەمیسر دەباتەوە.

هەروەها ئەمریکا حەز بەکودەتای سەربازیش ناکات (لانیکەم لەسەدەی بیست و یەکەمدا)، بەڵام بەختەوەرە بەوەی کە ڕژێمێک لەلایەن سوپاکەیەوە پشتیوانی لێدەکرێت و هەوڵی پاراستنی پرۆسەی ئاشتی دەدات لەگەڵ ئیسرائیل.

ئەمریکا هێزێکی گەورەیە، بەڵام وەکو جاران هەوڵ نادات کۆنترۆڵی بارودۆخ بکات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمریکا خۆی بەتەنیا ئازار ناچێژێت بۆ ئەم شکستە، تورکیاش ئەو لایەنە براوەیەی لە میسردا هەڵنەبژارد، تەنانەت تورکیا ئەوەشی بۆ هەڵنەکەوت کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی سوریا چارەسەر بکات.

3 – سوننە لەڕووبەڕووبوونەوەی شیعەدا

زۆر بەپەلە راپەڕینە بێ چەکەکەی دژبەحکومەتی سوریای سەرکوتکەر، بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی ئەهلی لە چوارچێوەی شەڕی تایەفیدا کە هەموو لایەنەکان لەناو خۆیاندا ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە.

لە کاتێکدا کە دۆخەکە ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو هەڵکشان دەچێت، شیعەی ئێران و سوننەی سعودیە شەڕێک بەوەکالەت بۆ سوریا دەکەن. هەر بۆیە قووڵبوونەوەی دووبەرەکی لەنێوان ئەم دوو تایفەیە بووە هۆی دەرخستنی ئاستی تۆقین و توندوتیژی تایفی لەعیراقدا، کە دەشێت گرنگترین خاڵی بۆماوەیی بمێنێتەوە بۆ چەندین ساڵیتر لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا.

4 - ئێران براوەیە

کەس لەسەرەتادا باوەڕی بەوە نەدەکرد کە ئێران سوود لە بەهاری عەرەبی دەبینێت، سەرەتای ڕووداوەکان ئێران پەراوێزخرابوو، ئەو ئابلۆقە قورسە سەپێنرابوو بەسەریەوە بەهۆی خواستە ناوەکیەکانییەوە، بەڵام ئەمڕۆ باوەڕ بەوە ناکەی کە هەر چارەسەرێک لەسوریا بەبێ خواستی ئێران مەحاڵە سەربگرێت، تەنانەت کەوتە وتووێژکردن لەگەڵ ڕۆژئاوا لەبارەی بەرنامە ناوەکیەکانییەوە لەژێر ناوی سەرۆکایەتی تازەدا.

ئەمەش ئامادەگی ئەمریکای وروژاند بەرامبەر بە ڕێکارەکانی وتووێژ لەگەڵ ئێراندا، بەهەند وەرگرتنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سعودیە و ئیسرائیل لەلایەکی ترەوە، هەر بابەتێکیش جێگەی سەرنج بوو لەلایەن ئەو دوو دەوڵەتەوە، پێکەوە لەگەڵیان دادەنیشێت بەجیا بۆ گفتوگۆکردن کە بێگومان ئەو دانیشتنانە مێژوویی دەبن.

5 - براوە دۆڕاوەکان

دیاریکردنی براوەو دۆڕاو لەنێوان هەریەکێکدا، بێگومان دەبێتە فیلێکی گەورە، با هەوڵ بدەین تێڕوانینێک دەربڕین لەبارەی

ئیخوان موسلمینەوە لەمیسر، کە سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا لەهەڵبژاردنی دوای رووخانی «حوسنی موبارەک»، دوای 80 ساڵ لەکاری نهێنی ئەو گرووپە خۆیان ئامادە کرد بۆ سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی گەورەترین وڵات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بەڵام سوپای میسر هەر زوو ئەو گرووپەی لەسەر دەسەڵاتی میسر لابرد، جارێکیتر گەڕانەوە بۆ کاری نهێنی خۆیان پاش ئەوەی وەکو گروپێکی یاساغ سەرلەنوێ راگەیەنران، پاشان سەرکردە ناسراوەکانیان درانە دادگا، دوای یەک ساڵیش وا سەیر دەکران کە بردویانەتەوە، بەڵام دۆخەکەیان ئێستا گۆڕاوە. ئەو هەواڵەش خۆش نەبوو بۆ وڵاتێکی وەکو قەتەر، ئەو میرنشینە بچوکەی کەنداو کە پشتیوانی گرووپی ئیخوان موسلمین بوو دژ بە شەڕی دەسەڵاتی میسر، لەگەڵ سەرەتای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبیش وڵاتی قەتەر پشتیوانی شۆڕشگێڕانی لیبیای دەکرد، بەپێی ئەو نەخشە ستراتیژیەی هەیبوو بۆ فراوان بوونەوەی دەسەڵاتی لەناوچەکەدا، بەڵام ئێستا دۆخەکە وانییە و بەو شێوەیەش دەرنەچوو بۆ ئەوان.

## 6 - کوردەکان دەستکەوتەکانی خۆیان دەچننەوە

کوردەکانی کوردستانی عیراق وەکو براوەی ئەم بارودۆخە دەبینرێن، تەنانەت دوور نییە بگەنە ئەو ڕێگایەی کە دەمێکە خەونی پێوە دەبینن، ئەویش دروستبوونی دەوڵەتی خۆیانە، ئەوان لە باکووری عیراق نیشتەجێن، ناوچەکەیان دەوڵەمەندە بەنەوت، ئەوان ئابوورییەکی سەربەخۆی بەهێزیان هەیە لەگەڵ تورکیا، هەروەها خاوەنی ئاڵا و سرودی نیشتمانی خۆیانن، هێزی چەکداری خۆیان هەیە.

دوور نییە کوردستان یەکێک بێت لەوانەی قازانج دەکەن بەهەڵوەشاندنەوەی ئەوەی لەعیراقدا ڕوو دەدات. وەک دەبینرێت عیراق وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو مامەڵە ناکات، بەڵام پاشەڕۆژی ناوچەکە خاڵی نابێت لەقەیران، کوردەکان بەدرێژایی سنوری ئێران و سوریا و تورکیا نیشتەجێن، بەڵام کوردەکان شارێکی وەکو هەولێریان هەیە، پێشبینی دەکرێت پاشەڕۆژێکی پرشنگدار و پڕ لەئازادی هەبێت، شەپۆلی گۆڕانکاری لەکوردستان بەرلەهاتنی بەهاری عەرەبی سەریهەڵدا، بەڵام کوردەکان

هەر سوود دەبینن لەو شەپۆلە گۆڕانەی کە ناوچەکە پێویستی پێیەتی، لەپێناوی بەهێزکردنی مافەکانیان.

7 - ژن قوربانییە

هاوکێشەکانی بەهاری عەرەبی و دەرئەنجامەکانی بەلای کەمەوە هەتا ئێستاش زۆر جێگەی داخە، بەهەموو مانایەکی وشە. لەناوەندی قەرەباڵغی خۆپیشاندەرانی مەیدانی تەحریر هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانەکانەوە لەمیسر، کۆمەڵێک ژن هەبوون داوای مافە تایبەتییەکانی خۆیان دەکرد، لەپاڵ مافە سیاسییەکان کە خۆپیشاندەران قورساییان خستبووە سەری، بەڵام دۆخەکە بە تایبەتی بۆ ئەو ژنانە بێ هیوا بوو، پەلامارە سێکسییەکان کە دەدران زۆر مەترسیدار بوو، ئامارەکانیش ئەوەیان بۆ رای گشتی دەرخست دامەزراوەی «تۆمسۆن رۆتەرز» رێکیخستبوو، میسر دواکەوتووترین وڵات بووە بەرامبەر بەژنان، تەنانەت لە سعودیەش خراپترە، ئاماژە خراپەکانی توندوتیژی سێکسی و مافی منداڵبوون نیشانەیەکی خراپی تۆمارکرد بۆ میسر، هەروەها مامەڵەی ژنان لەنێو خێزاندا، سەرەڕای تێکەڵبوونی بەسیاسەت و ئابووری.

## 8 - ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

لەسەرەتای جموجۆڵی نارەزایەتیەکان هۆکارەکانی میدیای رۆژئاوا سەریان سوورڕمابوو لە ڕۆڵی داهێنەرە تازەکان، وەکو پێگەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک و تویتەر، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی عەرەب حەز بە هۆکارەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک دەکەن. هۆکارەکانی تری کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەهەندێک وڵاتدا وەکو سعودیە، ئەم هۆکارە جەماوەرییە توانیویەتی لە شانشینی سعودیە جێگەی خۆی بکاتەوە بەرامبەر بەمیدیای پاڕانەوە کە میدیایەکی وشکە بۆ دەربڕین. سەرەڕای ئەوەی ئەو میدیایە لەکاتی نارەزایەتییەکاندا رۆڵێکی بەرچاوی گێڕا، بەڵام بەشێوەیەکی فراوان شارەزایان و دەوڵەمەندە بژاردە لیبراڵیەکان بەکاریان دەهێنا، ئەوەش زۆرجار دەبووە مایەی بڵاوبوونەوەو گواستنەوەی تێڕوانینەکان، سەرەڕای ئەو هەموو هەنگاوەش دووچاری شکست هاتن لەسندوقەکانی هەڵبژاردن. بەوشێوەیە کەناڵەکانی ئاسمانی زۆرترین بایەخیان هەبوو بۆ ئەوانەی کە رێژەیەکی زۆربوون لەخەڵکی

کە خوێندەوارییان نەبوو، نەشیاندەتوانی بگەنە ئینتەرنێت.

«باسم یوسف» وەکو دکتۆرێکی هەناوی دڵ لەمیسر بە کورتی باس لەخۆی دەکات کە چۆن بۆتە بێژەری تەلەفزیۆن، حیکایەتەکەشی بەگشتی ئەوەیە کە یوسف کارە گاڵتەئامێزەکانی خۆی لەسەر ئینتەرنێت دادەنا کە دواتر دەگوازرایەوەو دەبووە دیاردەیەکی نێودەوڵەتی پاش ئەوەی کە دواتر دەبووە کارێکی بەرنامەی تەلەفزیۆنی، هەر بەوەش ناسرا بە «جۆن ستیورات-ی میسری».

9 - بازدانی موڵکدارێتی لە دوبەی

تائێستاش دەرئەنجامی ڕووداوەکان لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئامادەگیان هەیە لە دەرەوەی سنووری ئەو وڵاتانەی کە سەرهەڵدانی تیابوو، بۆچونێک هەیە کە دەوترێ بازاڕی موڵکدارێتی لەدوبەی بازدانێکی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت دوای ئەوەی کە خاوەن سەرمایەکان لەو وڵاتانەی کە سەقامگیر نین دەگەڕێن بۆ شوێنێکی باشتر، هەم بۆ خانەوادەکانیان و هەم بۆ وەبەرهێنانیش، ئەو دەرئەنجامەش لەئاستێکی زۆر توندا لەبازاڕەکانی موڵکدارێتی پاریس و لەندەن دەبینرێ.

## 10 - چوارگۆشەی سفر

ئەو نەخشەیەی کە پێشتر بەریتانیاو فەرەنسا لەجەنگی جیهانی یەکەمدا وێنەیان بۆ کێشابوو، بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت، سوریا و عیراق کە نەخشەیان بۆ دانرا وەکو ئەوەی ئێستایان، نازانرێت ئایا هەروەکو خۆیان دەمێننەوە وەکو دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە پێنج ساڵی ئایندەدا یان نا؟

هەروەها لیبیاش مرۆڤ ناتوانێت پێشبینی بۆ کاروباری بکات، لیبیا هاوکارییەکی سنوورداری بۆکرا لەلایەن ڕۆژئاواوە، هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیا و فەرەنسا سەرکەوتنیان بە دەستهێنا لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەیدا، بەڵام نەیانتوانی لەجیاتی ئەوە دیموکراسی و سەقامگیری مسۆگەر بکەن.

وانەیەکی کۆن هەیە، جیهان جارێکیتر لێوەی فێر دەبێت، ئەویش ناتوانی پێشبینی بۆ هیچ شۆڕشێک بکەی، بەڵام لەوە دەچێت بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بێت، پێش ئەوەی دەرئەنجامەکانی روون ببنەوە.

* پەیامنێری بی بی سی لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست – قودس

## کێ کەرکوك بباتەوە ئەوە حوکمی عیراق و بەشێك لەناوچەکەش دەکات

دوای رۆیشتنی دەسەڵاتی عوسمانی لەم وڵاتەو لەپاش نەمانی جەنگی جیهانی یەکەم و هێشتا دەوڵەتی عیراق تەنها 5ساڵ تێپەڕی بوو بەسەر دامەزراندنی درووست لەساڵی 1927ز لەشاری کەرکوک یەکەم بیرە نەوت لێدراو ئیدی لەوڕۆژەوە کەرکوک بوە جێگەی تێڕوانینی دەوڵەتی تازە دامەزراوی تورکیاو کێبڕکێی ناوخۆی عیراق و وڵاتانی دەروپشت کە دۆزینەوەی نەوت بوە سەرەتای سەرهەڵدانی ململانێی ناوچەکەو جیهان، ئەوی ڕۆژێ ئەم سامانە بوە تاقیگەیەکی گەورە بۆ چواردەورو جگەلە کەرکوک خێروبێری بۆ سەرجەم ناوچەکەدایەوە!

کەرکوک چەقی ململانێ و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش قەبەکردنەوەی بازنەی کێشەکان و هەمیشە داخستن و دواخستنی دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی بەئامانجی لێکتێگەیشتن مەحاڵ بەردەرکی گرتوە کە ڕێگا ئەوسەری نادیاربێت، بە بەردەوامی لە خەیاڵی خۆمدا وێڵی دۆزینەوەی ئەو گرێکوێرەم کە دەبێت نهێنی چیبێت کەرکوک لەنێوان سەدەیەک پڕ لەململانێ و کێبڕکێی سەختدا هێشتا هەر لەسەرتایە، هەموو ئەرشیف و دۆسیەکانی پرسی کەرکوک هەڵدەینەوە لە نامەخانەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئینگلیزی داگیرکەر و عیراقی پادشایی و کۆماری تروسکایەک چارەسەر نابینی ئاسۆیەکی فراوانت پێشکەش بکات کە کەرکوک ببێتە هیوایەک بۆ هەموان و چەترێکیش بۆ پێکەوەژیان!، ئەگەرنا لۆژیک چیە بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵەو بە تێپەڕبوونی کات و سەردەمە جیاوازەکان و ئاڵوگۆڕە ئیداری و سیاسییەکان کێشەی کەرکوک لە شوێن خۆیدا دەخولێتەوە.

ئەمڕۆ کەرکوک ئەو بەرمیلە باروتەیە کە هەرساتێک بتەقێتەوە تەرازووی سیاسەتی نەک هەر وڵات، بەڵکو ناوچەکەش دەگۆڕێت. گردبوونەوەی هێزێکی تیرۆریستی وەکو داعش لە بنەڕەتدا تەنها بۆ لەناوبردنی دەسەڵاتی شیعە نییە لە عیراقی تازەدا، بەڵکو سڕینەوەی ئاسەواری دەسەڵاتی کوردانەی 23ساڵی ئازادی هەرێمێکە بووەتە جێی مشتومڕی ناحەزانی ئەزموونی کوردستان، ئەوە کوردە بە تەنها شەڕی خەلافەتی ئیسلامی توندڕە و دەکات کە دەیەوێت هەموو رەنج و خەباتی لە یەک ساتەوەختدا بکات بەڕابردوو! ئێمەی کورد ئەگەر دووچاری کارەسات بین بە پیلانێکی نێودەوڵەتی بە ئاسانی ئەزمونەکەمان بۆ کۆنابێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا هەمانە، چونکە دەورووپشتمان هەردەم زاڵمانە مامەڵەیان لەگەڵ پرسی کوردستان کردووە، ئێستاش کەرکوک لەنێوان چەندین ئەگەردا کەوتوەتە گەمەیەکی هەستیارەوە هەر لایەنەو پڕۆژەی خۆی هەیە بۆ شاری کەرکوک،

بەڵام ئەوەی گرنگە لە ئێستادا کورد سازش نەکات لەسەر هیچ کام لەو پرۆژانە جگەلە مادەی 140ی دەستوری هەمیشەیی عیراق کە وەکو نەخشەڕێگایەک بۆ پارێزگای کەرکوک و هاوشێوەکانی بەفەرمی دیاری کراوەو یاساش پشتیوانی دەکات دەروازەیەکیترمان نیە بۆساغکردنەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان.

داعش لەبنەڕەتدا بۆلێدانی کۆی پرۆسەی دەسکەوتە سیاسیەکانی کوردستان بوو هەم لەباشوور و هەم لەرۆژئاوای کوردستان، بەڵگەش بۆ سەلماندنی قسەکەمان بەنهێنی بێت یان ئاشکرا، قسە لەسەر کۆمەکی و هاوکاری داعش کراوە بەڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ لەپشتیوانی کردنیان بەمادی و مەعنەوی، پێدانی چەک، تەقەمەنی و خۆتەسلیمکردنی سوپاو بەجێهێشتنی جبەخانەیەکی زۆر بۆ گروپی تیرۆریستی داعش لەدوای ڕووخانی هەردوو پارێزگای نەینەواو سەلاحەدین و بەشێکی دیالە و ئەنباریش، ئەوە جگە

لە چەندین پارێزگای جیاجیای دەوڵەتی سوریا و بەوەش ڕاگەیاندنی خەلافەتی دەوڵــەت بۆ ئیسلام لەژێرناونیشانی (داعش) هەموو کەس و لایەنێک دەزانێت ئەگەر ئەو نەخشەیە جێبەجێبێت خودی شام لە تێڕوانینی دوژمنانی ناوچەکە واتا سەرجەم خاکی کوردستان، کەواتە هەر درووستبوونی دامەزراوەکەو دامەزراندنی ئەو خەلافەتە بێ شیکردنەوەی هیچ رستیەک ئەوەمان بۆدەخاتەڕوو کە دووژمنێکی سەرسەخت لە بەرەدەم قاپی کوردستاندا بووەتە گورگێک و هەرساتێکیش بیەوێت پەلامارمان دەدات، گرنگ لێرەدا ئەوەیە کورد دەرک بە مەترسییەکانی هەموو جووڵەیەکی تاقمی تیرۆریستی داعش بکات کە ئەویش ئەوەیە هێنانە سەرخەتی دۆستانی جیهانی و دڵسۆزانی ئەزمونی کوردستان لە سەرانسەری دنیا فاکتەری بەهێزبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەم گردبونەوەیە لە چوارچێوەی مەنزومەی دژەتیرۆری جیهانیدا کوردیش وەک

هێزێکی پشتیوان دەرفەتێکی پێدەبەخشێت کە هاوکێشە سیاسییەکانی خۆی لە ڕابردو بۆ ئێستاو داهاتووش فۆرمەلە بکات و سەرلەنوێ دایبڕێژێتەوە بە پێی بەرژەوەندی خۆی و بە هەندوەرگرتن لە هەڵە و کەموکورییەکان.

پێویستە ئەمڕۆ سیاسیەکانی عەرەب بە هەردوو بەشەکەی سوننە و شیعەی عیراق لە تەوقی ئەو خەیاڵە زبر و پڕ دژوارە دەربازبن کە هیچ ڕێگایەک لە بەردەمدا نەماوە جگە لە دانپێدانان بەو دیفاکتۆیەو دابەشکردنی عیراق بۆ سێ هەرێمی جیاجیا، بێگومان بەرلەوەش ساغکردنەوەی یاساییانەی پارێزگای کەرکوک هەروەکو ئاماژەم پێدا بە جێبەجێکردنی مادەی 140، ئەمە ئارامی دەبەخشێتەوە بەناوچەکەو عیراق، پێویستە کورد لەئێستادا بانگەشە بۆ گردبوونەوە لە دەوری دیالۆگێکی راستگۆیانە بەچاودێری لایەنی سێیەم کە زۆر گرنگە بۆ مێژوو حوکم لەسەر ڕاستییەکان بدات ڕێگایەکە بۆ ئاسۆیەکی ڕوون و داماڵینی

عەقڵیەتی شەڕو پیلانگێڕی و بەخشینەوەی متمانەو ڕێزدانان بۆ نەوەی ئێستاو ئایندە، ئەمانە تاکە هەنگاوی ژیرانەی ئێمەبێت لەبەرئەوەی جیهان ئەمڕۆ لەڕابردوو زیاتر ڕاستیەکانی بۆدەرکەوتووە کە کورد نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و بێوەیە دەیەوێت لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروپشت بگونجێت، بەڵام ئەوە حکومەتەکانە بەردەوام لەمپەرو بەربەست و دیوار لەبەردەم سەرخستنی دۆزینەوەی چارەسەرەکانی کورد دادەنێن و لە دنیای دەرەوەشدا ئەزمونی خەباتی دەشێوێنن چۆنیان بوێت وەها دەیهۆننەوە.

گرەوی ئێمە لەم دۆخەدا بردنەوەی شەڕێکە کە ناوچەکانی کوردستانیمان بۆ دەگێڕێتەوە بە دەلیلی ئەوەی پێشتر دەوڵەتی عیراق دەیان وت کورد دەبێت بگەڕێتەوە بۆ سنووری پێش پرۆسەی ئازادی، ئەمڕۆ کورد خەبات و تێکۆشان دەکات و بەرخودانی کوردایەتی هەیە، خوێن دەڕێژێت و شەهید دەدات بۆ پاریزگاری لەو سنوورە زەوتکراوانەی مێژوو، ئیدی هیچ

پاساوێک نامێنێت بۆ گومانەکانی ناحەزان و ئـەو ڕاستیەش وەکـو ڕۆژی ڕوونـوایـە کە سنووری ئێمە سنوورێکە بەخوێن ئاو دەدرێت، کەواتە زەوی ناچێتە موزایەدەی سیاسییەوە، ئەوە حوکمی ڕۆژگارە ئێمەی بردوەتەوە بۆ سەر سنوورە حەقیقییەکانی خۆمان، بۆیە دەبێت کەرکوک بپارێزین دەنا ئەو راستییە هەیە کە ئەم شارە بۆ هەموولا لە ئێستادا یەکلاکەرەوەیە، کێ کەرکوک بباتەوە ئەوە حوکمی عیراق و بەشێک لە ناوچەکەش دەکات!!.

## منداڵ وەك جەللاد!
## تەجنیدکردنی منداڵ لەلایەن داعش-ەوە

زۆربـــەی ئـەو ڤیدیۆ و وینـانـەی کـە لـەم دوایــیــەدا لـەتـۆڕە کۆمـەڵایـەتییەکانـی وەک فەیسبوک بڵاودەکرێنەوە، ئەوە پیشاندەدەن کە هەرزەکارەکان دەخزێنرێنە نێو ریزەکانی گروپە تیرۆریستییەکانی داعشەوە. بەشی زۆری ئەوانەی کە ڕاهێنانیان پێدەکەن، منداڵن و فێری شەڕی چەتەیی و شەڕی شەقامەکانیان دەکەن. زۆرێکی ئەو دیمەنانەش لەلایەن گروپە توندڕەوەکانی داعشەوە بڵاودەکرێنەوە لە عیراق و سوریا، بە مەبەستی درووستکردنی ترس و تۆقاندن کە بووەتە کردەی ئەو گروپە تیرۆریستییە.

زۆربەی ئەوانەی کە هەڵدەستن بە کردەوەی خۆکوژی، تەمەنیان لەنێوان 14-16 ساڵانن، زۆرێک لە ڕاپۆرتەکانی میدیاکانی جیهان ئەوە

دەخـەنـەڕوو کە داعـش بـەزۆر منـداڵان دەبەنە ڕیزەکانی خۆیانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی تەمەنیان لەخوار 18 ساڵیەوەیە، ڕاياندەهێنن کە چۆن بتوانن پاسەوانی بازگەکان بن یان چۆن خۆیان بتەقێننەوە لەکاتی پێشڕەویدا. بەپێی تازەترین ئامار کە لەلایەن لیژنەی سوری بۆ مافەکانی مـرۆڤ بـڵاو کـراونـەتـەوە، 800 منداڵ لەخوار تەمەنی 18 ساڵییەوە بەزۆر تەجنید کراون بۆ ڕیزەکانی گروپی تیرۆریستی داعش.

ڕاپۆرتەکانی نێو ئەو گروپانە ئەوە دەخەنەڕوو کە داعش بۆ هاندانی منداڵان هەموو ڕێگایەک دەگرێتەبەر لەپێناوی هاندانی منداڵان بۆ خزاندنیان بۆ نێو ڕیزەکانی گروپی تیرۆریستی داعـش. کەش و هەوایەکی گونجاویان بۆ دەڕەخسێنێت لەقوتابخانەکان و مزگەوتەکان تـا کۆنگرەی خۆیان ببەستن و فێری زانستی شەڕیان دەکەن. بەشی هەرە زۆری ئەو منداڵانەش تەمەنیان 13 ساڵانە. ئەوە جگە لەوەی کە گروپی تیرۆریستی داعش هانی منداڵان دەدات دەست لەقوتابخانە و خوێندن هەڵگرن بەبیانوی جیهاد.

گرتە ڤیدیۆییەکانی ئـەم دوایـیـەی گروپی تـیـرۆریـسـتـی داعــش کـە بـڵاو کـراونـەتـەوە، ئاهەنگێکی دەرچوونی خولێکی مەشق پێکراوی

منداڵان پیشان دەدات کە چەکیان هەڵگرتووە و بەدەمامکەوە خۆیان نمایش دەکەن.

ڕاپـۆرتـی Business Insider ئـەوەی خستووەتەڕوو کە لەشەڕەکانی ئەم دواییەی ئازادکردنی «کۆبانێ»ی ڕۆژئـاوای کوردستان، زیاتر لە 30 منداڵ لە ریزەکانی داعش کوژراون لەسەر دەستی هێزەکانی پێشمەرگەو شەڕڤانانی یەپەگەو یەپەژە. ڕۆژنامەی إندبندنت بەریتانی وێنەی منداڵێکی تەمەن 10 ساڵانی تیرۆریستی داعش–ی بڵاو کردووەتەوە کە کوژراوە، هەروەها لەمانگی شوبات ڕۆژنـامـەی Independent دیدارێکی ڕۆژنـامـەوانـی لەگەڵ هەرزەکارێکی تەمەن 17 ساڵان بڵاو کردووەتەوە کە پێش ئەوەی لەکردەوەیەکی تیرۆریستیدا خۆی بتەقێنێتەوە، دەستگیر کراوە. ئەو گەنجە کە دواتر پەشیمان بووەتەوە، لەجۆری ڕەفتارەکانی پێشووی ئەوەی ڕاگەیاندبوو بۆ ڕۆژنامەکە کە زۆرێک لەهێرشبەرە خۆکوژەکان تەمەنیان لەنێوان 13–15 ساڵانن.

ئاژانسی میدیاکانی فەرەنسا ئەوەیان بڵاو کـردەوە لە مانگەکانی پێشوو کە چالاکوانانی سوریا بەچاوی خۆیان لەکانتۆنی کۆبانێ بینیویانە منداڵ کوژراوە لە شەڕەکان لەریزەکانی داعش و تەمەنیان 14 ساڵ بووە و بەچاوی خۆیان بینیویانە

4 داعش کوژراون لەو منداڵانە کە دووانیان تەمەنیان نزیکەی 14 ساڵان بوون و بەشدارییان کردووە لە هەڵمەتی هێرشی خۆکوژی، هەروەها ئەو چالاکوانانە منداڵیان بینیوە لە شاری حەلەب کە لە ڕیزەکانی داعش دابوون.

زۆرێک لە راپۆرتەکانی میدیایی و رێکخراوەکانی جیهانی ئەوەیان ئاشکرا کردووە کە چەند منداڵێک هەڵساون بەکردەوەی قێزەونی تیرۆریستی بە سەربڕینی دیل و کەسانی بیانی بێتاوان، بۆیەش زۆرێک لە ڕێکخراوە جیهانییەکان هەڵستاون بە ئیدانەکردنی ئەو ڕفتارە شەڕەنگێزانەی گروپی تیرۆریستی داعش کە منداڵ وەک جەلاد نمایش دەکات.

ماوەتەوە بڵێین ئەم ڕەفتارانەی داعش دابونەریتی کۆنی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە دەخاتەوە بیری ناوچەکە کە چۆن منداڵیان دەبردە ڕیزەکانی هێزە میلیشیا و نافەرمییەکانی خۆیانەوە، بە چەککردن و لەبەرکردنی جلوبەرگی سەربازی و هاندانیان بۆ توندوتیژی، لەکاتێکدا منداڵ دوورە لەو ڕەفتارانە و پێویستە گۆشەگیر بکرێت بە داهێنانەکانی خۆیەوە بۆ پاشەڕۆژێکی پڕشنگدارتر، نەک شەڕەنگێزی و توندوتیژی و تۆقین و تیرۆرەوە کە ئایندەی منداڵ تاریک بکات.

## کەرکوك،
## بەرمیلێ باروت بوو!!

کێ هەیە لە 90 ساڵی ڕابردوودا نەیبیستبێت کەرکوک چۆن بووەتە سووتەمەنی و گەمەی دەستی نەیاران و دووژمنان، خاوەنی حەقیقی ئەم شارە تاکو ئێستاش دەهەژێنرێت و دەخرێتە بەردەم پیلانی ژەهراوی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش کەرکوک دۆخی دەئاوسێت بە ئەندازەی ئەوەی کردنەوەی دەرگاکانی چارەسەرکردن زۆر ستەم بێت.

کێ هەیە دەستی نەخستبێتە ئەو شارە کوردستانییە، ئاخر کێ دیوویە دووژمنێکی ئەوسەری ئەوسەر لەلای خۆرهەڵاتەوە تاکو خۆرئاوای عەرەب و زۆرێکیتر لەسەر ئەم

گۆی زەوییە، کاتێک کە قسە لەسەر کەرکوک دەکرێت، ئەو دەبێتە دەم سپی و دەمڕاست لەبەردەم لێڵکردنی مێژوو، هەروەها دەیەوێت دۆسییەکان بشێوێنێت و بەرگری لەخواست و ویستی شۆڤێنیانەی بیری کۆنەپەرستی و دووژمنکارانی بەرامبەر بە کورد بنوێنێت، تاوەکو کورد لەناوچەکە بە بیری ئەوان بۆ هەتا هەتایە دەستەمۆو کۆیلەی ئەوان بێت، بێ ئاگا لەوەی کە زەمەنی ئێستا سەدەی بیستویەکەمەو ڕێگای نەجات بوون ئاسانترە بۆ هەر نەتەوەیەکی سەر ڕووی زەوی چ جا بۆ کورد کە نزیکەی 24 ساڵە خاوەنی ئەزموونی حوکمڕانی خۆیەتی و دەرگایەکی لەبەردەمدا کراوەتەوە کە دۆست و دووژمن دەرک بە هەبوونی دەکات!.

ئارەزووی کورد لەم دۆخەدا ئەوەیە کە ڕۆڵی ئاشتی بگێڕێت و لەخەیاڵدانی کورد دەستدرێژیکردنی برایانەیە بۆ هەموو چواردەوری نەخشەکەی!، ئیدی بۆ دەبێت لەبەردەم گەلەکۆمەی دەوروپشتدا بسووتێت، وەکو لە مێژوودا هەمیشە سووتاوە، ئەوەی

ئەمڕۆ ڕوویداوە لە هەناوی ڕووداوەکانی چەند رۆژی رابردووی کەرکوک پێمان دەڵێت موئامەرەیەکی گەورە هەیە لەکەرکوکەوەو دەیانەوێت دەستی پێبکەن، لەوێوە دەیانەوێت دەسکەوتەکانمان بهاڕن، ئامانجی گەورەی دووژمنانی نەتەوەی کورد، کۆی هەموو ئەزموونەکەیەتی بەو جۆرەی کە ئێستا ڕووندەبێتەوە، کە کاتێک دەبیستین لایەنی دەرەکی بەشدارە لەسەرخستنی بیری داعش و پشتیوانیکردنی داعش لە دەرەوەی سنوور، ئیدی شتێک نامێنێتەوە بۆ خۆیەکلایی کردنەوەی دۆست و دووژمن و دەبێت بەڕاست بڵێین؛ ڕاست و بەهەڵەش بڵێین هەڵە، سەردەمی موجامەلە بەسەرچووە، شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردیش عەفەویانە هەندێکجار مامەڵەی لەگەڵ رووداوەکان کردووە، بۆیە لێرەو لەوێ دەکەوێتە بەردەم رەخنەو توانج!.

کەرکوک بۆ دەبێتە بەرمیلی بارووت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە زیاتر دووژمنان دەیڵێنەوە، زیاتر وەکو ئەوەی دەبوو ئێمە

بمانوتبا!، مێژووی هاوچەرخی شارەکە لە چارەک سەدەیەکدا، ئەگەر شەنوکەوی بکەین دەبینین کورد چۆن مامەڵەی کردووە لەگەڵ ئەم شارەدا، بەڵگەی دڵسۆزیمان بۆ هەموو مەسەلەکە ئەوەیە، کە کورد کێشەی کەرکوکی خستۆەتە نێو بازنەی یاساوە!، دەیەوێت یاسا بۆی دەستەبەر بکات و بە یاسا یەکلایی بکرێتەوە، سڵ لەوەش ناکاتەوە نەک بۆ ئێستا بگرە بۆ دوا ڕۆژیش نانەوێت لە بەردەم خواستی دووژمنان و کەرکوک بە پارچەیەک لە لەشی تەواوی کوردستان دەزانێت، ئەوە نەیارەکانمان بەردەوام دەیانەوێت ئێمە بە کەرکوکەوە سەرقاڵ بکەن و هەر ڕۆژەی دەمانخەنە نێو گەمەیەکی سیاسی دریژخایەنەوە، تا کاتی پێ بکوژن و کەرکوکیش هەردەم لەمۆلەقدا ببێتە ئەو بابەتەی کەس نەوێرێت دەستی بۆ ببات.

کورد وەکو چۆن هەموو شۆڕشەکانی خستۆتە خزمەت کەرکوکەوە، ئێستاش هەموو تواناکانی بۆ کەرکوک خستوەتەگەڕو هیچ هێز و لایەنێکی ناوخۆیی و دەرەکی

و دەورووپشت ناتوانێت ئەم خواستەی کورد ساردبکاتەوە، هاتنی هێزی ڕەشی ئیسلامی بەناو داعش بۆ لێدانی کەرکوک و دەستبەسەرداگرتنی جگە لە خەوێکی خۆش بۆ هەموو پیلانگێڕان هیچیتر نەبوو.

لەشکری تیرۆریستی ئیسلامی دەیەوێت لە کەرکوکەوە پەلاماری کوردستان و ئەزموونەکەی بدات، بەڵام کەرکوک و پێشمەرگە دەبێتە بەرمیلێک بارووت و داعش و هاوشێوەکانی دەتەوقێنێتەوەو نغرۆی پەندی زەمانەیان دەکات، تا چیتر نەتوانن زاتی ئەوەبکەن سنووری کوردستان ببەزێنن، ئەو وانەیەی پێشمەرگە بە لەشکری ڕەشی داعش-یدا لە نەبەردیەکانی «مەلا عەبدوڵڵا و تەلوەرد و مریم بەگ و مەکتەب خالید» دەبێت لە ئەکادیمیای هونەری سەربازیدا بخوێندرێت، بۆ ئەوەی مێژوو شایەت بێت کە ئەوە ئێمە نەبووین هەڵبکوتینە سەر سنووری هیچ کەس و لایەنێک، بەڵکو ئەوە دووژمنانی نەتەوەی کوردبوون دەیانویست بەناوی دەوڵەتی

خەلافەتی بەناو ئیسلامییەوە کەرکوک بکەن بە دۆزەخ و سنووری کوردستانیش لەتوپەت بکەن، دەبێت رۆڵەکانی کورد شانازی بەو بەرگرییانەوە بکەن، کە پیلانێک بەڕێوەبوو لە عەقڵی مرۆڤدا نەبوو، ئەو پیلانەش وەکو ئەوانیتر ڕیسەکەیانی کردەوە بە خووری.

# سوننەکان داوای ٪46 خاکی عێراق دەکەن

سەرکردەکانی عێراق پێشنیارێک دەدەنە ئەمریکا بۆ پێکهێنانی هەرێمێکی سوننی کە 46% عێراق لەخۆدەگرێت بە دەوروپشتی بەغدادیشەوە.

لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو ئیدارەی ئەمریکا پێشنیارێکی هەندێک سەرکردە و سیاسی باڵای سوننە و سەرۆک خێڵ و چەند پیاوێکی بازرگانی سوننەیان گەڵاڵە کردووە بۆ پشتیوانیکردنی پڕۆژەی دامەزراندنی هەرێمێکی سوننی لە عێراقدا تا ئیدارەیەکی نیمچەخۆماڵی پێکبهێنن هاوشێوەی ئەزمونەکەی هەرێمی کوردستان، هەر ئەوکاتیش بەرپرسێکی عێراق ئاشکرای کرد پێشنیاری ئەم هەرێمە ناوچەکانی باکوور

و ڕۆژئـــاوای عـێـراق لـەخـۆدەگـرێـت وەکـو پارێزگاکانی نەینەوا، سەلاحەدین، ناوچەکانی باشووری ڕۆژئاوای کەرکوک، دیالە، ئەنبارو پشتێنەی بـەغـداش لـەڕۆژئـاواو بـاشـوورو باکوورەوە.

ئەو بەرپرسە بالایەی عێراق کە بەشدارە لە حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی وتی 38 کەسایەتی سوننەی عێراقی کە زۆرینەیان بەشدارن لە پرۆسەی سیاسی بەڕێوەبردنی ولاتــدا، هـەڵـسـاون بەپێدانی پـرۆژەیـەک بە بەرپرسانی ئەمریکی و وێنەیەکیشیان داوە بە »ستیۆرات جۆنز« باڵوێزی ئەمریکا لەبەغداد.

ئەو بەرپرسە ئاماژەش بۆ ئەوەدەکات کە پێشنیارەکەیان ڕاستەوخۆ داوە بە ئەمریکا تاکو پشتیوانیان لێبکەن بە دانانی هەرێمێکی سـونـی لـە عـێـراقـدا هـەروەکـو هـاوشـێـوەی هەرێمی کوردستان، ئەو هەرێمەش لە46%ی ڕووبـەری خاکی عێراق لە خۆبگرێت، ئەو شوێناش بگرێتەوە کە زۆرینەی زۆری سونین بە بێ بەغداد کە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە بە پایتەختی عێراق.

ئەو بەرپرسە بالا عیراقیە بەپێی لێدوانەکانی

بۆ سایتی »العربیه الجدید» و ئاژانسەکانیش زانیویانە کە پرۆژەکە نوسراوەتەوەو پێشکەش بە ئەمریکییەکان کراوە و هەنگاوەباشەکانی پێکهێنانی دامەزراندنی هەرێمەکەش باس دەکات، هەروەها ڕۆڵگێرانی هێزەکانی پاسەوانی نیشتمانی کەبڕیارەوایە دابمەزرێت بە ڕۆڵێکی سەرەکی دادەنێت لە پاراستنی ئەمنیەت و کۆنترۆڵکردنی ئاژاوەی تایەفی و سەقامگیری و دوورخستنەوەی دەستێوەردانی ئێران بە قسەی ئەو بەرپرسە باڵایە، هەروەها ئەوەشی نەشاردەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتی و سیاسییەکانی سوننە سەردانی ئەمریکایان کردووە بۆ وتوێژ لەوبارەیەوە، بەڵام مەترسی هەبوو لە بەربەستەکانی دراوسێکانی عێراق وەکو ئێران وسعودیا کە دژایەتی ئەو پرۆژەیە دەکەن و بەهەند وەرگرتن بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان تەمشای دۆخەکە دەکەن.

لە ڕاستیدا نەخشەی سیاسی و زەمینی لە عێراقدا لەحاڵی حازر دابەشکراوە، هەرلەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە ئەو ڕاستیە بە ڕوونی بۆ هەموولایەک ڕوونبوویەوە،

بەڵگەش بۆ ئەمە چوارخوولی پەرلەمانی و دەق و مادددە دەستوورییەکانی عێراق بەناڕاستەوخۆ ئەوەی سەلماند کە ئەم وڵاتە دەبێت سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوەو هەرلایەنە پشکی تایبەتی خۆی پێبدرێت، بەڵام ئەوە سونە بوو کە ملی بۆ ڕاستی ئەو مەسەلەیە نەدەدا و لە عەقڵدانی سوننەدا ئەوان بۆ ماوەی هەشتا ساڵ حوکمی عێراقیان کردبوو بەئاسانی ئەو ڕاستییە تاڵەیان لەبیرو ئەندێشەی خۆیان کاڵنەکردبوەوە کە ئەم عێراقی تازەیە ئەوەی بیری لێناکرێتەوە ئەوەیە کە جارێکیتر کەس ناتوانێت ئەویتر فەرامۆش بکات و خۆی بە گەورەی هەموو پێکهاتەکان بزانێت. بۆیە سوننەکان لە ئێستادا بە هۆی سەرهەڵدانی گرووپی تیرۆریستی داعشەوە ئەوەی لەماوەی نێوان 11 بۆ 12 ساڵی ڕابردووش چنیبوویانەوە لەنێوان شەوڕۆژێکدا بوو بە بلّقی سەر ئاو!، سەرکردەکانی سوننە لەنێوان خۆیاندا دابەشبوون بۆ چەندین گرووپی جیاجیاو شپرزە لە مامەڵەی سیاسی وڵات و ناڕێکی لە لێدوان و بیرکردنەوەکانیان ئاستی داخوازیەکانیان رۆژ لەدوای رۆژ

ناڕوونی پێوە دیاربوو، ئەوە جگەلەوەی کە هەر لەسەرەتادا باوەڕیان بە بەشداری لە پڕۆسەی سیاسی وڵاتدا نەبوو بە بیانووی جیاجیاو خۆپەرێزخستن لە هەموو هەنگاوێکی پێشکەوتنی وڵات بە ئەقلّیەتی ئەوەی دەسکەوتەکانی دوای 2003 بۆ پێکهاتەکانیتر کاتین!، پێچەوانەی ئەوەش ڕاست دەرچوو کە سوننە لەم بیرکردنەوەیەیان هەڵەبوون و سەرئەنجام باجی قوورسیان دایەوە کە ئێستا هەستی پێدەکەن، هەروبۆیە لەدوای 12 ساڵ دەرککردن بەدۆزینەوەی نەخشەڕێگایەک وەکو دامەزراندنی هەرێمێکی سونە مەزهەب بۆ داکۆکیکردن لە داخوازیەکانیان تاکە ئەلتەرناتیڤە بۆ هەڵسانەوەیان بۆنێو کایە سیاسەکانی وڵات.

ئەم باوەڕەی بەشێک لە سەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی سوننە ئەگەربواباو لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە بەرجەستەبوایا، بێگومان سونە ئێستا لەدۆخێکی وەکو ئەوەی ئێستا نەدەژیا کە داعش هەنجن هەنجنی کردن و دوورنیە 15 بۆ 20 ساڵیتریش نەتوانن ئەو شکۆیەی تەنانەت کە پێش داگیرکردنی

موسڵ هەیانبوو وەدەستی بهێننەوە بۆ جارێکیتر، بەڵگەش بۆ سەلماندنی قسەکەمان بەهەموو توانای سەرکردەکانی سونەوە دەیانەوێ پرۆژەی بوون بەهەرێمێکی سوونندە رزگاریان بکات لەو پاشاگەردانیەی تێی کەوتوون تەنانەت خودی باڵوێزی ئەمریکا لەعێراق نێوانگیریان ئەکات بۆ سەرخستنی پێشنیارەکەیان.

ماوەتەوە بڵێن، ئەو نهێنیە چیە سونەی عێراق لەبنەڕەتدا هیچ هەماهەنگی و بڕوایەکی بەبوونی ئەمریکاو هاوپەیمانان نەبوو لەعێراقدا تا ئەندازەی ئەوەی کە سونەکان پێڵاویان هاویشتە سەرۆکی ئەمریکا «جۆرج دەبلیو بوش»، کەچی ئێستا 180 پلە گەڕاونەتەوە بۆ ملکەچبوون و کرنووشی پەشیمانی بۆ ئەمریکا دائەنەوێن کەپێشتر بەهیچیان نەدەزانین، ئێستا داوای تیمارکردنی برینەکانی لێ دەکەن، بێگومان ئەمریکاش برینپێچێکی زیرەک و وریایە خۆی ئەزانێ کام دەرمان بداتە نەخوشێکی لەخۆبایی بوو!!.

## بۆچی تورکیا بایدایەوە؟

پێش 9ی حوزەرانی ساڵی رابردوو، پاش ئەو بەروارەش دەوڵەتی تورکیای دراوسێی سوریاو عیراق رۆڵێکی نێگەتیڤی بینی لەهەڵسوڕاندنی دۆخی ئەوساو پاشتریش کە دەبوو ئەو رۆڵە نەگێڕێ!

تورکیا ئەندامی پەیمانی ناتۆیەو یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لەهەرکوێیەک تیرۆرو تۆقاندن هەبوو دەبێت دژی بوەستێتەوە، ئەوی رۆژێ تیرۆر وەک دێوەزمەیەکی دڕندە بەرۆکی عیراقو سوریاو هەرێمی کوردستانی گرتەوە لەسەردەستی چەتەکانی داعش، ئەوەی مایەی نیگەرانی ناوچەکە بوو ساردوسڕیی تورکیا بوو بەرامبەرە بەدەستدرێژیەکانی داعش پاش

کەوتنی موسڵو دواتریش پەلاماردانی هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکی کردەییمان لەتورکیا نەبینی بەڕاستەوخۆ، ئەمەش بووە مایەی نیگەرانییەکی قوڵی لایەنەکانی هەرێمی کوردستانو عیراقو تەواوی چینو وتوێژە جیاجیاکان کە بۆچی تورکیا بێهەوڵوێستە بەرامبەر بەتیرۆر لەناوچەکەدا تەنانەت بوو بووە هاوکارو ڕێپیشاندەریان لەسنوورەکانی خۆی!

هەتا ئەودەمەی داعش فڕۆکەوانە دیلەکەی ئوردنی نەسووتاندو دواتریش ڕوویکردە دەوڵەتی لیبیاو پەلاماری دڕندانەی داعش بۆ سەر 21 هاووڵاتی میسریو سەربڕینیان بەناهەق داعش هێندەیتر کردەوکانی قێزەون بوو لەبەردەم رایگشتیو تورکیای هاوکار بەناڕاستەوخۆو راستەوخۆ یارەمەتیدەری داعش لەم ڕووداوانەدا کێرڤی پشتیوانیکردنی داعشی هێنایەخوارەوەو ڕووی راستەقینەی دەوڵەتی تورکیا لەئاست ئەو پەیوەندییە ژێربەژێرانەی لەگەڵ داعش زیاتر هەڵماڵراو ئەو وڵاتانەش (ئوردنو میسر) لەبەرامبەرە

بەو هەنگاوەکانی هاوکاری دەوڵەتی تورکیا دەستەوەستان نەوەستانەوە بەجۆرێک کە ئەوەی لەژێربەڕە بوو خستیانە سەر بەڕە، هەر بۆیە لەدواهەمین هەنگاوی دەوڵەتی میسر بەڕەسمی سکاڵایان تۆمارکردوە دژ بەدەوڵەتی تورکیا بەهۆی هاوکاریکردنی گروپەکانی ئیخوان موسلمینو کۆمەککردنیان لەبەستنی کۆنگرەو پشتیوانیکردنیان دژ بەدەوڵەتی میسر، ئەمەش دوای ئەو رووداوانە دێت کە هەموو پەیوەندییە دیپلۆماسیەکانی تورکیاو میسر پچڕاوە بەبۆنەی روخاندنی سەرۆکی لەکاربراوی میسر محەمەد مورسیو سەرلەنوێ هەڵبژاردنو دەرچوونی سیسی سەرۆکی ئێستای میسر کە بەلای دەوڵەتی تورکیاوە کودەتایەو تائێستاش شەرعیەتی بەو هەڵبژاردنە پێنەبەخشیوە.

رۆژبەرۆژ دۆخی دەوڵەتی تورکیا بەرەو گلۆربوونەوە، دەچێ بەجۆرێ پشتیوانییەکانی تورکیا بۆ داعش لەمیدیاکانی رۆژئاوا بەئاشکرا باس ئەکرێ، دۆکۆمێنتو بەڵگە ڤیدیۆییو وێنەکانی فۆتۆی جۆری

هاوکاریکردنەکانی نارەسمی تورکیا بۆ داعش تەواو وڵاتانی خستوەتە بەردەم جارێکیتر بەخۆداچوونەوە بەپەیوەندیەکانیان لەگەڵ تورکیا، دوواهەمین سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق حەیدەر عەبادیو دواتریش سەردانی جێگری سەرۆکی کۆمار ئوسامە ئەلنوجەیفیو پاشان سەردانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەیزیرانی هەرێمی کوردستان نێچیرەڤان بارزانی و وەفدەی یاوەرکەی بووە هۆی نزیکبوونەوەی تورکیا لەعیراقو هەرێمی کوردستان بەری ئەو هەنگاوانەش ناردنی دوو بارهەڵگری فرۆکەی سەربازی لەهاوکاری سەربازی تورکیا بۆ عیراقو لەناویشیاندا بۆ کوردستان کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی جۆری گۆڕینی هەڵوێستی سیاسیو سەربازی تورکیا پیشان ئەدات بەرامبەر بەدۆخی باڵانسی سەربازی شەڕی دژی تیرۆر.

ئەم ئاڵوگۆڕەی ئێستای تورکیا بەئاشکرا گەمەکە دەخاتەڕوو کە بۆچی لەسەرەتاوە تورکیا باوەڕی بەهاوکاریکردنی سەربازی

عیراقو سوریاو هەرێمی کوردستان نەبوو دژ بەداعش، ئەی ئێستا بۆچی تورکیا هەموو تواناکانی خستوەتەگەڕ لەپێناوی کەوتنی داعش، ئەو نهێنیە چییە کە تورکیا پاش شکستی داعش لەکۆبانێو ناوچەکانی دەوروبەری هەروەها دوای شکستی داعش لەهێرشەکانی شەوی 28/29ی مانگی کانونی دووەمی ئەمساڵ بۆسەر گوندەکانی مەلا عەبدوڵڵاو تەل وەردو مەکتەب خالیدو مریەم بەگ بەمەستی گرتنی کەرکوکو شکستەکانی داعش لەجەولەولا بوونە هاندەری ئەوەی کە سوپای عیراقیش لەناوچەکانی تکریت پێشڕەوی بکەن، ئەوانە هاندەربوون کە تورکیا پاشەکشە بکات لەساسەتەکانی خۆی و ڕێگەی خۆشکرد بۆ نزیکبوونەوە لەعیراقو هەرێمی کوردستانو تەنانەت لەوێشەوە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ پەیمانی ناتۆو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، تورکیا بەهاتنی وەزیری بەرگری تورکیا بۆ بەغداو پاشان هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەروازەیەک دەکاتەوە لەبەردەم پەیوەندییەکانی خۆی کە بادانەوەی

پەیوەندییەکانی تورکیامان بۆ دەرئەخات بە 180 پلە لەهەڵگەڕانەوە!

ئەم نیەتەی تورکیا ئەبێت چی بێت؟ پرسیارێکەو پێویستی بە سەد وەڵامە، ڕۆژانیتر بابەتی نوێمان بۆ دەرئەکەون کە هەرگیز بەخەیاڵماندا نایات ...باچاوەڕوان بینو لەخۆمانەوە قسە نەکەین.

## عێراق، قەیرانی بێ متمانەیی

هەرچی زووترە بەرپرسانی خاوەن بڕیاری سیاسی لەم وڵاتە دەبێت ڕێگە بۆ دروستکردنی پردێک خۆش بکەن کە ئەم قەیرانەی ئێستای تێکەوتووە بگەیەنێتە ئەو دیوی سەقامگیری! کاتێ بەر لەپرۆسەی ئازادی عێراق خەمی هەموومان ڕووخاندنی دزێوترین دیکتاتۆری سەردەم بوو هەوڵەکانمان دەخستە گەڕ بۆ هێنانەدی ئامانجە گەشەکانی گەلانی عێراق بەسەرجەم تیرەو نەتەوەکانییەوە، ئەوێ ڕۆژێ کەوتنی سەدام تاکە ڕێگە بوو بۆ هەڵسانەوەی عێراق و بەرەو ژیانێکی هەمیشە شکۆمەندی و ئاشتەوایی کۆششەکان دەخرانە گەڕ.

چیرۆکەکانی دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق پڕاوپڕن لە هەڵسانەوەو تێکشاندن! بەجۆرێ گێڕانەوەشی مرۆڤ سەرسام دەکات، هەر

لەوەرگرتنی دەسەڵاتی هاوپەیمانان و پێکهێنانی ئەنجوومەنی دەسەڵاتی کاتی و پێکهێنانی کابینەیەکی ڕاییکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و پێکهێنانی چەند کابینەیەکی وەزاریی هەموو ئەمانە دەسکەوتی مەزنن بۆ مێژووی سیاسی نوێی عێراق کە کەم وڵات هەیە لەماوەی 12 ساڵدا گۆڕانکاری وا بەخۆیەوە ببینێ، ڕەنگە قەدەری عێراق بێت کە کەوتوەتە سەرووی لای ڕاستی دەوڵەتانی نیشتمانی عەرەب و ئاوێتە بەکوردستانی گەورەو لەیەک کاتدا دراوسێی فارسی ئێرانی و تورکی تورکیایی و تێکەڵەیەک لەنەتەوە جیاجیاکان و مەزهەب و ئایینی جیاجیا، ئەم فرە تێکەڵیەی عێراق هەمیشە لەبازنەی ململانێدا گەمەی کردوەو کەس رازی نەبووە بەبەشی خۆی، هەر بۆیە چەقی ململانێکان تا هاتووە بەرەو ئاڵۆزی دەڕوا بێ ئەوەی چارەسەرێکی ڕەگی بۆ بدۆزرێتەوە کە ئەویش یان «پەیمانی لێکتێگەیشتن و بڕیاری پێکەوەژیانی هەتا هەتاییە» یان «دابەشکردنی وڵاتە بۆ چەند هەرێمێک بەویست و ئارەزوو بێ جەنگ و ئاشووب نانەوە» تا چیتر نەوە لەدوای نەوەی ئەم عێراقە نەهاڕدرێ بەسیاسەتێکی کوێرانەو سەرکردەکانیشمان با چیتر ئاسوودەبن

لەبەرامبەر بەمێژوودا، ئەم دوو ڕێگەیە هەردووکی ئاسانە ئەگەر متمانە تۆخ بکەینەوە بۆ یەکتر و گەمە بەعەقڵی خۆمان و گەلانی عێراق نەکەین!. شیرازەی عێراق بەداخەوە تا بێت بەرەو گلۆربوون و لێژی دەپسێ و هیچ ئومێدێک نەماوە بۆ پێکهێنانی ئەو متمانەیەو گەڕانەوە بۆ لۆژیکی ئەوەی کە هەیە، بەڵکو بەداخەوە دەیان پێشنیار و دەیان بانگەشەو دەیان ڕاگەیاندنی ئاشتبوونەوەی گشتی و دەیان پرۆتۆکۆل و ڕێکەوتنی فەرمی و نافەرمی و دەیان نامەی چاکسازیی و ئیمزای دووقۆڵی و سێ قۆڵی تا پێنج قۆڵی تا دەگاتە بەرزترین ئاستی ڕێکخستنی ژیانمان لەچوارچێوەی دەقی دەستووردا هەموو ئەمانە بۆچی کاری پێناکرێ لەکاتێکدا عێراق چەندین دامەزراوەی یاسایی هەیە کار بۆ ڕێکخستنی ژیانمان دەکات!؟ کاتێ دەمانگوت عێراق پێویستی بەهەموومانە دەمانزانی هەیە لەپەنای ئەو دروشمەی ئێمە دەیەوێ هەم کاڵەکخۆر بێت هەم بێستانرن! ئەو دەمانەی ئێمە لەخەمی عێراق بووین لایەن هەبوو لەململانێی هێنانی دەستی دەرەکی بوو بۆ نێو خاکی عێراق! کە ئێمە دەستمان بۆ نووسینەوەی دەستوور دەبرد تا عێراق بگاتە سەرپێی خۆی،

لایەن هەبوو سەرلەبەری دەستووری پێ ڕەفز بوو! ئەو ڕۆژانــەی ئێمە دڵسۆزانە دەچووینە پێشوازی پێکهێنانی ئەنجوومەنی نوێنەران و پێکهێنانی دەوڵەتی یاسایی، لایەن هەبوو دەکەوتە دژایەتی سەرنەکەوتنی هەموو پرۆسەکەو هەوڵی لەباربردنی دەدا، ڕێگە نەما بۆ دژایەتی کردنی ئەو دەسـکـەوتـانـەی دوای پرۆسەی ئـازادی نەخرابێتە گەڕ تا دەگاتە کودەتای ژێر بەژێر و پیلان بۆ یەکتر ڕێکخستن و دەرپەڕاندنی یەکترو سفرکردنەوەی خەباتی یەکتر لەپێناوی شکاندنی یەکتردا! ڕەنگە چارەنووسی ئەم عێراقە لەڕەگەوە وەها هاتبێ کە بێ متمانەیی هەمیشە ئەو دەردە کوشندە بووە لەسەری سەرەوە تا خـوارەوەی دووچـاری نەخۆشیەک کـردۆتـەوە کـە مێژوو ئـەوەی سەلماندووە هـەردەم دەستێک هەبووە بۆ لەباربردنی سەرکەوتنەکانی، ڕووداوە کۆن و نوێکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە عێراق هەرگیزاو هەرگیز سەقامگیری بەخۆیەوە نابینێ تا کۆک و هاوهەڵوێست نـەبن، ڕێگەی دەربازبوونی سەرکەوتنی عێراقیش چەسپاندنی متمانەیە بەیەکترو شۆڕکردنەوەشێتی بەنێو کایەکانی ژیاندا.

# بزووتنەوەکانی «تیرۆر»
# لەحەفتاکانەوە بۆ ئەمڕۆ

دەستەی ئێزگەکانی بەریتانیا (بی بی سی) زنجیرەیەک بابەتی مێژوویی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی سەلەفیەتی جیهادی بڵاوکردەوە، تیایدا بەڕوونی باس لەدەرکەوتن و شوێنی گەشەکردنیان دەکات، هەروەها چۆن توانیان بەچەند دەیەیەک پێشبکەون لەدوای هەفتاکانی سەدەی رابردووەوە تاکو ئێستا، هەر لە» محەمەد عەبدولسەلام فەرەج»ەوە تا دەگاتە سەرکردەی تیرۆریستی ئێستایان ((ئەبوبەکر ئەلبەغدادی)).

## حەفتاکان: "شۆڕشگێڕەکان"

ڕەگوڕیشەی بزووتنەوەکانی سەلەفیەتی جیهادی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەدیاریکراویش لەمیسرەوە سەرهەڵدەدات، کاتێ کۆمەڵێ چەکدار پێکهێنران بەئامانجی لێدانی ڕژێمەکانی دەسەڵاتی جیهانی عەرەبی، ئەو کاتیش نامیلەکەیەکی بەناوبانگیان دەرکرد بەناونیشانی «الفریچه الغائبه» کە وەکو ڕێنومایی وابوو بۆ ئەو بزووتنەوانە.

نووسەری ئەو نامیلەکەیە کە بەڕەگەز میسریەو ناوی محەمەد عەبدولسەلام فەرەج-ە لەنامیلکەکەیدا بەموسڵمانان دەڵێ: «زۆر پابەندن بەفەریزەکانی ئایینەوە، بەڵام فەریزەیەکی بنەڕەتیان فەرامۆش کردوە کە ئەویش جیهادە»، ئەم بیرمەندە ئیسلامیە داوا دەکات کە بایەخ بەشەڕ بدەن، دەڵێ: «دوژمن نزیکە»، لێرەدا مەبەستی ڕژێمەکانی دەسەڵاتی ئەو وڵاتانەن کە زۆرینەی موسڵمانن، داوا دەکات کە شەڕ بەرپا بکرێ دژبە دووژمنانی دەرەکی یان «دووژمنانی دوور». هەر ئەوکاتیش

کۆمەڵێک پێکهێنران لەخەڵکانی جیهادی و وەکو کودەتاچی رۆڵیان دەگێڕا، هەر ئەوەش بوو کە محەمەد ئەنوەر ساداتیان تیرۆرکرد لەساڵی 1981.

## هەشتاکان: "جیهادی ئەفغانی"

دوای ئەوەی جیهادیەکانی میسر سادات- یان تیرۆرکرد، کەوتنە بەردەم هەڕەشەو گرتن، بۆیە هەڵهاتن بۆ دەرەوەی میسر، ئەفغانستان ئەو کات باشترین شوێن بوو بۆ ئەوان، کە دواتر بووبە گۆڕەپانی جیهاد، ئەوکاتیش ئەمریکاو وڵاتانی کەنداوی عەرەبی هانی گەنجە موسڵمانەکانیان ئەدا تاکو بچن دژبە یەکێتی سۆڤێت و حکومەتی کۆمۆنیستی ئەوکاتی کابول بجەنگن.

فەتواکانی «عەبدوڵلا عەزام»ی فەلەستینی ئوردنی هاندەر بوون بۆ ئەو مەبەستە. گەنجەکانی هاندا بە «جیهادکردن فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێک، ئەگەر هاتوو زەوی موسڵمانیان داگیر کردبوو».

## نەوەدەکان: "ئەلقاعیدە"

بناغەی ناوی»القاعده« دەگەڕێتەوە بۆ وتارێکی «عەبدوڵڵا عەزام» کە لەیەکێک لەگۆڤارەکانی لەئەفغانستان دەردەچوو، بڵاوی کردەوە، بەناونیشانی: «القاعده الصلبه»، لەو وتارەدا داوای دامەزراندنی قاعیدەیەک دەکات بۆ «موسڵمانان» لەئەفغانستان، ئەوەی عەزام دەیویست، ڕێک پێچەوانەکەی بوو لەدروستکردنی قاعیدە کە خۆی لەساڵی 1989 کوژرا بەئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو، هەتاوەکو ئێستاش کەس خۆی نەکردوە بەساحێبی کوشتنەکەی، لەو ڕۆژەوە فیکرەی جیهادی جیهانی بوو، ناونیشانی سەرەکی چالاکیەکانی قاعیدە، دوای سەرکەوتنیش بەسەر هێزەکانی سۆڤێت لەئەفغانسان ئەو گروپە خۆیان پرچەک کرد.

هەندێک کەس هەوڵیاندا ئەم سەرکەوتنە بەسەر هێزە گەورەکانی دونیا بگوێزنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان، هەربۆیە شوێنە گەشتوگوزاریەکانی میسر کرانە ئامانج، هەروەها لیبیاش ئەو شەپۆلە توندڕەوەی ڕووبەڕووی بوویەوە، تەقینەوەکان گەیشتنە

سعوديا، زۆرێک لەشانەی نوستوو لەئوردن-ەوە ڕێکدەخران.

وڵاتی جەزائیر یەک دەیە ڕووبەڕووی توندوتیژی مەرگ و خوێن بوویەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی پەیوەندی بەئیسلامیەکانەوە هەبوو، کاتێ دەسەڵاتیان وەرگرت پاش بردنەوەیان لەهەڵبژاردنی سەرەتای نەوەتەکان لەو وڵاتەدا، بەڵام ئەوانەی گەڕابوونەوە لەئەفغانسان و سەرەڕای ئەوەی بەشداریشیان لەهەڵبژاردنەکە نەکردبوو، پێشتر هەڵسابوون بەپێکهێنانی گروپی چەکدار.

هەندێکیان لەوانەی لەئەفغانسانەوە گەڕابوونەوە دەیانویست هەمان ئەزمونی ئەفغانی دووبارە بکەنەوە لەشوێنانیتر، ئەوەبوو بەشداری شەڕیان کرد لەبۆسنەو تاجیکستان و چیچان.

هەردوو فیکرەی «جیهادی» و «کودەتا» لەمیسر بوون بەتەواوکەری یەکتر. لەگەڵ فیکرەکانی ئەفغانستان ئاوێتەی یەکیتر بوون. سەرئەنجامێکی نوێ هاتە ئاراوە، ئەویش «سەلەفیەتی جیهادیەکان» بوو، ئەمەش

دوای ئەوەی پراکتیزە کرا لەلایەن ئەیمەن ئەلزەواهیری بەرچەڵەک میسری و سەرۆکی ئێستای قاعیدەو سەرکردەی پێشووی قاعیدە، ئوسامە بن لادن–ی ملیۆنێرەوە.

ئیتر ئەوەبوو ساڵی 1998 بڕیاریاندا بەدامەزراندنی «بەرەی ئیسلامی جیهانی بۆ شەڕکردن دژبە یەهودیی سەلیبییەکان»، سەرەتاش ئەلقاعیدە بە«جیهادی جیهانی» دەستیان پێکرد، هەر لەوساڵەدا جیهادیەکان هەردوو باڵوێزخانەی ویلایەتە یەکگتروەکانی ئەمریکایان تەقاندەوە لەکینیاو تەنزانیا، پاش سێ ساڵیش جیهادیەکان کەشتیەکی سەربازیی ئەمریکیان تەقاندەوە لەکەنارەکانی ئاوی یەمەن.

## هەزارەی دووەم: "تەقینەوەکانی ئەیلول"

لەبەرەبەیانی 11ی سێبتەمبەر»ئەیلول»دا چوار فڕۆکەی شارستانی کە جیهادیەکان دەستیان بەسەرداگرتبوو، هێرشیان کردە سەر بینا سەرەکیەکانی نییۆرک و واشنتن–ی پایتەختی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

ئەو تەقینەوانەش بوونە هۆی کوژرانی

نزیکەی سێ هەزار کەس، دواتریش بوە مایەی هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و راوەدوونانی ئەوکەسانەی تێوەگلابوون لەو هێرشەی 11ی سێبتەمبەر.

دواتر جیهادیەکانی قاعیدە شێوازێکیتری نوێیان داهێنا ئەویش مەشقو راهێنان بوو بەلاوانی جیهادی و ناردنە دەرەوەیان لەئەفغانستانەوە بۆ وڵاتانی خۆیان بەمەبەستی هەڵسانیان بەکردەوی تەقینەوە، وەکو ئەوەی لە»بالی» ی ئەندۆنیسیا ساڵی 2203 رویدا، هەروەها «دارولبەیزا» ساڵی 2003، و «مەدرید» ساڵی 2004 ، و «لەندەن و عەمان» لەساڵی 2005.

هەروەها سعودیاش کەوتە بەردەم پەلاماری جیهادیەکان لەنێوان ساڵانی 2003 بۆ 2007 ، بەڵام دوای پەلاماری ئەمریکا بۆ عیراق لەساڵی 2003 نەوەیەکی نوێی چەکدار سەریهەڵدا کە ئەبو موسعەب زەرقاوی بەرەچەڵەک ئوردنی رابەرایەتیانی ئەکرد، هەربۆیە قاعیدە لەعیراقدا یاخود بوترێ لەبیلادی رافەدەین نمونەیەکی رادیکالایانەی لەبزووتنەوەی جیهادی دەستپێکرد.

ئەوەبوو کوشتن و سەربڕین تۆمارئەکران

و لەڕێی ئەنتەرنێتەوە بڵاوئەکرانەوە، هەروەها کردەوە خۆکوژیەکان و ڕفاندنیش، زەرقاوی لەبۆردومانێکی سوپای ئاسمانی ئەمریکا ساڵی 2006 کوژرا.

## لقەکانی "ئەلقاعیدە"

لەدوای ساڵی 2008 ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە هەڵسان بەتێکەڵکردنی هاوپەیمانێتی نوێ لەناوخۆدا، ئەوەبوو لقەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستیە لەزۆر شوێن کرانەوە، لەعیراقدا ئەم ڕێکخراوە دەناسرێ بە»دەوڵەتی ئیسلامی لەعیراق«دا.

لەیەمەن جیهادیەکان یەکیانگرت لەژێر ناوی»قاعیدە لەجەزیرەی عەرەب«، هەروەها لەجەزائیر جیهادیەکان دەنگیان بەقاعیدەدا و ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی بۆ «قاعید لەولاتانی رۆژئاوای ئیسلامی»، پانتایی چالاکیەکانیشیان فراوانکردەوە بۆ کەنارەکانی بیابانەکانی باشوور.

هەروەها بزووتنەوەی لاوانی جیهاد لەسۆماڵ پەیوەندیان بەقاعیدەوە کرد پاش کوشتنی سەرکردەی ئەو ڕێکخراوە ئوسامە

بن لادن لەپرۆسەیەکی سەربازی تایبەتدا لەساڵی 2011.

## "بەهاری عەرەبی"و سوریا

کوشتنی بن لادن بۆ قاعیدە وەک رووبەڕووبونەوەیەک وابوو بۆ بزووتنەوە جیهادیەکان، بەڵام رووبەڕووبوونەوەی گەورە بەهاری عەرەبی بوو.

ئەو بزووتنەوە خۆپیشاندانیانەی جیهانی عەرەبی کە بوونە مایەی رووخاندنی چەند رژێمێکی بەهێز لەناوچەکە وەک تونس و میسر و یەمەن ئایدۆلۆژیەتی جیهادیەکانی خستە پەراوێزەوە.

بەڵام بەرزبونەوەی دەنگی توندوتیژی لەزۆر شوێنی جیهانی عەرەبیەوە سەریهەڵدا، بەتایبەتی لەسوریا، قورساییەکیتری بەخشیەوە بەو بزووتنەوانە، سوریاش بوە ناوچەیەکی سەرنجڕاکێش بۆ جیهادیەکان لەسەرانسەری جیهانەوەو چەندین بزووتنەوەی جیهادی چەکداری لەخۆی کۆکردەوە.

ئەو رێکخراوانەش ململانێ کەوتە نێوانیانەوە بەتایبەتی لەنێوان «جبهە النصرە» کە پەیوەندیان

بەقاعیدەوە هەبوو لەگەڵ «داعش» کە ئێستا ناوچەیەکی فراوانیان لەژێر دەستدایا لەسوریاو عیراق، چەندجارێک ئەو رێکخراوانە ناوی خۆیان گۆڕیەوە، دووەم شاری گەورەی عیراقیان بەناوی موسڵ داگیرکرد لەحوزەیرانی 2014، سەرەتای بناغەی ئەم رێکخراوەش دەگەڕێتەوە بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە لەبیلادی نەهرین .

ئەو فراوانبوونەوەیەش پاڵی بەو رێکخراوەوە ناوە کە ئیعلانی خیلافەت بکەن لەوشوێنانەی کە دەستیان بەسەردا گرتوە، وێنەکانی سەربڕینی رۆژنامەنووسان، بونە مایەی ئەوەی کە سوپای ئاسمانی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بریاربدەن بەلێدانی ئەو رێکخراوە تیرۆریستیە.

لەوڵاتی میسریش بەم دواییە کۆمەڵێکی توندڕەو خۆیان راگەیاند بەناوی»انصار بیت المقدس» کە چالاکیەکانیان لەپارێزگاکانی باکووری سینا بوو، ئەوانیش پەیوەندیان بەرێکخراوی داعش-ەوە کردو پەیمانیان بۆ ئەبو بەکر ئەلبەغدای راگەیاند.

سەرچاوە: لەندن-BBC

# ڕەنگدانەوەی بیری نووسەرێکی تورك لەمەڕ کوردستان چوار ووتاری وەرگێڕدراو

## (1)
## کوردستان و ناوچە جوگرافیەکەی
نووسینی: عەلی بولاچ

یەکێک لەبەشداربوانی ئەو کۆڕبەندەی بەسترابوو بۆ هەریەک لە»ئەڵتان تان و محەمەد ئەلتان و محەمەد بکار ئۆغلۆ« لەدیاربەکر پێش دوو هەفتە لەمەوبەر پێی ووتم»بۆچی ووشەی کوردستانت بەکارنەهێنا«، منیش لەوەڵامدا پێم ووت»کوردستان لای من وەکو تورکمانستان و عەرەبستان وایە، ئەم سێ ناوە ئاماژەیەکن بۆ چەند ناوچەیەکی جوگرافی مرۆیی، ئەوەش ئەزانم

ناوچەیەکی جوگرافی هەیە ناوی کوردستانەو کوردێکی زۆری تیادەژی»، بێگومان مەبەستی ئەو کەسەش لەمانا جوگرافیەکەی نەبوو بەڵکو مەبەستی وەکو قەوارەیەکی سیاسی بوو.

بەڵام کەبیردەکەمەوە لەچارەسەر لەکۆنەوە تا ئێستا هەربریتیە لەکۆکردنەوە لەنێوان هەموو کۆمەڵە ئاینیەکان و مەزهەبەکان و رەچەڵەکەکان، ئەوەیە کەپێی ئەڵێن یەکگرتنی ئیسلامی، یەکگرتنیش زیاد لەلایەنێکی باشی هەیە.

بۆنموونە یەکگرتنیش تایبەتمەندیەکی فراوانی تەواوکاری لەسەر ئاستی هەرێمایەتی هەیە، ئیسلامیش لێرەدا ناوێک ئەبێت بۆ بیرورایەک کە بانگەشە ئەکات بۆ یەکگرتنێکی سیاسی هاوبەش لەنێوان ئایین و مەزهەبە جیاجیاکاندا، واتا مەبەسەت لێرەدا خودی ئایین نیە ئەوەندەی باوەڕداران بانگەشەی بۆ دەکەن وەهەڵسانە بەجێبەجێکردنی فەریزە تایبەتیەکانی ئایین، تەنانەت وەکو رێکخراوەکانی ماف لەسەر دەستەیەکی رێکخراوی کۆمەڵایەتی سیاسی مافەکانی رۆشنبیری و مافە سیاسیەکان دابین بکات بۆ هەمووان.

کەواتە موسڵمانان فەریزە ئایینیەکانی خۆیان رایبیدەکەن، وەهەروەها ناموسڵمانانیش ئازادی خۆیان هەیە بۆ راییکردنی سرووتی ئایینی و رۆشنبیرییان، وەپارێزگاری لەکلتووری خۆیان ئەکەن بەمەبەستی بوژانەوەی، ئەوان بەشداری ئەکەن لەیەکێتیەکی سیاسی هاوبەشدا.

بۆیە یەهودیەکان و مەسیحیەکانیش لە( رۆم و ئەرمەن و موارینەکان و سریانیەکان و...هتد) لەتورکەکان و کوردەکان  و عەرەب و فارس و زۆرێکیتر لەنەتەوەکان و ئەهلی سونەو شیعەو عەلوەیەکان ئەتوانن پێکەوە بژین و وەهەروەها بوونی خۆیشیان بسەلمێنن کەسیش دەسەڵاتی بەسەر ئەویتردا نەسەپێنێ لەڕووی سەربازی و سیاسیەوە بەبێ ئەوەی لەڕووی کلتووریەوە خۆی زاڵ بکات بەسەر ئەویتردا.

وە ئەتوانین ماڵێکی هاوبەش بونیادبنێین بۆ هەمووان لەتێڕوانینی سەرچاوەکانی ئیسلامیەوە، رژێمە ناسیونالیستەکانی کە بەچێژی دیموکراسیەکی لیبراڵەوە یاخوود سۆسیالیستیەوە ناتوانن هەموو ئەو رەگەزانە لەخۆیان کۆبکەنەوە لەژێر بنمیچێکدا، ئەمەش بەڕونو ئاشکرا دەبینرێ، رژێمە

ناسیونالیستیەکان کە خاوەنی یەک شوناسن هۆکارێکن بۆ ململانێی مەزهەبی و ئاینیی و نەتەوەیی، ئەوەش لەدوو راستیدا دەبینم، یەکەمیان:ئەو ململانێیەی کە ناوچەکە تیایدا دەژی وریاکردنەوەیەکی شوومە بۆ داڕوخانی هەموو ناوچەکە بەگشتی، وە دووەمیان:ئەم بارودۆخەی ئێستاش ناکرێ درێژە بکێشێ.

ئێمە لەئێستادا لەچوارچێوەی نموونەیەکی قەیراناوی زۆر کاریگەر دەژین مەحکومە بە زنجیرەیەک دابونەریت و شێوەی دەربڕین (paradigma)، بەڵام ئەوەی زۆر روون و مەترسیدارو وێرانکەرە لەم قەیرانەدا دۆزی کورد و ململانێی مەزهەبیەکانە، یان ئەوەتا چارەسەرێکی راست و باوەڕپێکراوی بەردەوام لەبەردەم ئەم قەیرانەدا بدۆزینەوە لەبەر ئەوەی گەلانێکین لەناوچەکەدا نیشتەجێین، یان ئەوەتا لایەنێکی دەرەکی ڕای خۆی زاڵبکات بەسەرماندا وەکو ئەوەی کەخۆی چارەسەری بۆ دابنێ.

ئێمە ئەزانین ئەمریکا لەزووەوە نەخشەی کوردستان درووست دەکات و دایدەڕێژێ و بڵاویدەکاتەوە، تەنانەت ئێستا بەئاشکرا قسەی لەسەر ئەکرێ، رۆژی 12/3/2015 هەواڵەکانی جیهان رایانگەیاند سیناتۆری ئەمریکی «راند

پاوڵ» کاندیدی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە2016 بەراشکاوی ناوی کوردی هێنا وەک یەکێک لەبەڵێنەکانی بۆ هەڵبژاردن، هەروەها ئەوەشی رونکردەوە کە دەبێت دەوڵەت بۆ کورد دابمەزرێ بواریان پێبدرێ خاوەنی دەوڵەتی خۆیانبن، لەوبارەیەوە لێدوانیداو ووتی: «نەخشەی سنووری نوێ دەکێشم لەپێناوی کوردستان و منیش پشتیوانی لەدامەزراندنی دەوڵەت دەکەم بۆیان».

هەرچەندە ئەم چوار دەوڵەتە( تورکیا و ئێران و عیراق و سوریا ) دانیبناوە بەمافەکان ئەوەی ئیسلام مسۆگەری کردوە بۆ نەتەوەکان، کاتێ کە کوردستان دەبێتە هەڕەشە بۆ یەکێتی خاکی ئەم چوار دەوڵەتە، ئەمڕۆش باس لەپەیمانی بەرپرسێکی ئەمریکی دەکرێ، کوردیش لەم قۆناغەدا ئەوەیان تێپەراند واز لە سڕینەوەی شوناسی رەگەزی و فێربون بەزمانی دایکی خۆیان بێنن، ئەوەی ئێستاش قسەی لەسەر ئەکەن ئەویە داواکانیان دەسەتەبەر بکرێ وەکو گەلێک، واتا چارەسەرێکی تایبەت بەخۆیان بۆ بدۆزرێتەوە لەناوچەکە، ئەمریکیەکانیش نایانەوێ کوردەکان دۆخێکی تایبەتیان هەبێت بەخۆیان و رزگارکردنیان بەیەکجارەکی لەکێشە

بەردەوامەکانیان، بەڵکو نەخشەکانیان بۆ دروستکردنی ئاژاوەو ململانێیە بۆ ئەوەی ئەم کێشانە سەد ساڵیتر درێژەبکێشێ لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا.

سیناتۆر «پاوڵ»یش ئەوەی خواستوە لەنیەتەکانی خۆی و دەڵێ:»ئەبێت کورد دەوڵەتی خۆی پێببەخشرێ بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆیان بکەن بەرامبەر بەجیهادی و رادیکاڵەکان، منیش لەوبارەیەوە کۆششێکی زۆر ئەکەم، نەخشەی تازەی سنووری کوردستان دەکێشم، پەیمانیان پێ دەدەم بەدامەزراندنی دەوڵەتی نوێ بۆیان، منیش گومانم نیە لەوەی ئەگەر هاتوو پەیمانمان پێدان بەدەوڵەتی تایبەتی خۆیان ئەوا شەڕ دەکەن تا دوا دڵۆپ».

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رۆژئاوا تەپڵی ئاژاوەچێتی لێ دەدەن لەنێوان گەلانی ناوچەکەدا لەناو ئەوانەش کوردەکان بەبیانووی»جیهادیەکان»..کەواتە چارەسەر چیە؟

لەوتاری ئایندەدا بەپشتیوانی خوا قسەی خۆمان دەکەین سەبارەت بە پێشنیارەکەی ئۆجەلان.

16مارس 2015

(2)

## دۆخێکی نوێ بۆ کوردەکان!

گەلانی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆر لەزووەوە توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیانیان لەدەستداوە، ئامادەبوونی رۆژئاوا لەناوچەکەدا بەتەنها بۆ پاراستنی ئاسایشی ئیسرائیل و بیرە نەوتەکان نیە، ئێمە پێویستمان بەرۆژئاوا هەیە بۆ دوو مەبەست: یەکەمیان لەبەر ئەوەی توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆمانمان پێ نیە بەتەنها، دووەمیش هەر یەکێک نەیتوانی مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات بەو هێزەی کەهەیەتی ئەو کات پێویستی بەهاوکاریەکانی رۆژئاوا دەبێت.

گەلانی ناوچەکە لەرابردوودا داوایان لەموسڵمانان دەکرد بۆ پێشکەشکردنی دەستی هاوکاری لەڕوبەڕووبوونەوەی زوولمو زۆری ئیمبراتۆریەتی بیزەنتینەیەکان و ساسانیەکان، بەو شێوەیە دەرگای قەڵاکانیان بۆ کردنەوە لەڕوویان، بەڵام ئەمڕۆ ئێمەی موسڵمانان داوای کۆمەک لەڕۆژئاوا دەکەین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زوولم لەکەسانی گۆشتو ئێسقانی خۆمانن، ئەگەر ئێمە هەر لەم دۆخەدابین ناتوانین تۆمەتەکان بخەینە سەر رۆژئاوا، وەلامیش بۆ ئەمە لاوازی ناوخۆیی خۆمانە کەڕۆڵێکی یەک لایەنە دەگێڕێ لەهەموو شتێ زۆرتر.

ناوچەکەمان خوێنی لێ دەچۆڕێ، لەکاتێکدا ئێمە ئەڵێین هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی تەواوەتی دەنێین لەیەکێک لەناوچەکاندا، کاتێ خۆمان دەبینیەنەوە لەیەککاتدا گەڕاوینەتەوە بۆ خاڵی سەرەتایی، ئەوە سەرەڕای ئەوەی چاوەڕێ بووین کە پێشکەوتنێک ببینین لەحکومەتی تورکیا کە چەند هەنگاوێکی راست بگرێتەبەر بۆ پشتیوانی گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان، لەپڕ سەرۆک ئەردۆگان-

مان لێوەدەرکەوت و دەڵێ» شتێ نیە ناوی کێشەی کورد بێت لەتورکیا!»، ئەم درووشمە شێوەیەکی بەردەوامی گرتوە هەر لەرۆژی دامەزراندنی کۆماری تورکیاوە دەوترێتەوە، دوورنیە ئەردۆگان ئەم رستەیەی بەکارهێنابێ بۆ وەستانی داچۆڕینی دەنگەکانی حزبی دادو گەشەپێدان و بەقازانجی پارتی بزووتنەوەی نەتەوەیی بەشێوەیەکی داڕێژراوتر، بەڵام کاردانەوەکانی ئەم دەستەواژانە دەتوانێ کاریگەری بکاتە سەر وتوێژەکانی خودی ئاشتی.

کەواتە نامانەوێ ئەوەی روویداوە لەرووداوەکانی هەریەک لەعیراق و سوریا دەبێت ئەو راستیانە ببینین، ئەویش ئەوەیە هەروەکو مامۆستا سەعید نەوڕەسی دەڵێ»چارەسەری کۆن مەحاڵە، یان چارەسەری نوێ یاخود پوکانەوە!».

بەڵێ، لێرەدا کێشەیەک هەیە پەیوەندی بەکوردەکانەوە هەیە ئەویش»دۆزی کوردە»، ناشکرێ نکوڵی لەم راستیە بکرێت، هەر هەموو کوردەکان سکاڵا لەڕەتکردنەوەی شوناسییان دەکەن، هەندێک لەوان دەخوازن

زمانی دایک بەکاربهێنن لەبوارەکانی فێرکردن وەهەندێکیشیان پێیان باشە قسەکردنیان بەئارەزووی خۆیان بێت، ئەو ناوچانەی کە کوردەکان لەتورکیا و عیراق و سوریا و ئێران تیایدا دەژین لەخراپترین دۆخدان لەدوو ڕووەوە کۆمەڵایەتی و ئابووری بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانیتر، حکومەتەکانی ناوەندیش بەدرێژایی سەدەیەکە ئەو ناوچانەی فەرامۆش کردوە.

ئەوەی باسمانکرد ئەو شتانەن کە ئاماژەیەکن بۆ زۆرتر لەوە، ئەشێ نەگەیشتبا بەم بارودۆخە لەوەی کە لەئێستادا هەیە ئەگەر تورکیا لەسەر ڕێچکەو ڕێبازی دامەزراندنی کۆماری بڕۆشتبا»وەک نموونەیەکی لەباری ئیسلامی کە هەر کەسەو مافی خۆی پێبدرێ»، یان هیچ نەبێت شوناسی نەتەوەی کورد رەتنەکرابایاتەوە بەر لە 20ساڵ پێش ئێستا، یاخود هیچ نەبێت دەوڵەت دانی بنایا بەهەبوونی خوێندن بەزمانی دایک بۆ کوردەکان لەماوەی دە ساڵی رابردوودا، ئێمە هیچ هەنگاوێکی دەستووری و یاساییمان نەبینی بنرێ لەوڕوانەوە، هەربۆیە

داواکاریەکان لەوبارەیەوە زیادی کرد، ئەگەرچی توێژێک هەن رازین بە راییکردن و دانانپێینان بەشوناس و خوێندن بەزمانی دایک لەو بارودۆخدا ناوچەکە دەجولێ، لێرەشدا توێژێکیتر هەن بەمانە ڕازی نابن وەکو:

أ-بەشی هەرە گەورەیان سیاسیەتی کورد دادەنێن و جێبەجێ دەکەن.

ب-نەوەیەک پەروەردە کراوە لەسەر رقو کینە دوای ئەوەی چاوی کراوەتەوە لەو کەشە پڕ ململانێی بەردەوامە کە بۆ سێ دەیە هەیە.

ج-هیزە نێودەوڵەتیەکان ئاماژە بۆ ئاسۆی تر دەکەن.

ئیتر عیراق و سوریای کۆنیش نەما! زۆر ڕونو ئاشکرا بەچاو دەبینرێ کە رژێمی بەشار ئەسەد لەماوەیەکی نزیکیشدا نارِوخێ، ئەسەد نامەیەکی پێشکەش بەکوردەکان کردوە تیایدا هاتوە» دەست لەدەسەڵات هەڵناگرم، رێکەوتنەکەشمان ئەوەی تێدا نەبوو کاتێ باکووری سوریامان بۆ بەجێهێشتن حوکمی تیابکەن» هەربۆیە ئەسەد قەسابخانەیەک دەخولێنێ بەرامبەر بەکوردەکان هاوشێوەی ئەوەی ئێستا ئەیکات، ئەوەش ئاسان نیە

و دەرگایەک دەکاتەوە بەرامبەر بەخوێنی موسڵمانان سەرلەنوێ بەناهەق.

هەرێمی کورد-یش لەعیراقدا دەوڵەتێکی فیدراڵی کوردیە، بەڵام تورکیاو ئێران توانایان نیە رێککەون لەچارەسەرکردن و سەرپەرشتیکردنی ناوچەکە، مەلایین سووری تێکشکێنران و پلیشانەوە لەژێر پێیان و ململانێ دەکەن هەریەکەیان دەیەوێ سەرکەوێت بەسەر ئەویتر، هەردووکیانیش دووچاری هەڵەی گەورەبوون بەرامبەر بەگەلانی ناوچەکە.

بەکورتی، کوردەکان داوای رەوشێکی نوێ دەکەن بۆخۆیان لەناوچەکە، ئەوان نایانەوێ لەژێر سێبەری هەتاوی گەلانیتربن، بەڵکو ئەیانەوێ بوون و ئامادەگیەکی سەربەخۆیی خۆیان هەبێت، ئەمەش مافی خۆیانە!، گومانی تیانیە کە شنەبای پشتیوانیکردنی دەوڵەت یارمەتیدەرەبۆیان، یان ئەبێت یان نابێت، بەوشێوەیەش بەشێکی گرنگ لەکوردەکان دەزانن کە هەر بارودۆخێک یارمەتیدەر بێت بەپشتیوانی رۆژئاواو ئیسرائیل بەبێ تورکەکان و عەرەب و فارسەکان ئەوەندە

بەسە کە ململانێکان درێژبکێشێ لەناوچەکە بۆ سەت ساڵیتر.

ئەی گەلانی ناوچەکە! باووشەکانمان یەکبخەین، بادەست بەگفتوگۆ بکەین لەنێوان خۆماندا، بگەڕێن نموونەیەک بدۆزینەوە تا مافی کورد هەروەکو چۆن مافی تورکی و عەرەبی و فارسی دەستەبەرکراوە بۆیان دابین بکەین بەبێ زیادو کەم، ئەگەرنا دەکەوینە بەردەم ریشەکێشکردنی  ئاین و مەزهەب و رەگەز، هەمووانیش دەتوانن گوزارشت لەشوناسی خۆتان بکەن، زمانی دایکیش لەهەموو بوارەکاندا بەکارببرێت، سەرچاوەو داهاتەکانیش بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێ لەنێوانماندا، سەرچاوەی ئەم نموونەیەش لەمێژووی ئیسلامدا هەن  بۆ ئەم بارودۆخەش دەست ئەدات.

ئێمە لەبەردەم دوو بژاردەین و سێیەمیان نیە، یان ئەبێت بەردەوامبین لەخوێنڕشتنی یەکتر هەتا رۆژی قیامەت، یان ئەوەتا گفتوگۆ بکەین لەنێوان خۆمان تا تێبگەین و بژین شان بەشانی یەکتر بۆ ئاشتی وەکو دوانەیەک!.

چوارشەممە 25 ئازار 2015

## (3)

## کورد لەگەڵ کێ دەژی؟

کوردەکان بەبێ عەرەب و ئێرانیەکان ناژین، ئەمەش لەم ساڵانەی دواییدا دەوترایەوە لە لایەن بەشێک لەموحافزکارەکانی نەژادپەرست لەتورکیاو بەشێکیتر لەهێزە نێودەوڵەتیەکان لەلایەکیترەوە.

لەڕاستیدا ئەمەش لەلایەن دوو تیمەوە دەچپێنرایە گوێیەکانی کوردەکان و پێیان دەوتن» ئێوە ناتوانن بژین مەگەر لەگەڵ ئێمە نەبێت یان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە ئێمە بۆتان دیاری دەکەین»، هەر لەو کاتەشدا تۆویی لێکترازان دەچێنن لەنێوان کوردەکان و تەواوی گەلانی ناوچەکە.

بۆیە لەڕاستیدا دەبێت رەخنە لەهەردوولای بانگەشەکەران بگرین، لەسەر ئێمەشە

پێیان بڵێن نابێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێکەوە نەژین شانبەشانی یەکتر بەو پێیەی مرۆڤەکان بوونیان هەیە لەجیهاندا، دوور لەئایین و مەزهەب و رەگەزو ڕەچەڵەک، هەموو مرۆڤ درووستکراوی پەروەردگارەو یەک سەرچاوەو بونیادیان هەیە بۆ گیان لەبەرگرتن ئەویش بەفەرمانی پەروەردگاری خوایە، کەواتە هەموو ئادەمیزاد بەشدارن لە سەرچاوەی بونیادی خۆیان، بناغەی ئەم بونیادەش بەبێ ژیانێکی پێکەوەیی ناگوێزرێتەوە بۆ بوون.

پێغەمبەری ئیسلام «دخ» لەفەرموودەیەکیدا دەڵێ:»کلکم لادم وادم من تراب»، واتا هەمووتان لەئادەمن و ئادەمیش لەخۆڵە، سیفەتی ئەو خۆڵەش رۆڵ دەگێڕێ لەوەی چەند توندبوە یان نەرم یاخود رەنگەکەی سپی یان ڕەش یان زەرد یان سوور بووە، لەتایبەتمەندیەکانیدا هیچ شتێ ناگۆڕێ، لەوەش تێدەگەین تێکەڵبوونی بناغەی پێست لەدەرئەنجامی توانای ئێمەدا نیە، بەڵکو لەئەنجامی تێکڵبوونی ئەوخۆڵە لەگەڵ یەکترو هاوسەرگیری نێوان ژن و پیاو لەهەموو رەنگوچەشنێ لەخۆدەگرێ.

جیاوازیەکانی هەرێمایەتی و کلتووری و رەگەزی و دابونەریتی کۆمەڵگاکان جیاکراونەتەوە هەر یەکەو بەشێوەیەک لەشێوەکان، بەڵام لەقورئانی پیرۆزدا هاتوە ئەم جیاوازیانە ئامرازێکن بۆ تێگەیشتنی ئادەمیزاد لەنێوان خۆیاندا هەروەها بۆ ناسینی یەکتر لەپێناوی ئەوەی پێکەوە بژین، ئەو جیاوازیەش نابێت ببێتە هۆکارێک بۆ دابڕان و ململانێی یەکتر، هەروەکو چۆن کلتوورو دابونەریت بەردەوام لەئاڵوگۆڕدایا، ئاوهاش لەیەکتریەوە شتی جیاجیا لەیەک وەردەگرن و لەو رێگایەشەوە دەوڵەندی دەکەن.

گومانی تیانیە هۆکاری سەرەکی کۆکردنەوەی کۆمەڵگا جیاوازەکان بەشێوەیەکی راست شان بەشانی یەکتر ئایین و باوەڕو بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیانە، هیچ ئایینێکیش بەقەد ئیسلام لەچوارچێوەی یاسادا مافی بەبوون نەداوە تەنانەت بۆ ئەوانەش کەلەنێو ئایینەکەدا نەبن، بێگومان نەتەوەو گەلانی جیاجیا ئەوانەی لەو ئایینەن یەکسانن، هیچ کەسێکیش لەویتر باشتر نیە جگەلەوانەی بە خواپەرستی و رەوشتی جوان پلەیان بەرزترە، بۆیە لەسەرمانە بڵێین هیچ

بەربەستێکی ئاینی نیە وا لەکوردەکان بکات لەگەڵ عەرەب و تورکەکان و فارسدا نەژین شان بەشانی یەکتر لەناوچەکەدا، بەڵکو زۆر بەپێچەوانەشەوە هەموو گەلانی موسڵمان پەیوەستن بەیەک نەتەوەو کۆدەکرێنەوە لەژێر ئاڵای پێغەمبەر محەمەد «د خ» لەقیامەت بەو پێیەی «یەکێتیەکی باوەڕو سیاسیان هەیە».

دابونەریت و هاوشێوەکانی لەلای کورد تایبەتمەندیەکی کۆمەڵایەتی گشتی خۆی هەیە لەهەمان سەرچاوەوە دادەبارێ کە گەلانیتری موسڵمانان بۆیان شۆڕدەبێتەوە، ئایا ئەبێت بیر لەدیدوبۆچوونی توندڕەوی بکەینەوە بەرامبەر بەکارەکانی ئەحمەدی خانی و سەعید نەورۆسی و ئیبن عەرەبی و مەلا سەدرا و ئەلغەزالی و ئیبن تەیمیە بەشێوەیەکی جیا جیا، بەسرووشتی حاڵ نەخێر! گومانی تیانیە کە ئێمە ناتوانین بەمەبەست بڕوانینە بۆچوونە جیاوازیەکانی زمانەوانی و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە، بەڵام ناخ و یەکێتیەکی سرووشتی تیایاندا بەدی دەکرێ لەبوچوونەکانیاندا.

ئەو زوڵم و زۆرداریەی بەرامبەر بە کورد دەکرێ لەو شوینانەی تیایدا دەژین لەو چوار

وڵاتـه جیاجیایه دەرئەنجامێکی خراپی ئەو وڵاتانـەیە، بینیمان پێشتر کە چۆن سـەدام حسێن لەهەڵەبجە بـەهـەزارانـی شەهیدکرد ساڵی 1988، بەڵام سەدام ئەو کردەوەیەی نـەکـرد لـەبـەر ئـــەوەی لـەچـوارچـێـوەی شو نا سی » مو سڵما نبو نی – عه ر بی » ، به ڵکو کردەوەکەی بەشوناسی»عەرەبی نەتەوەیی بەعسی» راپەڕاند، هەروەکو دەیان هەزار لەکوردەکان ژیانیان لەدەستدا لەتورکیا، بەڵام ئەوەی کوردەکانی دوورخستەوە لەبەدیهێنانی مافەکانیان بۆ شوناس و زمانی کوردی ئەوە گەلی تورکیا نەبوو، بەڵکو دەوڵـەت بوو کە هەوڵ دەدات تەنانەت تورکەکانیش تەتریک بکات، ئەم بارودۆخەش بەهەمان شێوە لەسەر سوریا و ئێران هەیە و مافەکانی کورد لەوێش پێشێل دەکرێن.

دوو لایـــەن ئـەبینین لـەسـووربـوونـی کـوردەکـان لەوبارەیەوە کە دەڵێن»ناتوانین بژین شانبەشانی عەرەب و ئێران»، ئەویش:

1 – نەژادپەرستە موحافزکارەکانی تورکیا: ئـەوان هـەوڵ دەدەن بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچەکە، پرۆژەیەکی هەرێمایەتی نوێیان هەیە لەژێر چاودێری تورکیا لەڕێی فیکرەیەک بەناوی

فیکرەی عوسمانی نوێوە، ئەوان ئەیانەوێ ئەم گوتارە بقۆزنەوە بۆ دامەزراندنی ژێرخانی بیری هاوپەیمانێتیەک بەناوی تورکی-کوردی-ەوە بەمەبەستی ململانێی ئێران والەعەرببیش بکەن بچنە ژێر دەسەڵاتیانەوە.

2 - هێزە نێودەوڵەتیەکان: ئەمانەش ئەیانەوێ کوردەکان وەکو هێزێک بەکاربهێنن بەناوی «جێبەجێکردنی یاسا» لەرووبەڕووبوونەوەی عەرەب و تورکەکان و ئێرانیەکان تا لەمەترسی لەدەستەبەسەراگرتنی ناوچەکە تووشی پێکدادان نەبن، ئەو گوزارشەتەی ئەوانیش هەیانە بۆ گەلی کورد ئەوەیە کە» گەلێکی شەڕخوازی عیلیمانین و هاوڕێی ئیسرائیل-ن»!.

گومانی تیانیە هەردوو ئەوبۆچوونەو پرۆژەکانی زیان بەکوردەکان و گەلانی ناوچەکە دەگەیەنێ لەلایەکەوە، هەروەها ئەو بڕوا ئایینیەی کە کوردەکان هەڵیانگرتوە و شارەزاییشیان لەمێژوو بەرژەوەندیە هاوبەشەکانیان وایان لێدەکات ناچاربن لەگەڵ تەواوی گەلانی ناوچەکە شانبەشانی یەکتر لەئاشتی و ئارامیدا درێژە بەژیان بدەن.

23 ئازار 2015

## (4)

## کانتۆن و فیدراڵیەت و ولایەت!

جەمیل بایک وەک سەرکردەیەکی ڕێکخراوی پارتی کرێکارانی کوردستان لەئاگاهی نامەیەکدا پێی ڕاگەیاندین کاتێ بۆ گۆڤاری »زەئیکۆنۆمست» قسە دەکات، تیایدا ئاماژە بۆ سێ خاڵ دەکات لەلێدوانەکەیدا:

1 - ئێمە ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی نین، هەموو زووڵم زۆرداریەکی چینایەتی یان حزبی ڕەتدەکەینەوە لەهەر کوێ بێت.

2 - نابێت سەیری ئۆتۆنۆمی بکرێ کەگوایە سەربەخۆییە، ئێمە نامانەوێ هەموو کورد یەکبخەین ئەوانەی لەتورکیا یان ئێران یاخود عیراق و سوریا دەژین و هەڵسین بەدامەزراندنی دەوڵەت بۆ کوردستانی گەورە، ئەگەر

کوردەکانی عیراقیش حەزیان لەدانانی دەوڵەتە تایبەت بەخۆیان ئەوا سەرپشکن و پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە.

3 - کوردەکانی تورکیا دەبێت رژێمێکیان هەبێت لەچوارچێوەی کانتۆن و ئۆتۆنۆمی فیدراڵی، هەر ئەمەش ڕای سەرکردەی رێکخراوەکەیان عەبدوڵڵا ئۆجەلانە، ئەشێ ئەمە نموونەیەک بێت لەسویسرای فیدراڵی یان هەر دەوڵەتێکی ئەوروپی تر.(بڵاوکراوەکانی جیهان14/2/2015)

دۆزی کورد نزیک بوەتەوە لەچارەسەری یەکجارەکی، ئەم پرسەش شێوەیەکی نوێ لەخۆی دەگرێ لەناوچەکەو ساڵانی ئایندەیەکی نزیک ئەم راستیانە بەرجەستە دەبن، گومانی تیانیە کە کوردەکان دابەشبوون بەسەر 4 دەوڵەت و کێشە بنەڕەتیەکەش ئەمە نیە، سەیری عەرەب بکەن چۆن دابەشبوون، لەنێو چەند وڵاتێدا دەژین و دابەشبوون بەسەریان! زووڵمەکەش ئەو بەربەستە نێودەوڵەتیەیە لەبەردەم کوردەکان ئەوان لەچوار دەوڵەت دەژین لەگەڵ خزم و دراوسێکانیان، لەو زووڵمەش گەورەتر ئەوەیە بەتایبەت سڕینەوەی شوناسی کورد وەکو گەلێکی

سەربەخۆ، هەروەها ناچارکردنیان بەتێکەڵکردن و ململانێی مافەکانیان بکرێ تا بەزمانی دایکی خۆیان قسە نەکەن لەشوێنە گشتیەکاندا.

ئێستا تێگەیشتین کە ئەو دۆخە بەردەوام نابێت تاسەر، ئێمە ئەمانویست کە دەوڵەتانی ناوچەکە دان بەمافی گەلی کورد بهێنن بێ ئەوەی پێکدادان درووست بێت لەنێوانیاندا، بەڵام ئەوان ئەمەیان نەکرد، هەربۆیە هێزی دەرکی هاتن و چارەسەری خۆیانیان بەسەر دەوڵەتانی ناوچەکەدا سەپاند، ئەمڕۆش دەوڵەتانی رۆژئاوا کوردەکان دەپارێزن نەک دەوڵەتانی ناوچەکە.

سەرەڕای ئەوەی کە بارودۆخەکە گەیشتە ئەم ئاستە، گومانێک لێرەدا دەمانباتە بەردەم چارەسەری هەمیشەیی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دوو هۆکارە سەرەکیە: یەکەمیان ئاسایشی ئیسرائیل و بیرە نەوتەکان، کەسەرهەڵدانی ململانێکانی موسڵمانان پەیوەندی بەم خاڵە گرنگەوە هەیە.

هۆکاری دووەمیش: ئەو مۆدێل و نموونانەن کە داسەپێنراون بەسەر ناوچەکە، ئەگەرچی نیەتییان باشە، ئەوەش دەرئەنجامی ئەزموونە

مێژووییەکانیان دەردەخات، سەرەڕای ئەوەی کە بۆ ناوچەکەش ناشێ.

ئینگلیزەکان میرنشینییان پێشنیار کرد وەک مۆدێلێک بۆ حوکمڕانی و فەڕەنسیەکانیش کۆماری و رژێمی فیدراڵیش لەلایەن ولایەتە یەکگرتوەکانەوە پێشنیارکراون سەرجەم ئەوانە نامۆن بۆ ناوچەکە، ئەو ناوچەیە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن دەوڵەتە گەورەکان و ئیمپراتۆریەتەکانەوە براوەبەڕێوە، لەژێر سایەی ئەو دەوڵەتانەشدا خاوەن ئایین و مەزهەبەکان و کۆمەڵە جیاجیاکان شان بەشانی یەکتر ژیاون، ئەوەی ئێستا رۆژئاوا پێشنیاری بۆ دەکات لەمۆدێلەکانی حوکم بۆ ناوچەکە پێشنیارێکە بۆ ریشەکێشکردنی ئایینی و مەزهەبی و رەگەزی، هەربۆنموونە رژێمی فیدراڵی سویسری کە جەمیل بایەک ئاماژەی بۆ دەکات لەسەر ئەم بڕوایە دەوەستێ »زەوی هەر نەتەوەیەک ئایینەکەیانە« بەپێی رێکەوتنی ویستڤالیا کە لەساڵی 1648 ئیمزا کراوە، کە بۆ پرۆتستانتیەکان نیە بژین لە فیدراڵیەتی میرنشینی کاسۆلیکی، هەروەها بەپێچەوانەشەوە، پاشەڕۆژی ئەو

ڕەگەزانەی کە کورد نین دەبێت چیبێت لەو کاتۆن و فیدراڵیەتانەی کە بژاردەیەک لەلایەن کوردەکانەوە پێشنیاری بۆ دەکەن؟ ئایا وەک کەمایەتیک دەژین؟ یاخود ئایا تێکەڵ دەکرێن؟ یان دەکەونە بەردەم نەشتەرگەریەکی پاکتاوی ڕەگەزی؟ بۆیە دەبێت نموونەیەک بدۆزینەوە بۆ کوردەکان تا سەرجەم مافەکانیان دەستەبەر بکەن کەپێشتر بێ بەری بوون لێی، بەڵام ئەبێت ئەوەی دەخرێتەڕوو سەرجەم ڕەگەزەکانیتر بێ بەش نەکات.

کەسێک نەبوو وتوێژێک بکات لەسەر پێشنیارەکانی عەبدوڵلاچ ئۆجەلان لەم پرسەدا وەکو پێویست، هەروەها لەتێبینیەکانی گوتارەکەیدا ئاژانسی فوراتنیوز لە3/9/2010 بڵاویکردەوە تیایدا ئۆجەلان دەڵێ کوردەکانی نیشتەجێی ڕۆژئاوا لەخەیاڵی خۆیاندا ئەگەر وتوێژبکرێ لەبارەی پرسی »ئۆتۆنۆمی دیموکراسی» حیساب بۆ ڕایەکانیان دەکات، دەڵێ» پشتبەستن بەپرۆژەی ڕەگەزی و جوگرافی»، ئەو دەگەڕێ بەدوای دەوڵەتێکی دیموکراسی، ئەگەر هاتوو پرۆژەکەی پشتنەبەستێ بەڕگەزەوە ئەو بەرگری

لەدەوڵەتی نەتەوەیی ناکات «ئەگەر هاتوو پشتیش نەبەستێ بەڕەگەزی جوگرافی ئەو پێشنیاری قەوارەیەکی هەرێمایەتی ناکات»، ئۆجەلان هەواڵی ئەوەمان پێدەدات کە هەست بەوەدەکات دەوڵەتی نەتەوەیی کە «ویبەر» باسی دەکات»قەفەسێکی ئاسنە» دەئاڵێتە ملی گەلەوەو بەندی دەکات، ئەم رژێمەش پێچەوانەی دۆخی تورکیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، ناڵێم هەر ئێستا دەوڵەتی نەتەوەیی رەتدەکەمەوە، ئێمەش ناتوانین قبوڵی بکەین وەکو خۆی، ئۆجەلان داوادەکات کە ئەوان پێشنیاری نموونەیەک بکەن نەک هەر بۆ تورکیا بەڵکو بشێ بۆ عیراق و تەواوی ناوچەکەش.

بەووردی نازانین ئەو نموونەیە چیە، رۆشنبیران و سیاسیەکان و ئەکادیمیەکانمان زۆر نامۆن بەناوهێنانی نموونەیەکی تایبەت، نەخاسمە ئەوان بەردەوام بیر لەنموونەکانی باساک و ئێرلەندا و تامیل دەکەنەوە.

گومانی تیانیە گفتوگۆکانی ئاشتی لەگەڵ کوردەکان گرنگە، لێرەدا جەماوەرێکی پانوبەرین هەیە پشتیوانی لەو گفتوگۆیە

دەکات، دووپاتکردنەوەی وەستانی خوێنڕشتن لەهەموو شتێ گرنگترە، ئالەو کاتەشدا وتوێژ دەکەین لەسەر نموونەیەک هەموو ناوچەکە بگرێتەوە، کەرۆژئاوا «پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە»ی پێبێ، ئەی ئێمە بۆچی پرۆژەیەک و نموونەیەکی هاوبەشمان پێ نەبێت؟

17ی مارس 2015

———————————————————————

* سەرچاوە: رۆژنامەی «الزمان»ی تورکی بەزمانی عەرەبی.

* تێبینی: نووسەر «عەلی بولاج» بەرەچەڵەک تورک–ە، لەڕۆژنامەی «الزمان» بەزمانی عەرەبی و تورکی بابەتی سیاسی و شرۆڤەی رۆژ دەنووسێ، ئەم نووسەرە نزیکە لەفەتحوڵڵا گویلەن–ەوە.

# حەوت مەرجی سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا
# تونس بەنموونە

**نوسینی: مونسف ئەلمەرزوق**

نــازانــم چــیــدەگــوزەرێ لــەگۆنــگــرەی رۆشـنـبـیـران لـەبـارەی تـیـرۆرەوە کەبڕیار وایــە لــەتــونــس رۆژی 12ئــاب/ئۆگــســتــس 2015 ببـەسـترێ، یـاخـود لـەکۆنـگـرەی نیشتمانی چاوەڕوانکرای مانگی ئۆکتۆبەر/ تشرینی یـەکـەم، بـەڵام من ئـەمـەوێ وەکو هاوڵاتیەک و مافپەروەر، وەبەتایبەتیش وەکو سەرۆکی پێشوو کە لەبڵندترین ئاستدابوە بۆسەرپەرشتیکردنی ئەو دۆسیەیە، ئەمەوێ ئاماژە بۆ چەند خاڵێک بکەم و هۆشداری

بدەم لەمەترسیەکانی ئەوسیاسەتانەی کە دەبنە هۆی گەیشتن بەودەرئەنجامانەی کە هەوڵەکان بۆئەوەنیە.

بۆئەوەی بگەین بەپلەیەک لەئاستی مەترسیە چارەنووسسازەکانی پرسی تیرۆر، نەک وەکو دیاردەیەک بەتەنها، بەڵکو بنەمایەکیشە بۆئاماژەی قوڵی هەڵەکانی دەروونی-رەوشت-ئابووری-کۆمەڵایەتی-سیاسی کەکۆمەڵگاکانمان پێوەی دەناڵێنن، بۆیە پێویستمان بەچەندین هەڵوستەو مامەڵەو ئاکاری تایبەتی و گشتی هەیە کەلێرەدا کورتیان ئەکەمەوە لەحەوت خاڵدا بەمشێوەیەی خوارەوە.

## یەکەم: دانانی سنوورێک بۆ گوتاری ڕق و کینە

ئەم گوتارەی ئەمڕۆ لەمیدیاکان یان لەفەزا داسەپاوەکاندا هەیە سەرچاوەی ڕاڕایی راستەقینەن لەسەر ئاشتی مەدەنیانە کەدەبێت ئەم بۆچوونە بڕوات تاکو بتوانین بەهەموومانەوە لەچوارچێوەی یەکێتی نیشتمانی ببێت بەدیوارێک بۆ

ڕووبەڕووبونەوەی مەترسیە گەورەکە، گومان لەوەدا نیە کە شەیتانی سەلەفیەکان و هەموو میانڕەوەکان و هەموو ئەوانەش کە داوادەکەن بەڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ بەرەی بەربەرەکانێی تیرۆر لاواز دەکات و هەڵیدەوەشێنێتەوە، ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرترین هۆکاری توندڕەوەی دەدات بەدەستەوە، لەلایەکیتریشەوە بۆ پاساوهێنانەوەی سیاسەتە هەڵەکانیان.

دواترین نموونەش لەسەر ئەم گوتارەو مەترسیەکانی بەئامانجگرتنی 10 پەرلەمانتار بوو لەکۆی 217 پەرلەمانتاری تونسی، کەبۆچوونی تایبەت و تەحەفوزیان هەبوو لەسەر دواهەمین یاسای تیرۆر، هەندێک لەوانە داوایانکرد کەداگایی بکرێن، ئەو خەڵکانەش داوای دیموکراسیان دەکرد، بەڵام دەیانەوێت دەنگ بۆ یاساکانی حکومەت بدەن سەت لەسەت100% وەکو ئەوەی لەژێر فەرمانی بن عەلی هەبوو.

پێش ئەوەی هێرش بکرێتە سەر پەرلەمانتاران من ڕووبەڕووی هەڵمەتێک بوومەوە کەمتر نەبوو لەوەی ئەوان،

تۆمەتباریان دەکردم بەپشتیوانیکردنی تیرۆر، منیش ئەو دۆخەم خستە ئەستۆی خۆم و سەرشانم بۆ دوا مەنزڵگەی گشت شەهیدان ئەوانەی ئەرکی پیرۆزی خۆیان ڕاپەڕند، سوپاو ئاسایش نەیاندەزانی چۆن ئەو دۆخە چەکداریە بگوێزنەوەو خۆیان ئامادەبکەن بەپێی توانا، دواتر پێیانزانی لەسەردەمی سەرۆکایەتی مندا نەخشەی ستراتیژی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لەوماوەیەدا دانرا.

تۆمەتەی هاوشێوەی ئەوانە هیچ خزمەتێک ناکات جگەلەوەی کەخزمەتە بەتیرۆرو کارلەسەر دانانی نەخشەی بنەڕەتی بڵاوکردنەوەی ترس لەناو کۆمەڵگاو لێکترازان دەکات، ئازار بەچینە سیاسیەکان دەگەیەنێ ئەوەش هەر بەیەک دووژمن دەژمێردرێ.

کێشەی گەورە لەتونس و میسرو زۆرێک لەدەوڵەتەکانمان کە دووچاری ئەم دیاردە توندڕەویە دەبنەوە بەرامبەر بەدوو ئاڕاستەی توندڕەوین: ئاینی و عیلمانی( یان لیبراڵی هەروەکو مسریەکان ئەڵێن). پێکەنینە گریاناویەکەش لێرەدا ئەوەیە کە توندڕەوەکانی هەردوولا یەکتر رەتدەکەنەوەو رقوکینەهەڵگرن

بەسیفەتی نەخۆش زۆرتـر بوغزو کینەلەدڵن بەرامبەر بە میانڕەوەکان کە ئیسلامیبن یان عیلمانی پێیان وایە جیاوازن لەمەسەلەکان، کە دوانەیەکی لەیەکگرێدراون لەئێسک و سنگدا، ناژین بەبێ دووژمنەکانیان کە دواجار پێیان وایە ئەوە دووژمنە شەرعیەت بەمانەوەو بوونیان دەدات.

ئەوان بەڕواڵەت جیاوازن لەهەموو شتێکدا، بەڵام عەقڵیان لەسەر هەمان نموونەی یەکتر بونیادنراوە، رەتکردنەوەو بەدەبەنگکردنی ئەویتر، هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی تێکشکاندن و توندوتیژی جەستەیی بەرامبەر بەیەکترو ڕاستەوخۆش بەکارهێنانی توندوتیژی زارەکی قەدەغەکراو هەنگاودەنێ بۆ ئەوجۆرە توندوتیژیانە. ئەم هەڵوێستەیان لەسەر بنەمای نەزانینێکی مەترسیدار بونیادناوە کە یەکتریان خۆش نەوێت و یەکتر رەتکەنەوەو رەقوکینە ببەخشن بەیەکتر ئەمەش وەکو بەشێک لەکۆمەڵگاو حوکمی مێژوو هەم جوگرافیا لەپاشەڕۆژیشدا درێژەی پێبدەن و زیاتر قوڵیبکەنەوە، دواتریش پەند لەفێربوونی پێکەوەژیان وەربگرین لەسایەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و رێزگرتن لەمافەکانی

ئەویتر نەک لەشەڕێکی ڕووبەڕووبوونەوەدابین کە هەرگیز کۆتایی پێنەیەت تەنها بەسەرکەوتنی تێکدان و مردن نەبێت.

## دووەم: لایەنە سیاسیەکان واز لەئاژاوەگێڕی و هەڵخەڵتاندنی پرسەکەبهێنن

هیچ چانسێک نیە بۆ درێژپێدانی ئەم شەڕە دژ بەتیرۆر وەکو ئامرازێک بۆ ڕووماڵکردنی کەموکوڕیەکان تەنانەت شکستی سیاسەتەکانی حکومەتیش لەدەسکەوتی هەلێک دەگەڕێ بۆ درووستکردنی پاڵەپەستۆیەک بۆ پشتیوانیکردنی بێ مەرجی حکومەت و وەستانی وەزیفەی سرووشتی ئۆپۆزسیۆن، ئەو هەولانەی دەنرێن بۆ تێکەڵاوکردنی دۆسیەکان بەشێکە لەفێڵکردن بەرامبەر بەیەکتر، باشترین مامەڵە تێکەڵاونەکردنە لەنێوان ئەوەی دەمانەوێت کە یەکمان بخات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی چەکداری و ئەوەی دەیبینین بەرامبەر بەبۆچوونە ئاسایی و سرووشتیەکان لەهەموو دۆسیەکانیتردا، پێچەوانەی ئەوەی کە حکومەت مەزەندەی بۆدەکات نرخی تێکەڵبوونی ئەو پشتیوانیە

دەدات و هیچیش ناخاتە سەری، هەرلەبەر ئەوەیە تێکەڵکردن لەهەموو حاڵەتێکدا فریادڕەس نابێت بەڵکو قورسترەو تەنانەت زیاتریشی دەکات.

**سێیەم: پشتبەستن بەسیاسەتی تەواو ڕووبەڕووی دیاردەکان دەبێتەوە لەهەموو ئاستەکانی پێکدادانیدا**

لەوانە بۆ ماوەیەکی کورت(سەربازی و ئاسایش، چەسپاندنی ئازادیەکان، تێکەڵکردنی چینێکی فراوان لەسەلفیەکان بەمەبەستی بەشداری لەگەمەی دیموکراسی)، بۆ ماوەیەکی مامناوەند(گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتایبەت لەوشوێنانەی فەرامۆشکراون)، هەروەها بۆماوەی درێژ(فێربوون و کلتوور لەفراوانترین مانایدا).

ئالێرەدا پێویستە بۆ درێژەدان بەباسکردن و بیرخستنەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەئاستێکدا بێت هەروەکو بەشێک لەدیاردەی شاخی بەستەڵەک، بەڵام شەڕی راستەقینە شەڕی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فیکری و بەتایبەتیش شەڕی رەوشتە.

## چوارەم: گردبونەوەی گەل

گردبونەوەیەکی بەهێز نابێت بونیادبنرێ لەسەر بنەمای ترس لەگروپە تیرۆریستیەکان و تەسلیمبوون بەدەوڵەت لەهەرچی ئەو دەیەوێت تەنانەت بۆ بێدەنگکردنی ئۆپزسیۆن و فراوانکردنی دەسەڵاتیان، پێویستە ئەو بنەمایە لەسەر قوڵبوونەوەی بەهاو مافەکانی مرۆڤ و هەڵبژاردەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بەلێبوردەیی و دەوڵەتی دیموکراسی بونیادبنرێ.

بەپێی توانای هەر ئەوەی کە گەل ئەبینێ بەچاوی خۆی و هەموو ڕۆژێکیش لەسایەی ئازادیە بینراوەکاندا دەژی داهاتەکانیش لەپێناو بەرژەوەندی هەمووواندایەو ئەو گەلە دەوڵەتی شەرعی خۆی هەیە بەپێی توانا ڕێز لەو گردبونەوە دەگرێ لەبازنەی دەوڵەتەکەو دامەزراوە شەرعیەکانی، بەوشێوەیە تیرۆر دووردەخرێتەوە لەهەر لەباوەشگرتنێکی میللی و ئەوکاتیش پاشەڕۆژی هەر پاشەڕۆژی ئەو ماسیە دەبێت کە پاشەکشە دەکات لەئاودا.

## پێنجەم: ئامادەکردنی گەل لەڕووی دەروونی و تواناوە

ئەمەش تەنها بەمیدیایەک دەبێت قوربانی بدات بەئامانجی فرۆشتنی زۆرترین تیراژو ژمارەی رۆژنامەو بڵاوکراوە وروژێنەرەکان یاخود راکێشانی گەورەترین و زۆرترین بینەر، بۆئەوەی بزانێ کە ڕۆڵی ئەو بەرزکردنەوەی متمانەی مەعنەویاتی گەل و دوورخستنەوە لەبیرکردنەوەی ترس پابەندبوون بەگوتاری شرۆڤەو ئاگادارکردنەوە لە تێکەڵبوون بەتیرۆری دەروونی و مەعنەوی هەر بۆئەوەشە مەبەستەکانی تەقاندنەوەو تیرۆرکردنە کەسیەکان.

## شەشەم: هەماهەنگی بەبێ لایەنگری

بەڵێ لەسەرمانە هەماهەنگی بکەین لەم شەڕەدا دژ بەتیرۆر، ئەو هەماهەنگیەش لەگەڵ دەوڵەتانی براو هاوڕێیانمان، بەڵام بەبێ ملکەچبوونمان لەسەربەخۆیی بڕیارو شکۆی نیشتمانیمان بەتەواوی لەسەر زەوی و ئاسمان و دەریاکانمان، ئێمە ناتوانین پابەندبین بەوەی ببین بەسەرچاوەی زانیاریەکان و دواهەمین کەسیش بۆ سوود وەرگرتن.

گرنگتر لەوە ئەوەیە بڕیارەکانی ئێمە نابێت لەژێر ترس و لێدانمان بێت بەهەر شێوەیەک لەشێوەکانی تیرۆر لێرەو لەوێ، لەبەر ئەوەی ئەگەر دوورخراینەوە لەم جۆرە هەڕەشانەو بەشێک لەسیاسەتەکانیشمان لەسەر ئەوبنەمایە بونیادبنێین بەو شێوەیە ئێمە بەشێک لەسەربەخۆییمان مسۆگەر دەکەین بەبێ ئەوەی پێویستمان بەهیچ کەسێک بێت تەنانەت لەوەشی کە داوامان لێدەکەن.

## حەوتەم: بەهای بردنەوەی ئەم شەڕە

ئەگەر وای دابنێین گریمان یەکەمین سەرکەوتنی تیرۆریستان جێبەجێ بووبێت لەدژمان کە ئەویش بڵاوکردنەوەی ترس بێت لەنێوان ریزەکانی گەلان و بڵاوکردنەوەی جیاکاری لەڕیزەکانی چینە سیاسیەکاندا، کەواتە دووەمین سەرکەوتنی ئەوان بەجێبیدەهێنن ئەوەیە لەمامەڵەکردنمان جیاوازیەکی ئابروبەرمان هەبێت لەگەڵ ئامانج و باوەڕماندا.

بەڵێ لەمرۆدا من هەروەکو ئەوەم لەنەوتەکانی سەدەی رابردوو زۆر سەرقاڵم

بەبارودۆخی ناوخۆی بەندیخانەکان و ئەو گیراوە زۆرەی بەلێشاو هەن بەدرێژایی ئەو ماوەیەش چاوەڕوانی دادگاکانن و زۆربوونی سکاڵاش لەدژی ئەشکەنجەدان هەیە.

بەدرێژایی سەرۆکایەتیم، خوا شایەتە و هەموو ئەندامانی دانیشتنەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییش شایەتن، وریام کردونەتەوە لەهەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی تاوانکاری و ئەشکەنجەدان بانگێشتی هەموو چالاکەوانانی بواری مافەکانی مرۆڤم کردوە لەپێناوی خستنەڕووی هەر دۆسیەیەکی گرنگ تا ڕاستەوخۆ خۆم سەرپەرشتی بکەم.

سەرلەنوێ، من دژی سزای لەسێدارەم لەیاسای تازەدا، پێویست بوو لەسەر تونس نزیک بێتەوە لەڕیزەکانی هەموو ئەو وڵاتە پێشکەوتووخوازەکان کە ئەو سزا دیمۆگیایەیان هەڵوەشاندوتەوە کە دوورە لەمرۆڤایەتی لەبری گۆڕین و فراوانکردنی پانتایی ئەم بڕیارە بۆ حەقدە حاڵەت، هەر ئەوەش بوو کە بن عەلی خۆی لێ گێلکردبوو لەیاسای ساڵی 2003.

کەی خەڵک لەوەتێدەگەن لەمیسر جێبەجێکردنی ئەو سزایە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ جگە لەوەی کە گیرانەوەی قورەێکە بۆخۆیان، بەندیخانەکانیش پڕن لەبێتاوان و خراپی مامەڵەش لەگەڵیاندا دەبێتە مایەی ئەوەی کە قوتابخانەکان بەتاڵبن و تیرۆریستانیش شەڕیان بکەین.

سەبارەت بەبەندیخانەکانیش هەموو 10ی دیسمبەرێک/کانونی یەکەم هەڵدەسام بەسەردانیکردنی بەندکراوان ئەمەش پەیامێکی روون بوو بۆ بەڕێوەبەرانی بەندیخانەکان کە من چاودێری بەندکراوان دەکەم و ئاگام لەدۆخی ئەو دامەزراوانە هەیە لەبەر ئەوەی خۆیشم پێشتر بەو قۆناغانەدا رۆیشتبووم. ژمارەیەک لەپرۆژەکانم کە بەخت یاوەرم نەبوو جێبەجێکردنی چاکسازی ریشەیی بوو، هاوڕێیەکی فەرەنسیم راسپارد بەناوی دکتۆر «ئەنتوان لازروس» کە یەکێکە لەگەورە پسپۆرانی چاکسازی بەندیخانەم هاوکاریم بکات لەپێدانی پێشنیار کە بەدرێژایی سێ دەیەی ساڵ خاوەن ئەزموون بوو لەو بوارەدا.

هەروەک بڕوام وابوو ئێستاش وایە

پلەی پێشکەوتووخوازی لەهەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەندی بەمامەڵەی مرۆڤدۆستانەوە هەیە لەگەڵ پێکهاتە بێدەسەڵاتەکانیان کە ئەوانیش بەندکراوەکان و پەکەوتەکان و وکەمایەتیەکانی رەگەزی و ئایینی و سیاسیەکانن.

**لەکۆتاییدا:**

ئێمە شەڕ لەگەڵ تیرۆریستان دەکەین باوەڕمان وایە بەباشترکردنی پرۆژە کۆمەڵایەتیەکانمان بەسەر پرۆژەکانیان، ئێمە دەمانەوێ سەرلەنوێ بینای دەوڵەت و کۆمەڵگا بکەینەوە لەسەر بنەمای ڕێزو مافەکانی مرۆڤ و فراوانکردنەوەی پانتایی ئازادیەکان و یەکتر قبوڵکردن و فرەیی و کۆششکردن بۆ تێکەڵکردنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگا لەناویاندا پێکهاتەی ئتنی لەچنینەوەی نیشتمان سەرەڕای جێبەجێکردنی زۆرترین توانای هەمانە لەئاشتەوایی مەدەنییانە .

ئەگەر هاتوو لەم ئامانجانە دەرچووین و یەکترمان رەتکردەوەو خیانەت و تاوانمان خستەپاڵ یەکتر ئەوانەی کە بەرهەڵستکاری

یاساکانی تیرۆرن یاخود خاوەنی ریشی درێـژن، وەئەگـەر وتمان بۆمەبەست ئەو ئامرازە بەکاردەهێنن، ئەگەر بەلۆژیکیش بێت ئەوەمان قبوڵکرد کە «سوورکردنەوەی هێلکە بەبێشکاندنی نابێت» هەوڵێکە بەرەو نائومێدی. کەواتە دەبێت وریابین لە یاسایەک کە فرۆید دەڵێت: تۆ لەگەڵ دووژمنێک شەڕ دەکەیت بۆ ماوەیەکی درێـژ سەرئەنجام تۆش هەروەکو ئەوی.

پێویستە وریـابـیـن بـەهـەمـوو شێوەیەک بۆ ئەوەی ئەم پەتای ئازارەو پێویستیەکانی بەسەرماندا زاڵ نەبێت بۆ ئەوەی وەکو یەک کۆتاییمان پێنەیەت لەگەڵ دووژمنەکانماندا لەبەر ئەوەی پرسیار لێرەدا ئەوسەیە: چیمان چنیەوەو کۆمەڵگاش چی چنیەوە لەخەباتی ئێمە ئەگەر هاتوو ئەمە ئەنجامەکەی بێت؟.

کـێ ئـەوە نـازانـێ کـە ئـامـرازەکـانـی سـەرهـەڵـدانـی تـیـرۆر زوولـمـی کۆمەڵگاو ئـابـووری و سـەرکـوتـکـردنـی سیـاسـی و هەڵوەشاندنەوەی بەهاو سڕینەوەی شوناسە، ئـەگـەر ئـەوەی نـەزانـی ئـەوەش نـازانـێ کە هەڵەکان چارەسەربکات، لێرەدا ووتەیەکم

بیرکەوتەوە»چوەناویەوەو کوێری کرد».

ئەترسم زۆر ئەترسم بەتایبەتی لەسایەی بارودۆخی تێکچوونی ئابووری-ئەوەی ئێمە بەتایبەتی رووبەڕووی دەبینەوە کاتێک دەبینم:

- ریزبەندکردنی تۆمەت بەخشینەوە بەمەبەستی سەختکردنەوەی بارودۆخ بەتایەتی لەناو چینی ساسیەکاندا.

- هەلی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی ئۆپزسیۆن و هەڕەشەلێکردنیان بەمەبەستی قەدەغەکردنی گێڕانی رۆڵیان.

- پروپاگەندە بڵاوکردنەوەی رقوکینە و رەتکردنەوەی ئەویتر نەک تەنها دژ بەتیرۆریستان بەڵکو دژی بەشێک لەکۆمەڵگاو بەشێکیش لە چینە سیاسیەکان کە ئەوان کوێرانە ناکەونە دووی گوتارە داسەپاوەکان.

-خولقاندنی گشت بارودۆخێکی خوودی و بابەتیانە لەناو بەندیخانەکان بەئاشکرا بۆ هەڵوەشاندنەوەی تیرۆر ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە زاڵ بین بەسەر تۆوی هەژاری و نەزانین.

- ترساندنی هاولاتیان و درۆکردن لەگەڵیان(درووشمی تیرۆر کاتیە) لەسەردەمی هەڵمەتی ئەم دوایەی هەڵبژاردنەکانی تونس.

- فراوانکردنی بەخشین بەهاوڵاتیان لەبری ڕەحمپێکردن.

ئەوەم دێتەوە یاد کە لەهەڵمەتێکی زۆر دڕندانەدا لایەنگرانی ڕژێمی کۆن و توندڕەوە عیلمانیەکان لەیەکەم گوتارمدا لەبەرامبەر بەئەنجومەنی دامەزراندن کاتێ ووتم ڕۆڵی دەوڵەتی دیموکراسی ئەوەیە ڕێز لەباڵاپۆش و سفوور وەکو یەک بگرێت.

قیامەت هەڵسا بەرامبەر بەدوا قسەم هەروەکو وتبێتم بەدرەوشت لەبری سفوور، مەبەستیش لەپشتی ئەو هەڵمەتەوە ئەوەبوو کە باڵاپۆشی مافێکبێت ڕەتبکرێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی دەموچاویان دادەپۆشن، ڕاستیەکەشی ئەوەیە کە ئەم بابەتە لەسەرەتای مافەکانی هەر کەسێکە.

هێرشێکی زۆر دڕندانەشم کرایە سەر کاتێ پێشوازیم لەسەلەفیەک کرد و داوام لەشێخ ئەلبەشیر بن حەسەن کرد کە هەڵسێ بەووتنەوەی وانەیەک لەکۆشکی سەرۆکایەتی لەبارەی سەلفیەت، هەموو سیاسەتی من ئەوەبوو کە بتوانم زۆرترین کەس ڕابکێشم لەو ڕەوتە بەرەو ئامێزی شارستانی و

دیمۆکراسی و کرنەوەی ئەو گرێیانەی نێوان زۆرینەی ئاشتیخوازان و کەمینەی توندڕەوی، پێویستە ئەو ڕاستیەش بڵێم کە بەشێک لەسەلەفیەکان تێکەڵاوی پرۆژەکە بوون کە مایەی ڕێزن بەتایەبتی ئەوانەی توندوتیژیان رەتکردەوە.

ئەوەی ئێستا ئەمترسێنی لەدیدو بۆچوونی دەسەڵات و چینێک لە»رۆشنبیران« هەڵگری سیاسەتێکی پێچەوانەن، ئەنجامەکەشی بەبێگومان پاڵنانی ژمارەیەکی زۆری سەلەفیە میانڕەوەکانە بەرەو ئامێزی توندڕەوی، بەدرێژای تەمەن ئەمە سیاسەتێکی خۆکوژیە بەهەموو مانای ووشە.

پێویستە لەسەرمان هەوڵبدەین بەهەموو شێوەیەک کار لەسەر کلتووری لێبوردەیی و راسترەوی بکەین، لەسەرمانە دیالۆگ قوڵبکەینەوە بەمەرجێک ئەو دیالۆگە پاکبێت ئامانج تیایدا سەرکەوتن بێت بەسەر تیرۆر نەک یەکلاییکرنەوەی حیساباتی تایبەت دژ بەسیاسەتی بەرامبەر، ئەم جۆرە سیاسەتەش هاوکاردەبێت لەچارەسەرکردنی ئەو نەخۆشیە بڵاوە بەلای کەمەوە.

بـێـگـومـان پـێـویـسـتـه پـشـتـیـوانـی لـەدامـەزراوەکـانـی ئـاسـایش بکـەیـن بەبێ دەستکردنەوەیان و لەهەمانکاتیشدا پێویستە چاودێریان بکەین لەکارەکانیان تاکو لەیاسا دەرنەچن، لەوەش گرنگتر قۆڵی لێهەڵماڵین بۆ چاکسازیە سەختەکان لەبوارەکانی فێرکردن و رۆشنبیری و دادگای زاڵمانەو رووبەڕووی گەندەڵی و گەشەپێدان لەهەموو ئەو لایەنانەی کە خزمەتیان بۆنەچوە، ئەگەر ئەمە نەکەین وەکو ئەوەیە چارەسەری نەخۆشی شێرپەنجە بکەین بەگژوگیاو سەلاوات لێدان!.

درووود بۆ هەموو شەهیدەکانمان ئەوانەی تیرۆر تەمەنیانی هاڕی، درووود بۆ گیانی ئەو شەهیدە منداڵەی کە تیرۆرستان بەو شێوە دڕندانەیە کوشتیان بەمەبەستی بڵاوبوونەوەی تـرس و دڵـەڕوکـێ، ئـەمـە هیچمان لێنکات جگە لـەوەی سوورترمان دەکـات بەرامبەر خۆهەڵواسینمان بۆ ژیـان و پاشـەڕۆژێکی گەشتر.

سەرچاوە: تونس اليوم 10/8/2015

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیستڕۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سرییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس - بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی - بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵلا | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشرەو محەمەد | | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گرگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی رەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشرەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵلا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |
| 137 | مارکس و رەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تێۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژموونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و رێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان رەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | رامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە روانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 194 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 195 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 196 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 197 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 198 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 199 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 200 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 201 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 202 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 203 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 204 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 205 | جەنگی سارد | شاناز رەمزی هیرانی | 2017 |
| 206 | سیخوڕی و دژە سیخوڕی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 207 | بیرەوەریی هەواڵگری | کارناس جوبرائیل | 2017 |
| 208 | هەواڵگری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | ئاران عەلی | 2017 |
| 209 | ئاییندەی کاری هەواڵگری لە سەدەی بیست و یەکدا | رەوەند هەورامی | 2017 |
| 210 | ئەرکی سیخوڕانی نهێنی | ئاسۆ حەسەن | 2017 |

iDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە